

# ئیسماعیل بێشکچی؛

# بیرمەند، کۆمەڵناس و دۆستی گەلی کورد

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست:


١- کورد و کێشەی کورد لە یادداشتەکانی ئیسماعیل بێشکچیدا................................ وەهاب حەسیب محەمەد ..... ٤

٢- وتوویژ لەگەڵ ئیسماعیل بێشکچی........................................ سازدانی وتوویژ: محەمەد عزەدین ..... ١٤

٣- کونە ئیمپرایالیستییەکە سەدەی ٢١ سەدەی هیوا بۆ کورد.................................................. رووداو ..... ٢٧

٣- ئیسماعیل بێشکچی بۆ گوڵان: ویست و ئیرادەی کورد بڕیاری دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەدات نەک هێزی ناوچەیی و نێودەوڵەتی...................................................................................... گوڵان میدیا ..... ٣٥

٤- ئیسماعیل بێشکچی بۆ خەڵکی کوردستان: لە گشتپرسی دەنگتان بەڵێ بێت................................ رووداو ..... ٤٣

٥- ئیسماعیل بێشکچی: ئەوەی داهاتوی دروستبونی دەوڵەتی کوردی دیاری دەکات خواست و یەکگرتویی کوردە............ ................................................................................................. کوردستانی نوێ ..... ٥١

٦- مەلا مستەفا بارزانی کاری کردووە کە کورد وەک سیمرخ لە خۆڵەمێشی خۆیەوە ژیان دروست بکاتەوە.................... ..................................................................................................... ئازاد ئاڵتون ..... ٥٧

٧- کاتێک لایەنەکان پەنا دەبەنە بەر یەکگرتنەوە و کۆدەنگی، کە لە کارەساتی پارچەکردنی کوردستان تێگەیشتن......... ................................................................................................. کوردستان ٢٤ ..... ٦٥

٨- ئیسماعیل بێشکچی: بەدەپە دەبێ دانوستانەکان بەڕێوە بەرێ نەک ئۆجەلان......... سازدانی: عیرفان ئاکتان ..... ٧٢

٩- وتوێژێک لە گەڵ ئیسماعیل بێشکچی............................................................ گولای ئاڵتان ..... ٨٠

١٠- ئیسماعیل بێشکچی: مەرجی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی ویستی کوردە بۆ سەربەخۆی و هەڵسوکەوتکردنییەتی بە گوێرەی ئەو ویستە...................................................................................... رۆشنا عەلی ..... ٨٧

١١- گەشتەکەی ئیسماعیل بێشکچی لە باوەڕەوە بۆ زیندان.......................................... نەجات نوری ..... ٩١

١٢- بێشکچی، قەڵەمێکی ئازا و ئازاد!.......................................................... خەلیل عەبدوڵڵا ..... ٩٥

١٣- چوار کتێبی ئیسماعیل بێشکچی بە کوردی بڵاودەکرێنەوە............................................. رووداو ..... ٩٩

١٤- ئیسماعیل بێشکچی "کوردناس" (١٩٣٩).......................................................ماڵپەری خۆرهەڵات ..... ١٠٢

١٥- زانکۆی سەلاحەدین بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بەخشیە بیرمەندی گەورەی تورک ئیسماعیل بێشکچی....................

.............................................................................................. زانکۆی سەلاحەدین ..... ١٠٥

١٦- ئیسماعیل بێشکچی بۆ رووداو: ئێستا کاتی سەربەخۆیی کوردستانە.......................................... رووداو ..... ١١٠

١٧- ئیسماعیل بێشکچی: کوردستان پۆلۆنیای رۆهەڵاتی ناوەڕاستە.................................... کوردستان ٢٤ ..... ١١٣

١٨- ئیسماعیل بێشکچی: ئەو گۆڕانکارییانەی لە جیهان ڕوو دەدەن، سوودیان بۆ کورد دەبێت..................................

...................................................................................... ماڵپەری پارتی دیموکراتی کوردستان ..... ١١٦

١٩- دکتۆرای فەخری دەبەخشرێتە ئیسماعیل بێشکچی.............................. وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم ..... ١١٩

٢٠- پەیکەرێک بۆ ئیسماعیل بێشکچی دادەنرێت........................................ ماڵپەڕی PUK media ..... ١٢١

٢١- کورد لۆجیاو بێشکچی.................................................................. بورهان شێخ ڕەئوف ..... ١٢٣

٢٢- کوردەکان و مافی گەلان بۆ بڕیاردانی ئایندەی خۆیان ....................... لە ئینگلیزییەوە: سابیر کەریم ..... ١٢٧

٢٣- دوکتور ئیسماعیل بێشکچی: دوکتور قاسملوو ئابووریناس و رووناکبیرێکی مەزن بوو........................................

............................................................................................ هەڤپەیڤین: ئازاد کوردی ..... ١٤٢



# کورد و کێشەی کورد لە یادداشتەکانی ئیسماعیل بێشکچیدا






وەهاب حەسیب محەمەد

"بێشکچی کێیە؟"

بیرمەندو کۆمەڵناسێکی تورکە ساڵی 1939 لە ولایەتی جوروم لە دایک بووە، ساڵی1967 لە زانکۆی ئەتاتورک لە زانستە ڕامیاریێکان بڕوانامەی بە دەستهێناوە، خزمەتی سەربازی لە ناوچەکانی بەدلیس و هەکاری تەواوکردووە، لەو ڕێگایەوە ئاشنا بووە بە کوردو مەزلومێتی نەتەوەی کورد، ساڵی 1971 لە کۆلێژی زانستە ڕامیاریێکانی زانکۆی ئەنقەرە وەک مامۆستای یاریدەدەر دەستبەکاربوە، دواتر بۆ کاری نووسین لێکۆڵینەوە ژیانی تەرخانکردووە، لە پێناو دۆزی کورد و

کێشەکەی چەندین کتێبی نووسیوە و 17 ساڵیش بەندکراوە، جۆرەها ئازاری چەشتووە و لە چەندین بەندیخانەی وڵاتەکەی حەپسکراوە.

## زانست و ڕەخنەی ئازاد و ئایدۆلۆژیا

زانست پێڤاژۆیکی هزریە، میتۆلۆژیا، میتافیزیک، ئاین، هونەرو ئەدەبیات وەک ڕێکارێکی زانستی پەسەند دەکرێت، چونکە لە مێژووی گەشەسەندنی کۆمەڵگاکان، سروشتی مرۆڤایەتی، دیرۆک، کۆمەڵگا مرۆڤایەتێکاندا دەبینرێت، بە مشێوەیە بێشکچی بیروباوەڕی لە مەڕ زانست ئاشکرا دەکات، بەڵام کاتێک باسی کۆت و بەندی ئازادی دەکات دەنووسێت "زانست تەنها لە دۆخێکی ئازادی بێسنووردا دەتوانێت ئەرکی خۆیی جێبەجێبکات"

لەو کۆمەڵگایانەی قەدەغەی بیرکردنەوە بە دامەزراوەی کراوە و یاساخەکان ڕۆڵیان لە دیاریکردنی سیستمی سیاسیدا هەیە، زانست لەوێدا بە هیچ شێوەیەک خونچە ناکات و توانای کرانەوەی نابێت. لە درێژەی نووسینەکەیدا دەنووسێت ئازادی ڕەخنەگرتن تەنها سوود بە زانست ناگەیەنێت بەڵکو پایەیەکی گرنگی ژێر خانی دیموکراسیش پێکدەهێنێت. لە بارودۆخێکی لەمشێوەیەدا ئیسماعیل دەستی بەنووسین کرد و بەرگری لە کورد و دۆزەکەی کرد، دواتر زوو لە زانکۆ شار بە دەرکرا و جۆرەها دۆسیەیان لە مەڕ چالاکی نووسینەکانی لە دادگاکانی وڵاتەکەیدا بۆ کردەوە. لە وەها بارودۆخێکدا نەتەوە پەرستەکانی تورک باوەڕیان وابوو ئەگەر هەزار ڕوناکبیری کورد لە ناوببەن ئەوا دۆزی میللەتەکە سی ساڵ پاشەکشە دەکات.

بێشکچی ئاواهی باس لە بیروباوەری دەکات، لە بری ئەوەی گوێڕایەڵی دەوڵەت و باوەڕە فەرمێکان بم، زیاتر پابەندی زانست و ڕێکارەکانی بووم، کورد یەکێک بوو لە کێشە بنچینەیەکانی تورکیا، ئەو ئاریشەیەی کەس خۆیی لە قەرەینەئەدا، لە هەمبەریدا چاویان دەنوقاند، بەڵام من پرسی کوردم بردە ناو زانکۆکان.

## زمانی ئەو خاکەی نەچووە ناو پاسپۆرتەوە

لەم بەشەدا دەنووسێت: لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 1962 تا تشرینی یەکەمی 1964 خزمەتی سەروازیم تەمام کر، بەهاری ساڵی 1963 بەشێک لە بەتالیۆنی هێزەکەم گوێزرایەوە بۆ ناوچەی شەمزینان، منیش لە ناو ئەو بەتالیۆنەدا پلەی جێگری ئەفسەرم هەبوو، لەو سەردەمەدا کوردەکان بە ڕابەرێتی مەلا مستەفا لە ناوچە سنورێکان دژ بە حکوومەتی ئێراق لە جەنگدا بوون، حکوومەتی ئێراق گەرەکی بوو ئەوان لە سەر توخوب توندبکات.

لە درێژەی نووسینەکەیدا دەنووسێت: بەیانیەکی زوو بەرەو شەمزینان دەستمان بە جوڵەکرد تاگەیشتینە نەهری، پاشان لە درێژەی گەیشتەکەیاندا دەگەن بە ناوچەی ڕووبارۆک، لەو ڕۆژگارەدا جیاکردنەوەی سنوور زۆر جێگیرو دیار نەبوو، بۆ جیاکردنەوەی توخوبی ئێراق و تورکیا بە درێژایی چەندین کیلۆمەتر هەندێک تاشە بەردی گەورە دانرابوو، لە بێ ئاگایی خۆمان سنوورمان بەزاندبوو، تووشی کۆمەڵە کەسێک بووین ئەوان دەیانویست هەندێک چشتمان پێ بڵێن: بەڵام من هیچ تێ نەدەگەیشتم، لە ناو سەربازەکان برادەرێک خەڵکی قارس هاتە پێشی و گووتی: جەنابی جێگری ئەفسەر دەتوانم قسە بکەم، بە وەڵامەکەی شاگەشکە بووم! لە وەڵامدا گووتی: دەڵێن ئێوە سنورتان بەزاندووە، ئەوانیش پێشمەرگەن، دواتر ئێمەش گەڕاینە دواوە. ڕووداوەکە بۆ من مایەیی سەر سڕمان بوو، چونکە دەنگۆ و گەنگەشەیەکی زۆر لە تورکیا بڵاو دەکرایەوە کە کورد تورکن، زمانێک نییە بە ناوی کوردی، ئەوان گەرەکیانە زمانی تورکی بشێوێنن، بۆیە بەو شێوازە دەپەیڤن! میدیای تورکی پڕو پاگەندەی زۆری بڵاو دەکردەوە، لە ناوەندەکانی ئەکادیمیا و زانکۆش باوەڕیان پێ دەکراو بڵاودەکرانەوە.

## توێژینەوە سەرەتاییەکان

ساڵی 1963 بەردەوام بووم لە خزمەتی سەربازی، ڕێگای نێوان شارەکانی بەدلیس و تاتوان بەناو فەوجەکەی ئێمەدا تێپەڕدەبوو، ڕۆژێک لە تەک سۆری سپێدە بینیم دەستەیەک ڕەوەند بەرەو "تاتوان" ڕێگا دەبڕن، لە کاتی تێپەڕینیان سەرنجمدا بە ئاگاهی فەرماندەکانیان چەند سەروازێک دوو سێ مەڕیان لە مێگەلەک بۆ سەڕیرین دابڕی، شوانەکان ئاگاداری کارەکە بوون کەچی خۆیان نەبان کردو دەنگیان نەکرد.

ساڵی 1964 لە خزمەتی سەربازی مەرەخەس کریام، پاشان دوو ساڵی تەمەنم بۆ لێ کۆڵینەوە لە ژیانی ڕەوەندەکان تەرخانکرد، دواتر بە ناونیشانی "ڕێکخستنە کۆمەڵایەتێکانی عەشیرەتێکی ڕەوەند لە زستانی پێدەشتەکانی سلیڤیان و هاوینی زۆزانەکانی نەمرووت پێشکەش بە سەرۆکایەت زانکۆکەم کرد. دواتر لە تویێ پەرتوکێکدا دەزگای "دۆغان" چاپ و بڵاویکردەوە. لەو ماوەیەدا کێشەو ئالەنگارێکانی ڕەوەندەکان لە سەر سینایی و بێستان بە چاوی دەبینێت.

ساڵی 1968 پلان دادەڕێژێت توێژینەوەیەک بکات بە ناوی "لێکۆڵینەوەی بەراورد کاری ژێرخانی کۆمەڵناسی ئابووری - سۆسیۆئیکۆنۆمی لە مەڕ ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژ هەڵات، ڕاپرسیەکی لە ناوچەکانی نسبێن، جەزیرە و شەمزینان و بڵاو دەکاتەوە، بەڵام بێئەوەی هۆکارەکەی بۆ ئاشکرا بکەن، زانکۆی ئەتاتورک کۆڵیار ئاگادار دەکاتەوە کۆڵینەوەکە کارێکی زانستی نییە! بەڵام دواتر هۆکاری ڕێگریەکەی ئاشکرا دەکات و ئەو هۆکارانەش ئاشکرا دەکات کە جێگای دڵە ڕاوکێی دەسەڵاتدارانی ناوچەکەن، بۆ نموونە ئالیکاری پۆلیسی ناوچەکە و قاچاغچێکان، ڕۆڵی عەشیرەتەکان بە دێژایی سنوور و

هەبوونی سیستمێکی دەرەبەگی قەبە بە شێوەیەک ژمارەی ئەو کەسانەی کە هیچ زەوی زارێکیان نییە بەرانبەر ئەو کەسانەی دوازدە بۆ هەژدە هەزار دۆنم زەوییان هەیە 65% دانیشتوانی ناوچەکە پێکدەهێنن، هاوکات هیچ وەبەرهێنانێک لە ناوچەکەدا نییە.

ساڵی 1968 لە تەک دەوامی زانکۆدا وتار بۆ گۆڤاری فۆرم و ڕۆژنامەی ئەکشام دەنووسێت. ساڵی 1969 لە زانکۆی هاجەتەپەوە هەواڵێکی پێدەگات، زانکۆ و ڕێکخراوی زانستە مرۆڤایەتێکانی تورکی سیمینارێک بە ناونیشانی "پێشهاتەکانی بەردەم زانستە مرۆڤایەتیێکان لە تورکیا رسازدەکەن، داوایان لە بێشکچی کردبوو بەشدار بێت، هاوکات داوای بۆچوونی ئەویان کردبوو سەبارەت بە چارەسەری کێشەکانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی لە تورکیا ئەو مژار و کێشانەی بۆ ئەو توێژینەوەیە دێنە پێش"

سیمینارەکە ڕۆژانی 23 - 25 شوباتی 1970 لە زانکۆی هاجەتەپە بەڕێوە دەچوو، ڕۆژی پێشکەشکردنی سیمینارەکە دکتۆر موجبەل کرای ئەندامی لیژنەی ڕێکخستنی سیمینارەکە لە بێشکچی دەچێتە پێشی و دبێژێت: ڕاپۆرتەکەی تۆمان خوێندەوە، لیژنەی سیمیناریش لێی وردبوونەوە و زۆر بە مەترسیان زانی، خۆشم بە مەترسی دەزانم ئەگەری ئەوەهەیە پۆلیس هێرش بکەنە سەر سیمینارەکە.

لە نێوان ساڵانی 1968 بۆ 1970 کە ئاریشە و تەنگژەی نێوان ڕاست و چەپەکان لە هەڵکشاندا دەبێت، داوا دەکرێت پێویستە مامۆستایان دەمانچە هەڵبگرن، لەو کاتەدا مامۆستایەک دەمانچەیەک لە بەر پشتێنی دەردێنێت پیشانی هەڤاڵانی دەدات، یەکێکیتر دبێژێت: بێشکچی پێویستی بە دەمانچە نیە ئەو سەری دەمانچەیە.

ساڵی 1970 لە زانکۆی ئەتا تورکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ زانکۆی ئەنقەرە، لە درێژەی نووسینەکەیدا لەم بەشەدا دەنووسێت لە سەردەمی ڕژێمی دوازدەی ئازار لە کۆلێژی زانستە ڕامیارێکان کۆڕ و کۆبوونەکان زیادیان کردبوو منیش لە یەکێکیاندا بەشداربووم، گووتم: پێویستە حکوومەت ددان بە مافە دیموکراتێکانی کورد بدات، دەنا کورد باس لە مافە سیاسێکانی دەکات، دواتر لە سەر ئەو وتارە دەگیرێت و دەخرێتە زیندان.

کاتێک لە سەر ئەو وانەو پرسیارانەی لە نێوان ساڵانی 1987 - 1968 بە خوێندکارانی گوتبوو، لە دادگایی دیاربەکرو سیرت داگایی دەکرێت، لە میانەی دادگایکردنەکەدا، کچێکی گەنج بەرگری لە بێشکچی و بۆچونەکانی دەکات، دبێژێت: قسەکانی هەموو ڕاست و حەقن، ئێوە نکوڵی لە کوردو زمانەکەی دەکەن، منیش لە قوتابخانە هاوڕێم هەیە کە دەپەیڤن هیچیان لێ تێناگەم، بە دڵنییایەوە زمانێک هەیە بە ناوی زمانی کوردی، دواتر ئاشکرا دەبێت ئەم کیژە کچی دادوەری

گشتییە کە دادگایەکەی بەڕێوە دەبرد، لە دوای بویەرەکە ئیتر دادگا بڕیار دەدات هیچ کەس بەشداری دانیشتنەکە نەکات.

20ی تەموزی 1970 بێشکچی لە زانکۆی ئەتاتورک دەردەکرێت، چونکە سەرۆکی زانکۆ و ڕاگری کۆلێژ زمانیان لێ دابوو، هۆکارەکەشی بابەت و سەرچاوەی وانەکانی بوون کە لەزانکۆدا دەیگوتنەوە، سەرۆکی زانکۆ بێشکچی بە بەرپرسی جوڵانەوەکەی ئەرزروم دەزانی، تەنانەت گوتبووی: دەست بۆ هەر بەردێکی ئەرزروم ببەیت بێشکچی لە ژێریدا دەردەچێت! لە وەڵامدا بێشکچی دەڵێت: زانست شتێکە مامەڵە لەگەڵ زانست وواقعیدا دەکات، کوردو زمانەکەشی تشتەکی حاشا لێ نەکراوە و پێویست بە هیچ پاساوێک ناکات. لە وەڵامیشدا یەکێک لە پرۆفیسۆرەکان د ەڵێت: پرسەکە بێتە سەر نیشتمان، گەل و دەوڵەت زانست و مانست پێنج پولی قەلب ناکات و باسی عەدالەت و مەدالەتیش ناکرێ.

لە 19ی حوزەیرانی 1971 لە کۆلیژی زانستە سیاسێکان دەستگیر دەکرێت و دەبرێت بۆ دیاربەکر، بڕیاری بەندکردنی بە غیابی دەگۆڕن بۆ حوکمی دادگا. ئەم کەیسە بۆ ماوەی ساڵێک درێژە دەکێشێت. لە زیندانی دۆخی لە ناکاوی دیاربەکر لە تەک گەلەک شۆڕشگێردا یەکێکیان پیاوێکی حەفتا ساڵە بوو بە ناوی (خەلیل ئاغا) سەرنجی ڕادەکێشێت. خەلیل ئاغا هەمیشە لە تەک دەوروبەرەکەیدا بە کورمانجی دەپەیڤی، ئەو بە مادەی 169 کە تایبەتە بە دابەشکردنی گەل و نیشتمان دادگایی دەکرا. دواتر لەگەڵ ئاغادا لە بەندیخانەی دۆخی لە ناکاوەوە دەگوازرێنەوە بۆ بەندیخانەی دیاربەکر.

لە ناوەڕاسی مانگی ئایاری ساڵی 1973 ژمارەیەک لە (جان تورکەکان) دەخرێنە زیندانەوە، لە ناویاندا کەسێک (بەهجەت جان تورک) کە سەرۆکی یەکێتی لاوانی پارتی گەلی کۆماری شاری دیاربەکر بوو دەبێتە هاوەڵی حەپسخانەیان، ئەو کەسە زۆر ڕێز لە خەلیل ئاغا دەگرێت و زانیاری باشیشی لە سەر خانەوادەکەی دەبێت، لە کۆتایی نووسینەکەی لە سەر ناوبراو دەنووسێت: لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان بەهجەت جان تورک ڕۆڵێکی گرنگی لە بەرەوپێشچوونی ڕۆژنامە کوردێکان بینی، هەواڵەکانی بۆ میدیای کوردی دەگوازتەوە لە ساڵی 1994دا کردیان بە قوربانی تاوانی بکەر نادیار و بۆ هەتا هەتایە ژیئئاوایی کرد. دوای شەش هەیڤ لە زیندانی دیار بەکر لەگەڵ ئاغادا دەگوێزرینەوە بۆ زیندانی ئەدەنە.

لە زیندانی سیرت کۆمەڵێک زیندانی دەخەنە پاڵیان کە پێشتر هەموویان بە تۆمەتی بوون بە ئەندام لە (پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا) میراز کرابوون، لە نێویاندا (خورشید ئۆنوک) بە تۆمەتی هاوکاری مادی و مەعنەوی مەلامستەفا لە ژێر ئەشکەنجەدا هەموو گیانی شکێندرابوو.

لە قاوشی زیندان هەر قوتابیەک بە تورکی لە تەک خورشید ئاغادا گتوویێژ یان پرسیاری کردبا وەڵامی نەدەدایەوە، تاوەکو ڕۆژەک قوتابیەک گلەو گازندە دەکات لە خۆنەبان کردنی خورشید ئاغا، لە وەڵامدا دەڵێت: هەموو

مێژووی شۆڕشەکانی جیهان، ژیانامەی مارکس، ستالین و لینین دەزانی، ئەی بۆچی خۆت فێری زمانی داکت ناکەی؟ ساڵی 1974 خورشید ئاغا بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێت و ماوەیەک دواتر ژیناوایی دەکات.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا بێشکچی دەنووسێت: خەلیل ئاغا و خوشید ئاغا رۆڵی بەرچاویان هەبوو سەبارەت بە گەشەسەندنی بیرو باوەڕ، ڕامان و هەستەکانم بەرانبەر کورد و کوردستان. هەروەسا باس لە (حوسێن ساغنج) دەکات و بە کەسێکی جوامێر و مەرد ناوی دەبات کە لە پێشاژۆی هزریدا ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە.

## تاقیکردنەوەی زمانی کوردی بە سەرمایەی کارل مارکس

لەم بەشەدا بێشکچی ئاماژە بۆ چەپی تورک دەکات کە بەردەوام کاریگەری لەسەر چەپی کورد هەبووە، هاوکات دەڵی: بەشێکی زۆری نووسەرانی تورک لە نووسینەکانیندا ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن زمانی کوردی زمانێکی سەرەتاییە و نەبووەتە زمانی نووسین، بۆیە خاوەنی ئەدەبیاتی خۆیان نین، لەو کاتەدا زۆر برادەرمان هەبوو بە زوانێ دەپەیڤین و دەشیان نووسی.

بێشکچی وەک پەرچەکردارێک داوا دەکات نوکتە (قسە خۆشەکان) بنووسرێنەوە، بەڵام برادەرێک کارەکە بە کێماسی دەبینێت، بە شتی واسادە ناکرێت نووسین بە زمانی کوردی بسەلمێنرێت، لە جیاتی ئەوکارە با بەشێکی سەرمایەی مارکس وەربگێڕنە سەر زمانی کوردی، لەو کاتەدا کتابی ناوابراو هێشتا نەکرابوو بە تورکی. گشت ئەم گتوو بێژانە لە بەندیخانەی دۆخی ناکاو لە دیاربەکرا بەڕێوەدەچوون.

تەمووزی ساڵی 1974 لە زیندان ئازاد دەکرێت، ماوەیەک دوورە پەڕ ڕێز دەبێت و دواتر لە مانگی ئەیلولی هەمانساڵ بە شوێن کاڵاو شمەکەکانیدا سەردانی زانکۆ دەکات، پرۆفیسۆرێکی کۆمەڵناس بە ناوی (ئیبراهیم) دەبینێتەوە دەردە دڵی خۆیی بۆ هەڵدەدەڕێژێت، ئەویش بە تاسەوە گوێچکەی بۆ ڕادەگرێت و دواتر دبێژێت: کەسانێک دەیانگوت بێشکچی زانستی کۆمەڵناسی بۆ ڕامانە پوچەکانی خۆیی و دەستکەوتە ئایدلۆژیکانی بەکاردەهێنێت. لەو نێوەندە لە تەک چەند مامۆستایەک باسی کێشەی کورد دەکات، بەڵام هەریەک بە پاساوێک خۆیان نەبان دەکەن، بۆ نموونە یەکێک باسی چۆنێتی تەواوکردنی ئەو سێ ساڵە لە حەپسخانە دەپرسێت، کەسێکی دیکە کیشەی کورد بە دەستچنی ئەمریکا دەزانێت، بەڵام بێشکچی لە وەڵامیاندا دەڵێت: ڕاستیەکی کۆمەڵایەتی هەیە کەس نایەوێت دەستی بۆ درێژ بکات، تەنانەت لە بەریشی هەڵدێن! ئیدی ئەو ڕاستییە کۆمەڵایەتییە لە فۆڕمێکی سیاسیدا دەستی بە خۆ دەرخسن کردووە.

**بێشکچی باوەڕی وایە دەکرێت لە ڕێگای بۆچونی زانستی و میتۆدەکانێوە بەسەر بۆچونەکانی دەوڵەتدا سەرکەوی**

وبگەیتە ڕاستی و دروستی بابەتەکان. دوای دورخستنەوەی لە زانکۆ لە سەر میتۆدە زانستیکان بەردەوام دەبێت.

ساڵی 1976 پەیمانگای تورکیا - ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سیمینارێک سەبارەت بە مژاری کارگێڕی سازدەکات، لەو سیمنارەش بۆچونەکانی لە مەڕ پرسی کورد بە ئاشکرا دەردەبڕێت و مەبەستێتی ئامادەبوان بە ئاگا بهێنێتەوە و دەڵێت: لە بری ڕەخنەگرتن تاوانبارکردن کارێکی هەڵەیە، چونکە ڕەخنەگرتن دەبێتە هۆکاری ڕۆشنکردنەوەی بەردەممان لە کاتێکدا تاوانبارکردن هۆکاری تێنەگەیشتنە بە شێوەیەکی زانستیانە لە چەمکی دیاردەکە،کاتێک ئەو بەوشێوەیە بیردەکاتەوە و دئاخڤێت لەمکاتەدا یەکێک لە مامۆستاکان تۆڕە دەبێت و ئیسماعیل دەداتە بەر دەمڕێژی قسە: زانستی پاقژو ساف بوونیان نییە، هەندێک ڕاستی هەن دەبێت بەردەوام لە بەرچاویان بگرین و لە بیریان نەکەین. پێویستە لە هەمبەر ڕیسا، ڕێکار و پێوەرەکانی دەوڵەت خۆمان بگونجێنین، هاوکات یەکێکی دیکە هەڵیدابوو بێشکچی بە ئاگاهێنەرەوەی دۆزی کوردە، بەهیچ کلۆجێک قبوڵکراو نییە!

لە کۆتایی ساڵی 1979 لە ئیستانبوڵ کۆبوونەوەی دەستەی گشتی سەندیکای نووسەرانی تورک بەڕێوە دەچێت، لەو کۆبونەوەیەدا (عەزیز نەسین) وەک سەرۆکی گشتی وتارێک دەخوێنێتەوەو داوا دەکات، نوسەران و شاعیران بەشێوەی کۆمەڵ بچنە ناوچە کوردیێکان بەشێک لە بەرهەمەکانیان بە تورکی بخوێننەوە، لە بەرانبەردا بێشکچی هەڵدەسێت و داوا دەکات پێویستە نووسەران و شاعیران بەرانبەر ئەو داواکارییە بوەستنەوە و بپرسن، بۆچی دەوڵەت نکوڵی لە کورد و زمانی کوردی دەکات و سڵ لە پیادەکردنی تواندنەوەی کورد ناکاتەوە، لە بەرانبەردا نووسەرە بە تەمەنەکان بەرانبەری دەوەستنەوە بە بەردەمی مێزەکەیاندا دەدەن و دەیانەوێت قسەکانی پێ ببڕن و دەڵێن: ئەو پیاوە سەندیکا بە داخستن دەدات.

لە هەمانساڵدا دادگای تاوانی قورس لە ئەستەنبول دۆسیەکی بۆ دەکاتەوە لە سەر پەرتووکی (بە زۆر نیشتە جێکردنی کورد) لە کاتێکدا لە بەردەم دادوەر ئامادەبێت، بە ڕووی گەش و ڕێزەوە پێشوازی لێدەکات، بەڵام کاتێک پرسیاری ناوی پەرتووکەکەی لێ دەپرسێت، بە تەواوی دەگۆڕێت و دەم چاوی دەدات بە یەکدا و چارەی گرژ دەکات، بە پەلە واژۆی بڕیارەکە دەکات.

لە کۆتایی ساڵی 1979 لە زیندانی تۆپتاشی بەند دەکرێت. لە درێژەی ئەم بە شەدا بە وردی باس لە زیندان و پێکهاتەی زیندان و حەپسکراوان دەکات، تەنانەت باس لە مێژووی بەندیخانەکەش دەکات کە لە سەردەمی تەنزیماتدا کاروانسەرا بووە، دواتر کراوە بە حەپسخانە و کەسێکی وەک (جەلال بایار) لە زیندانی تۆپتاشی بەندکراوە. ساڵی 1980 کاتێک لە بەندیخانەی تۆپتاشی درێژە بە ماوەی بەند کردنەکەی دەدات لە کاتی پشکنینی قاوشەکەیدا برۆشۆرێک

دەدۆزنەوە، کاتێک بۆ لێکۆڵینەوە بانگی دەکەن، لە بەردەم عەمیدی گرتووخانەدا حاشا لە خاوەنداریێتی ئەو برۆشۆرە ناکات، عەمید دەپرسێت: لەو برۆشۆرەدا باسی کورد و زمانی کوردی دەکەیت ئایا شتێکی وەها بوونی هەیە، لەم وڵاتەدا هەموو کەسێک تورکە و زمانی کوردی بوونی نییە.

دوای مشتومڕێکی چەند خولەکی ئیسماعیل پرسیاری ئۆغۆزەکان لە جەنابی عەمید دەکات و دەڵێت" کاتێک ئەوان هاتنە ئەم ناوچەیە دەریاچەی وان، ئورمیەو لە ناوچەی چیای زاگرۆس کێ دەژیا؟ ئەم پرسیارە جەنابی عەمید تورە دەکات و دەڵێت: ئەوانەی لەو ناوچەیە دەژین گشتیان تورکن! کاتێک دەگەڕێتەوە ژورەکەی لە ئەنجامی پشکنین گشت کەل و پەلەکانی پرش و بڵاو کرابوونەوە.

کۆتایی ساڵی 1981 و ساڵی 1982 دەنووسێت: لە بەندیخانەی سەربازیی دەریایی گولجوک و فەرماندەی دۆخی لە ناکاوی سەیمەن بەندبووم، لەو ساڵەدا لە هەندی جێگا لە ئەڵمانیا بێرێزی بەرانبەر بە کرێکارە تورکەکان دەکرا، دەوڵەتی ئەڵمانیا بڕێک پارەی بەو کرێکارانە دەدا وڵاتیان بە جێدەهێشت و بە بێڕێزیان نەدەزانی، بەڵام کاتێک من بەرگریم  لە زمان و نەتەوەی کورد دەکرد و دەمپرسی: بۆچی ئەوان بەرە و توانەوە دەبەن، بۆچونەکەمیان بە شێوەیەک پێناسە دەکرد کە من بێڕێزیم بە رانبەر تورکایەتی و دەوڵەتی تورکیا کردووە لە کن وڵاتانی بێگانە ناشیرینم کردوون. ساڵانی دواتریش لە بەندیخانە بە سەر دەبات و گەلێک ناخۆشی و چەرمەسەری دێنە رێگای، هاوکات بە هیچ شێوەیەک سازش لە سەر بیروباوەڕی ناکات، بەردەوامیش لە تەک کەسایەتی و گروپە کوردێکانی ناو زیندان پەیوەندی دروستدەکات و زیاتر و زیاتر ئاشنا دەبێت بە کوردو دۆزی نەتەوەی کورد.

مانگی کانونی دووەمی ساڵی 1987 ڕێکخراوێکی ئوسترالی بێشکچی بەربژێری خەڵاتی نۆبڵ دەکەن بۆ ئاشتی، لە کاتێکدا ئەو دادگای غازی عەنتاب دۆسیەکی لە سەر ناوبراوکردبۆوە، لە کاتێکدا بەرەو دادگا هەنگاو دەنێت ڕۆژنامە نڤیسەکان پرسیاری هەستی بێشکچی دەکەن لە بەرانبەر ئەو دەستپێشخەریە، هەروەها دەڵێت: لە دادگاش هەمان پرسیاریان ئاراستە کردم، لە هەمانبەشدا باس لە گیرانی چەند ئەندازیارێکی تورک دەکات لە لایەن هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە لە کاتێکدا خەریکی کارکردن بوونە لە بەنداوەکە، دواتر ساڵی 2015 نهێنی ئیشەکەی بۆ ئاشکرا دەبێت، چونکە ئەو کات بە فەرمانی (مام جەلال) کارەکە کراوە و وەک فشارێک بۆ سەر وڵاتی تورکیا دەستبەسەرکردنی ئەو ئەندازیارانە بەکارهێنراوە لە بەرانبەر ئازادکردنی بێشکچیدا.

ساڵی 1990 وەشانخانەی (بەڵگە) "کتێبی کوردستان کۆلۆنیالیزمێکی نێو دەوڵەتی" بڵاو دەکاتەوە، لە سەر کتاوەکە دادگای

ئاسایش لە ئەستەنبول دۆسیەک لە سەر نووسەرەکەی دەکاتەوە، دواتر دەستگیر دەکرێت و دەخرێتە زیندانی بایرام پاشا، هێشتا ئەو دۆسیە تەواونابێت هەمان وەشانخانە پەرتوکی "زانست و ئایدۆلۆژیای فەرمی و دیموکراسی دەوڵەت بەرانبەر کێشەی کورد" هەروەها هەمانساڵ کتێبی "رووناکبیرێک و رێکخراوێک و کێشەی کورد" بڵاو دەکاتەوە، دواتر لە هەمبەر هەر کتابێک دۆسیەکی جیاوازی بۆ دەکرێتەوە، وەشانخانەی بەڵگە چەندین کتێبی دیکەی نووسەر بڵاو دەکاتەوە.

لە هاوێنی ساڵی 1991 وەشانخانەی (یورت کیتاب) هەردوو پەرتوکی (تیرۆری دەوڵەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست . ڕامان لە سەر ڕوناکبیری کوردی) بڵاودەکاتەوە و لەگەڵ بڵاوکردنەوەی کتێبەکەدا نووسەر دەستگیر دەکرێت. ساڵانی 1991 - 1992 - 1993 ساڵانێک بوون تژی دۆسیەو کرانەوەی داوای دادگابوون لە سەر نووسینەکانی بێشکچی.

ساڵی 1994 لە سەر نووسینێکی دەستگیر دەکرێت لە ئیسکلیب دەخرێتە زیندان، دواتر لە سەر داوای چەند دۆسیەکیتر ڕەوانەی ئەنقەرە دەکرێت. هەروەها باسی ئەو ئافرەتانەش دەکات کە هاوشانی پیاوەکانیان کاری سیاسیان دەکرد، ئەوکارانە بە دەرخەری گۆڕانکاری ناو کۆمەڵگا دەبینێت، بەڵام هزری تورکیش پێداگرە ئەو گۆڕانکاریانە نەبیستێ و نەبینێت!

ساڵی 1996 لە زیندانی (ئولوجانلار) بەند دەکرێت، دواتر دەگوێزرێتەوە بۆ حەپسخانەی مەتریس. لە یەکێک لە نیقاشەکانی بەندیخانەدا یەکێک دەڵێت: ئیسماعیل تۆ بێدەنگترینی پۆل بوویت، وەڵێ ئێستا لە هەموو کەس زیاتر دەوڵەت ئەشغاڵ کردووە.

## دامەزراندنی ئەنیستیتۆتی کورد لە ئەستەنبوڵ

ناوەندی فەرهەنگی میزۆپۆتامیا، لە ساڵی 1991لە گەڕەکی تارلەباشی ناوچەی تەقسیمی ئیستەنبوڵ دامەزرا، کارەکە هەنگاوێک بوو لە پێناو دامەزراندنی ئینیستیتۆتی کوردی، 3ی ئازاری 1992 بڕیاری دامەزراندنی ئینیستیتۆتی کوردی دراو چل کەس لە شارە جۆراوجۆرەکانی وڵاتەوە بەشداریان لەو بۆنەیەدا کرد. لەم بەشەدا باس لە چەندین ڕێکخراوی کەلتوری دەکات کە بۆ پێشکەوتنی کەلتوری ناوچەکانی وڵات کۆشش وخەباتیان کردووە.

ساڵی 1991 لەگەڵ پارێزەر (سەرحەد بوجاک) چوینە کتێب فرۆشی (بوجاک) لە تەک ئەنترۆپۆلۆگێکی ئەمریکی یەکدیمان ناسی، کابرا لە کینا، ئەفریکا و کوردستان لێکۆڵینەوەی کردبوو، دۆستی کوردبوو. لە درێژەی نووسینەکەیدا دەنووسێت: کابرای ئەمریکی گووتی زۆر نابێت کورد دەناسم، هاوکات باسی بەراوردی کوردی بۆ کردین بەراورد بە هۆزێکی کینی، لە

کاتێکدا بۆ یادگاری گەرەکێتی چەند لقەدارێک ببڕیتەوە، سەرەک هۆزەکەیان بەرهەڵستی لێدەکات و دەڵێت: ئەوە کارە یاساخە، چونکە سروشت بۆ نەوەکانمان دەمێنێتەوە، ئەوان بەوشێوە پارێزگاریان لە سروشتی دەڤەرەکەیان دەکرد، لە درێژەی گتووبێژەکەماندا گووتی: ڕۆژێک لە ناوچەی سیرت خەریکی کۆڵینەوە بووم، پارچە کانزایەکم دۆزییەوە بە سکە دەچوو، کاتێک بە دانیشتوانی ناوچەکەم گووت: دەتوانم ئەو پارچەیە بۆ خۆم هەڵبگرم، گووتیان: ئەریَ، پاشان چەندین پارچەی هاوشێوەی ئەوەیان بۆ هێنام. دوای گێڕانەوەی ئەو دوو چیرۆکە کابرای ئەنترۆپۆلۆگی بەمشێوەیە لێکدانەوەی بۆ ئەو دوو چیرۆکە کرد، کورد بە خەڵکی ناوچەکانی ئەفریقیا ناچن، هەستی نیشتمانی و سروشتیان زۆر کەمە، ئەمەش پەیوەندی بە ناهۆشیاری مێژووییەوە هەیە.

دواتر باسی وەشانخانەی (ئاڤێستا) دەکات کە ساڵی 1995 دامەزراوە و خزمەتی زۆری بە ڕوناکبیری کوردی کردووە، کاتێک باسی مێژوو دەکات لە بیری ناچێت کە کورد ئەوانیتر مێژوویان نووسیوەتەوە بۆیە پێویستە بە گومانەوە لە ئەرشیفی تورک، عەرەب و فارس بڕوانێت، هاوکات ئەرشیفی ڕووس، ئەڵەمان، ئینگلیزو ئیتالی بۆ کورد گرنگن.

### دامەزراندنی وەقفی ئیسماعیل بێشکچی"

دوای دامەزراندنی وەقفی بێشکچی ساڵی 2012 سەردانی دیاربەرکردەکات، بە وەرگەڕانێکی گەورەی دەبینێت لە ژیانی خۆیدا، ساڵی 2013 لە سەر داوای وەقفی بارزانی سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات، دواتر سەردانی زانکۆی سەلاحەدین، مۆنۆمێنتی ئەنفال لە چەمچەماڵ دەکات، پاشان هەریەک لە مەسعود، نێچیر و مەسرور بارزانی دەبینێت، بە هەمانشێوە سەردانی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و مۆنۆمێنتی شەهیدان لە هەڵەبجە دەکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی چاوی کورد - ڕێکەوتی: ١٧ی ئازاری ٢٠٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe

## وتووێژ لەگەڵ ئیسماعیل بێشکچی




**سازدانی وتووێژ: محەمەد عزەدین**

**وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی: سیپان ڕۆژهەڵات**

### ئیسماعیل بێشکچی کێیە؟

**ئیسماعیل بێشکچی**، لە حەوتەمین ڕۆژی مانگی یەکی ساڵی ١٩٣٩، لە ناوچەی ئیسکلیپی سەر بە شاری چۆڕووم، لە خێزانێکی تورکی حەنەفی لەدایک بووە. بچووکترین منداڵی دایک و باوکی بووە. حوسنووی باوکی (١٨٩٩ - ١٩٧٨) لە سەردەمی عوسمانییەکان مامۆستا بووە، دواتر لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا، دەستی بە کاری بەقاری کردبوو. بێشکچی دایکی ناوی زاهیدە بووە (١٨٩٨ - ١٩٨٧). لە ماڵەوەیاندا دوو برای لە خۆی گەورەتر بە ناوەکانی وەسفی و محێدین و خوشکێکی بە ناوی ساتی هەبووە.

**ئیسماعیل بێشکچی**، قوتابخانەی سەرەتایی لە مەکتەبی (عەزمی میللی و میساقی میللی) تەواو کردووە. دواتر بۆ خوێندنی ناوەندی، چووەتە قوتابخانەی (ئیسکلیپ)، پاشان ئامادەیی لە قوتابخانەی (چۆروم) تەواو دەکات. بێشکچی ساڵی ١٩٥٨،



سەرچاوە
Serchawe

بە نمرەیەکی بەرز لە بەشی کارگێڕیی کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی ئەنقەرە وەردەگیرێت. ساڵی ١٩٦٢ هەمان بەش تەواو دەکا.

یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسماعیل بێشکچی لەگەڵ کورد، بۆ ساڵی ١٩٦١ دەگەڕێتەوە؛ ئەوکاتەی وەکوو ڕاهێنەر (موتەبیق)، بۆ کارکردن لەلای پارێزگار و قائیمقام دەچێتە شاری ئەلعەزیز. دواتریش بۆ بەجێگەیاندنی ماوەی سەربازیی ناچاری، لەنێوان ساڵانی ١٩٦٢ - ١٩٦٤ دەچێتە بەدلیس و شەمزینان. بێشکچی لەوێ دەرفەتی ئەوەی دەبێ، زیاتر کورد لە نزیکەوە بناسێ. ساڵی ١٩٦٤ بێشکچی وەکوو مامۆستای یاریدەدەر لە بەشی کۆمەڵناسیی زانکۆی ئەتاتورک لە ئەرزڕووم دادەمەزرێ. ساڵێک دواتر، دەست بە نووسینی نامەی دکتۆراکەی لەژێر ناوی (ژێرخانە کۆمەڵایەتییەکانی عەشیرەتی ئالیکانی کۆچەر) دەکات و تێزەکەی قبوڵ دەکرێ و، پلەی دکتۆرا وەردەگرێ.

**ئیسماعیل بێشکچی**. بە ڕەخنەگرتن لە دەوروبەرە ئەکادیمییەکانی لەسەر ئەوەی جەسارەت ناکەن لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەسەر کۆمەڵگای کوردی بنووسن، خۆی دەست بە کارەکە دەکا و لە ڕێی چەندین توێژینەوەوە، چەندین بەرهەم دەنووسێ و سەرنجەکان دەخاتە سەر مژارەکە. بە پێی بۆچوونی ئایدۆلۆژیای فەرمی، گەلێک بە ناوی کورد و، زمانێک بە ناوی کوردییەوە نییە. ئاخۆ چۆن دەبێ کەسێک لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئەو ئایدۆلۆژیایە دەرچووبێ؟ بۆیە دەبوو حیساب و کیتابی لەگەڵ بکرێ!

لە ئەنجامدا، هەر لە چوار دەورەی خۆی لە زانکۆ، شکایەتی لێ دەکرێ. دواتر بەو هۆیەوە لێکۆڵینەوەی کارگێڕی لەسەر بێشکچی دەکرێتەوە. لە ڕۆژی بیستی مانگی حەوتی ساڵی ١٩٧٠ بە تۆمەتی «کتێب و وتاری نووسراو دژی دەستوور و یاسا... » لە زانکۆ دەردەکرێ و کۆتایی بە ژیانی ئەکادیمی دێنن. لە دوای ئەو بڕیارە، بێشکچی سەر لە دادگای باڵای کارگێڕی دەدات. دوای پێشکەشکردنی سکاڵاکەی، دادگا بڕیاری ڕاگرتنی دۆسیەکەی بێشکچی لە زانکۆ دەدات، کەچی زانستگاکەی ئەو بڕیارە پاشقول دەدەن. بۆیە لە سەرەتای ساڵی ١٩٧١، لە زانکۆی ئەتاتورک نامێنێ و دواتر لە ڕێگای تاقیکردنەوەیەکەوە دەچێتە زانکۆی ئەنقەرە و، لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان دەست بە مامۆستایەتی دەکاتەوە.

لە سەردەمی دوازدەی ئازاردا، بە پێی هەمان دۆسیەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕی، ئەوجارە لەلای فەرماندەی دۆخی ئاوارتە شکایەت لە ئیسماعیل بێشکچی دەکرێ. لەسەر ئەو بنەمایە، لەلایەن فەرماندەی دۆخی لەناکاوی دیاربەکرەوە، دۆسیەی لێکۆڵینەوەی بەرانبەر دەکرێتەوە و بڕیاری دەستگیرکردنی غیابی بۆ دەردەکرێت. لە ڕۆژی نۆزدەی مانگی شەشی ساڵی ١٩٧١، بێشکچی دەستگیر دەکرێ. لەوێ دەمێدا، لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان بوو. بۆیە دوای دەستگیرکردنی لەناو حەرەمی زانکۆ، ڕاستەوخۆ دەنێردرێتە دیاربەکر و لەوێ لەگەڵ سەدان دەستگیرکراوی کورد، دەچنە بەردەم دادوەر.

**لەو کاتەوە، بێشکچی نزیکەی ٣٧ پەڕتووکی نووسیووە و بڵاوی کردوونەوە.**

**دوای ئەوەی بۆ یەکەم جار دەستگیر دەکرێ و دەخرێتە زیندانەوە، هەتا دوا زیندانیکردنی، زیاتر لە ١٧ ساڵ لە بەندیخانە بووە. هاوکات سەدان دۆسیەی دادگایی کردنی بۆ کراوەتەوە، بە شێوەیەک کە بووەتە نموونەیەک بۆ هەموو کەسایەتییە زانستییەکان لە جیهاندا. سەرباری ئەو زوڵمەی لێی کراوە، سەری بۆ هیچ لایەنێک شۆڕ و نەوی نەکردووە و لە ڕێگای زانست لای نەداوە. هەر وەکوو مرۆڤێکی زانستی ماوە و، ئەمڕۆش خاوەنی هەمان هەڵوێست و بۆچوونی خۆیەتی.**

**محەمەد عزەدین: سەرەتا سپاس بۆ ئەو کاتەی بە ئێمەت دا، دەمەوێ بڵێم، لەبەر ئەوەی ئەو گۆڤارە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەردەچێت و، بۆ ئەوەی زیاتر مێژووی ئێوە بزانین، دڵخۆش دەبین ئەگەر باسی سەرەتای ئەو کاتانەمان بۆ بکەیت کە کورد و کوردستانت ناسی؟**

**ئیسماعیل بێشکچی: لە فاکەڵتی زانستە سیاسییەکان لە ئەنقەرە (ساڵی ١٩٦٠) خوێندکاران ڕەوانەی ویلایەتەکان دەکران، لە ویلایەتەکان لەلای والی و قایمقام خولیان دەبینی و لەوێ فێر دەکران. ساڵی ١٩٦١ بوو، منیش چوومە شاری خارپێت و لە شارەکانی قەرەقووچان و کابان و باسکی لەگەڵ قایمقامەکان سەردانی گوندەکانمان دەکرد، کاتێک کێشەیەک دەبوو، لەوێ گوندنشینان باسی ئاریشەکانیان بۆ قایمقام دەکرد و ئەویش ڕاوبۆچوونی خۆی لە ڕێگای وەرگێڕەوە پێ دەگوتن . لە کاتێکدا ساڵانی ١٩٦٠ و ١٩٦١ پرۆپاگاندەیەکی توند لە دژی کورد هەبوو، پێیان دەگوت «هەموو کەس تورکە، بۆیە دەبێ هەموو کەس تورکی بزانێت» بۆیە فشارێکی زۆر هەبوو. بۆ نموونە، لە زانکۆکان و دادگاکان و دامەزراوەکانی دەوڵەت پشتگیریی ئەو ڕوانینەیان دەکرد. لە میدیا زۆر پرۆپاگاندە بۆ ئەمە دەکرا کە کورد نییە، زمانی کوردی نییە، نەتەوەی کورد نییە. هەموو کەس لە ئاسیای ناوەڕاستەوە هاتووە، بەشێک لەوانەی لەوێیەوە هاتوون، لە شاخەکانن و تورکی شاخین و نابێ پێیان بڵێن کورد و هەموویان تورکن. لەوێ بۆ یەکەم جار وەرگێڕێکم بینی کە قایمقام و گوندییەکان لە ڕێگەیەوە پێکەوە قسەیان دەکرد. لەوێوە بۆ یەکەم جار کورد و زمانی کوردیم ناسی. ساڵی ١٩٦٢ لەوێ خوێندنم تەواو کرد، لە جێگەی وەزارەتی ناوخۆ دەمویست لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و لە زانکۆ کار بکەم، ئەوە بوو لە زانکۆی ئاتاتورک لە ئەرزەڕوم دەستم بەکار کرد. لەوێوە زیاتر کوردم ناسی. ساڵی ١٩٦٣ لە مانگەکانی هاوین چوومە هەکاری، ئەو کات لە باشوور بە ڕێبەرایەتیی مەلا مستەفا بارزانی خەباتێک هەبوو، تورکیا هەوڵی دەدا ڕێگە لەو شۆڕشە بگرێت، لەوە دەترسا ئەو خەباتە بگوازرێتەوە بۆ ناو وڵاتەکەی، بۆیە هەوڵی ڕێگریکردنی دەدا. لە ساڵی ١٩٦٠ کە کوردەکان لەگەڵ عێراق شەڕیان دەکرد، دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و چوونی مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ پێشمەرگەکان بۆ رووسیا، بارودۆخێکی وەها هەبوو. تورکیا دەترسا، ئەگەر گوشارەکانی حکومەتی عێراق لەسەر کوردان زیاد بێت، ئەوان لە سنوورەکان بپەڕنەوە و، بۆ ڕێگریکردن لە تێپەڕاندنی سنوور، هێزی پشتیوانی ڕەوانەی سەر سنوورەکان**



سەرچاوە Serchawe

کرابوو، ساڵی ١٩٦٣ بوو کە ئەو هێزە پشتیوانییە بۆ ماوەی چوار مانگ و نیو لە هەکاری و شەمزینان مانەوە. لەوێ دەرفەتی ئەوەم هەبوو کە زیاتر کوردەکان بناسم. بۆ نموونە، من جێگری ئەفسەر بووم. فەرماندەی دەستەیەکی ٨ کەسی بووم، بۆ کەشف دەچووینە سەر سنووری شەمزینان، لەسەر سنووری عێراق و تورکیا چالاکی هەبوو، ڕۆژێک سنوورم تێپەڕاند.

**محەمەد عزەدین**: بێئەوەی ئاگادار بیت؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: بەڵێ بەهۆی نەبوونی زانیاری بوو. ئەو کاتە بەردی سەر سنوور هەبوو، پێنج سەد بۆ هەزار مەتر بەردی سنوور هەبوو زۆر دیار نەبوون. ئێمە بە هەڵە سنوورمان تێپەڕاندبوو و پێشمەرگەکان ئێمەیان ڕاگرت. یازدە کەس بووین، هەندێک قسەیان کرد، هیچ تێنەگەیشتین. کەسێک لەنێو ئێمە گوتی بەڕێز ملازم من دەتوانم قسە بکەم، خەڵکی ناوچەی ئالپاچای قارس بوو. منیش گوتم قسە بکە. زۆر بە ئاسانی قسەیان کرد، کەسێکی ناوچەی ئالپاچای قارس و ناوچەی سیدەکان کە دووریی نێوانیان ١٥٠ کیلومەترێک دەبێت، زۆر بەئاسانی قسەیان دەکرد. لەنێو ماڵێکی ئالپاچای و پێشمەرگەکان زۆر بەئاسانی گفتوگۆ دروست بوو. ئەو کاتە گوتبوویان کە سنوورمان تێپەڕاندووە و تێگەیشتین، لە کاتێکدا کە لە ئەنقەرە دەیانگوت کورد نییە، کوردەکان لە یەکتر تێناگەن. کوردێکی ئەم بەری چیا لە کوردێکی ئەو بەری شاخەکان تێ ناگات، ئاوەیان دەگوت لە ئەنقەرە دەیانگوت تورکییە، عەرەبییە، فەقفازییە، لە کاتێکدا کەسێکی ئالپاچای و پێشمەرگە زۆر بەئاسانی قسەیان دەکرد. ساڵی ١٩٦٣ بوو، ئێستا لە مێشکی ئێوەدا پرسیارێکی زۆر گرنگ هەیە، دەتانەوێت لێی بکۆڵنەوە و لە ئاکامدا بیری لێ بکەنەوە.

**محەمەد عزەدین**: لەوێ ناسیاوییەک لەگەڵ کوردەکان دروست بوو, ڕووبەڕووبوونەوەیەک بوو. مامۆستا دەمەوێ پرسیارێکی دیکە بێنمە گۆڕێ، کوردستان کۆڵۆنییەکی نێودەوڵەتی, کتێبێکی ئێوەیە. ناوێکە زۆر بەکار دێت، ئەو داگیرکارانەی دەتەوێ بیانناسێنی، وڵاتانی جیهانن یان مەبەستتان ئێران، عێراق، سوریا و تورکیایە؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: ئەم پرسیارە پەیوەندییەکی زۆر نزیکی بە کێشەی کورد و کوردستانەوە هەیە، پرسی کورد چییە، کێشەی کوردستان چییە؟ من زۆر لە نزیکەوە کارم لەسەر ئەوە کردووە، ئەوەی پێی گەیشتووم، لە ساڵی ١٩٢٠ لە کۆمەڵەی گەلان، مافی کوردان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ زەوت کرا و کوردستان پارچەپارچە کرا، لەت کرا، بەشبەش کرا، دابەش کرا. کێشەی کورد ئەمەیە، کێشەی کوردستان ئەمەیە، بە گشتی دەڵێن کوردەکان داگیر کراون (کۆڵۆنی)ن. دەڵێن کۆڵۆنیی تورکیان، کۆڵۆنیی ئێرانن، هیی عێراقن، هیی سوریان. بە کوردەکان دەڵێن داگیرکراو، لەلای کوردەکان کوردستان داگیر کراوە، لەو کتێبەی ئێوەشدا باستان کرد، وا هاتووە.

لە ڕاستیدا کوردستان داگیرکراو (کۆڵۆنی) نییە. دەمەوێ ئاوا بڵێم خۆزگە داگیرکراو بووبا، کوردستان وەکوو وڵاتێکی داگیرکراو بووایە.

**محەمەد عزەدین**: بارودۆخێکی جیاوازتری دەبوو؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: وا نییە، داگیرکراویش نییە، ئەمەش بەو واتایە دێت کە کۆڵۆنییەکان چۆن دروست بوون، بۆ نموونە لە ئەمریکا، لە سەدەی ١٦ لە ئەمریکا و ئەورووپاوە دەچنە ئەفریقا، سەرەتا هۆڵەندییەکان و دانمارکییەکان چوونە ئەفریقا، دواتر ئیسپانییەکان و پرتوگالییەکان چوونە ئەفریقا، ئەوان هەندێک کەرت و ناوچەی دیاریکراوی ئەفریقایان کۆنتڕۆڵ کرد.

ئەو شوێنانەی بۆیان چووبوون، کۆنتڕۆڵیان کرد، دواتر لە سەدەی ١٨ ئینگلیزەکان و فەڕەنسییەکان چوونە ئەفریقا، دواتر لە چارەکی کۆتایی سەدەی ١٩ و لە سالانی هەفتاکاندا ئاڵمانییەکان و ئیتاڵییەکان بەو شێوەیە ئەفریقایان بە کردار دابەش کرد. هەر کەسێک دەیەویست ئەو ناوچەیەی کۆنتڕۆڵی کردووە، فراوانتری بکات. لە لایەکی دیکەوە ئەوەی دەگاتە ئۆقیانووسەکان و کۆڵۆنییەکان شەڕیان بووە لەگەڵ پرتوگالییەکان، دەیانویست ئەو ناوچەیە فراوان بکەن، لە کاتی هەوڵدان بۆ فراوانکردنی لەگەڵ داگیرکراوەکان (خەڵکی خۆجێیی) ناکۆکی و ڕێکنەکەوتن دروست دەبێ. لە ساڵی ١٨٨٦ کۆنگرەیەکیان بەست و لەو کۆنگرەیەدا ئینگلیز، فەڕەنسا، ئەڵمانیا، ئیتالیا، پرتوگال، ئیسپانیا و بەلجیکییەکان کۆ بوونەوە و ئەو شوێنانەی کۆنتڕۆڵیان کردووە، بردیانە سەر کاغەز، واتا ڕێک کەوتن. بە پڕاکتیکی لەسەر ئەو ناوچانەی کۆنتڕۆڵیان کردووە، ڕێک کەوتن. بۆ نموونە کۆمەڵێک وڵات بە ناوی کینیا، تانزانیا، غانا، سەنیگال، زامبیا دروست بوون، ئەو وڵاتانە دامەزران و سنووری هەر وڵاتێک دیاری کرا، بۆ نموونە کینیا بوو بە بەشی ئینگلیز یان سەنیگال بوو بە هیی فەڕەنسا، هەر کۆڵۆنییەک سنووری خۆی هەبوو.

**محەمەد عزەدین**: بەڵام کوردستان هیچ سنوورێکی وای نییە.

**ئیسماعیل بێشکچی**: ئەو خەڵکانەی لەنێو ئەو سنوورانەدا دەژیان، بۆ نموونە ئەوانە ئینگلیز نین، فەڕەنسی نین، بەڵام ئینگلیزەکان ئەوێیان بەڕێوە دەبرد، فەڕەنسییەکان ئەوان بەڕێوە دەبەن، بەو واتایە دێت کە بڵێن ئینگلیزەکان کینیا بەڕێوە دەبەن. بەڵام کاتێک توانییان لە ڕووی ئابووریی و کلتوورییەوە خۆیان بەڕێوە بەرن، سەربەخۆیی دەدەنە ئەو وڵاتانە. کۆڵۆنییەکان بەم شێوەیە دروست بوون، لە ساڵی ١٨٨٦ واتا ئەو ناوچەیە تا کۆتایی هیی ئینگلیزەکان نابێ، ئینگلیزەکان لە کاتێکدا ئەو ناوچەیە بەهێز دەکەن، سوود لە سەرچاوە سرووشتییەکانی وەردەگرن. بۆ نموونە چای و خورما بەرهەم

دێنن، نەوتەکەی بەکار دێنن، ئەو شتانەی هەناردەی بازاڕەکانی جیهان دەکەن، بەرهەمی دێنن. سەرچاوەی سروشتیی زۆر دەوڵەمەندیان هەیە، ئینگلیزەکان و فەڕەنسییەکان ڕێککەوتنێکی بەم شێوەیەیان هەبوو، بەڵام ئەمە لە کوردستان نابینرێت، کوردستان لەت کراوە، پارچەپارچە کراوە، دابەش کراوە. کوردیش نییە و کوردستانیش نییە، واتە لەسەر کاغەز کوردیش نییە، کوردستانیش نییە. لێرەوە بە ئێران یان چووزانم کۆماری تورکیا، عێراق و سوریا کە بەشێکی دیاریکراوی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ئەواندایە، بەڕێوەی دەبەن. بەڵام ئەمە تا کۆتایی بەو شێوەیە دەبێت، تا کۆتاییی خاکی تورکیا، عێراق و ئێران دەبێ، واتا سنوور و شت نییە. پێویستە لەمە تێبگەین، لە وڵاتانی کۆلۆنیالیدا سنوور دیاری کراوە.

**محەممەد عزەدین**: لەبەر ئەمەیە کوردستان کۆلۆنی نییە.

**ئیسماعیل بێشکچی**: کۆلۆنی نییە.

**محەممەد عزەدین**: تایبەتمەندییەکانی نییە.

**ئیسماعیل بێشکچی**: نییەتی. زۆر لە کۆلۆنی خوارترە، کۆلۆنی قەوارەیە، بۆ نموونە کۆلۆنییەکانی ئینگلیز پێیان دەگوترێ کینیا، زیمبابوە. دوای شەڕی دووەمی جیهانی، نەتەوە یەکگرتووەکان سەربەخۆیی‌یان دایە کۆلۆنییەکان. نەتەوە یەکگرتووەکان ١٤ی سەرماوەزی ١٩٦٠ بە بڕیاری ٥١٤ سەربەخۆیی‌یان دایە کۆلۆنییەکان. دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، واتا کۆلۆنییەکان بەو سنوورانەیانەوە سەربەخۆیی‌یان وەرگرت، لە ئەفریقا تەنیا چوار وڵات لە ڕێگەی خەباتی چەکدارییەوە سەربەخۆیی‌یان بەدەست هێنا. دەزانن کە جەزاییر لە ساڵی ١٩٥٤ - ١٩٦٠ و لە ساڵانی ١٩٧٣ و ١٩٧٤ کۆلۆنییەکانی ژێردەستی پرتوگال لە ڕێگەی خەباتی چەکدارییەوە سەربەخۆیی‌یان وەدەست هێنا. بەڵام ئەمڕۆ لە ئەفریقا ٥٧ دەوڵەت هەن، ئەو دەوڵەتانەی تا ساڵانی هەزار و نۆسەد، تا شەڕی دووهەمی جیهانی کۆلۆنی بوون و، سنوورەکانیان دیاریکراو بوو. ئەوان بەو سنوورانەوە سەربەخۆیی‌یان وەرگرت، واتە دوای ئەوەی بوونە وڵاتی سەربەخۆ، لەنێوان وڵاتان شەڕی گەورەی چەکداری ڕووی نەدا کە بڵێن وڵاتی تو گەورەیە و هی من بچووکە، شتی وا نەبوو. تەنیا لە (ناوچەکانی ژێردەستی پرتوگالییەکان) لەو سنوورانە شەڕ و پێکدادان ڕووی دا. بەڵام لە کوردستان ئەمە نابینین. کورد نییە، کوردستانیش نییە. بۆ نموونە لە لۆزان، گرنگترین بابەتی لۆزان کوردستان بوو، بەڵام کوردیش نەبوو. دەربارەی کورد قسە دەکرا، بەڵام ئینگلیزەکان، فەڕەنسییەکان، تورکەکان و ئێران نوێنەریان هەبوو. ئەمانە دەربارەی کوردستان قسەیان دەکرد، بەڵام کورد نوێنەری نەبوو.

**محەمەد عزەدین**: مامۆستا دەمەوێ ئەمە بپرسم بۆ ئەوەی ئەم داگیرکارییە لە چوارپارچەی کوردستان کۆتایی پێ بهێنرێت، ئەرکی ڕۆشنبیرانی کورد چییە؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: سەرەتا دەبێ زانیاری دەربارەی لەتکردن و پارچەکردن کۆ بکەنەوە. ئەمڕۆ ٥٠ ملیۆن کورد هەیە و لەوانەشە زیاتر بن. لەبەر ئەوەی لە هیچ وڵاتێکدا نە لە ئیران، عێراق، سوریا و تورکیا سەرژمێرییەکی ڕاست و دروست لەبەر دەست نەبووە.

**محەمەد عزەدین**: بەڵێ.

**ئیسماعیل بێشکچی**: بە بڕوای من هۆکاری ئەنجامنەدانی سەرژمێری ئەوەیە کە دەترسن ژمارەی کورد زیاتر بێت، بۆ نموونە پێنج ملیۆن، بەڵام لەوانەیە ئێستا ١٠ ملیۆن بێت، واتا لە ترسی ئەوەی نفووسی کورد زیادتر دەبێت، سەرژمێری ناکەن، ئێمە بەردی گەورە هەڵدەگرین و دەڵێین پەنجا ملیۆن، شەست ملیۆنین. دوو هەفتە دەبێ لێکۆڵینەوەیەک کراوە و دەڵێن لەوانەیە ٧٠ ملیۆن بێ.

**محەمەد عزەدین**: لە سەرانسەری جیهان؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: واتا بەگشتی دەڵێن ژمارەی نفووسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ٧٠ ملیۆن کەسە.

**محەمەد عزەدین**: ڕاستە، بەڵێ مامۆستا.

**ئیسماعیل بێشکچی**: بگەنە ئەو بڕوایەی بڵێن کە پارچەپارچە ناکرێن، دابەش نابن و، بە شێوەیەک کە بڵێن تۆ ٧٠ ملیۆنی کەسی.

**محەمەد عزەدین**: وای دابنێین.

**ئیسماعیل بێشکچی**: وای دابنێن ٧٠ ملیۆن کەسی، بەڵام تۆ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا نی، پێگەت نییە، لە نەتەوە یەکگرتووەکان ناوت نییە.

**محەمەد عزەدین**: ئاڵات نییە.

**ئیسماعیل بێشکچی**: لە کۆنفرانسی ئیسلامی ناوت نییە.

**محەمەد عزەدین**: نییە.

**ئیسماعیل بێشکچی**: لە کاتێکدا تۆ ٦٠ ملیۆن کەسی، بۆ نموونە وڵاتانی کەنداو وەک، کوەیت، قەتەر، بەحرەین، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، هەر یەک لەوانە ملیۆنێک دەبن، دوای شەڕی دووهەمی جیهانی دروست بوون. بۆ نموونە یەکێتیی ئەوروپا هەیە.

**محەمەد عزەدین**: بەڵێ.

**ئیسماعیل بێشکچی**: یەکێتیی ئەورووپا ٢٧ ئەندام بوون، بۆ نموونە لە یەکێتیی ئەورووپا، قوبرس.

**محەمەد عزەدین**: لۆگزامبۆرگ.

**ئیسماعیل بێشکچی**: قوبرس، لۆگزامبۆرگ، ماڵتا، زۆربەی ئەو وڵاتانە نفووسیان یەک ملیۆنە، یان یەک ملیۆنیش نابن، هەر وا بێتەوە، ستۆنیا، لیتوانیا، لاتڤیا و زۆر نموونەی دیکە هەیە لەو ٢٧ ئەندامە کە نفووسیان زۆر کەمە. ملیۆنێک، دوو ملیۆن و سێ ملیۆن، چوار ملیۆن، بەڵام تۆ پەنجا ملیۆن یان زیاتر لە پەنجا ملیۆنی، کەچی ناوت نییە. کوردەکان پێویستە ئەمە بزانن و ئاگاداری ئەمە بن.

**محەمەد عزەدین**: مامۆستا شتێکی دیکەش هەیە.

**ئیسماعیل بێشکچی**: تو لەسەر ڕووبەری زەوییەکی بەم فراوانییە دەژی، ئەوەندە نفووست هەیە، ناوت نییە. واتە ئەوە ناحەقییە کە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە .

**محەمەد عزەدین**: شتێکی دیکەش هەیە مامۆستا کە لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا، عەرەب وەکوو پێکهاتەیەکی ئەتنیکی ٢٣ دەوڵەتی هەیە و ٢٣ نوێنەری لەوێ هەیە، بەڵام کوردەکان نییانە.



سەرچاوە Serchawe

**ئیسماعیل بێشکچی**: کوردەکان نیبیانە. تەماشا کە، بۆ نموونە لە کۆنفرانسی ئیسلامیدا ٢٣ دەوڵەتی عەرەب هەیە، میسریش دەوڵەتێکی عەرەبییە، نزیکەی ٥٠ دەوڵەتی ئیسلامی هەیە کە زۆربەیان نفووسیان لە ژمارەی گشتیی کورد کەمترە. بۆ نموونە لە یەکێتیی ئەورووپاش مەگەر تەنیا ئاڵمانیا، فەڕەنسا ،ئینگلتەرا، ئیسپانیا و هەروەها ئیتالیا و پۆڵەندا بەقەدەر کورد نفووسیان هەبێ، بەڵام وڵاتانی دیکە ژمارەی دانیشتووانیان لە ژمارەی نفووسی کورد کەمترە .

**محەممەد عزەدین**: باشە، مامۆستا تۆ لێکۆڵینەوەیەکت دەربارەی دێرسیم هەیە، لە توێژینەوەکەتدا باسی گۆڕینی ناوی شارەکە بۆ کوردی و کێشەی ناسنامەی عەلەوییەکان و سەرهەڵدانی شێخ ڕەزا و شەڕی لەگەڵ تورکیا دەکەیت، کەچی سەرەڕای ئەمانە دەبینین کە لەوێ پارتە کۆمۆنیستەکان دەتوانن دەنگێکی زۆر بەدەست بێنن، ئەمە چۆن لێک دەدەیەوە؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: بەڵێ، لەوێ کەمیی زانیاریی نەتەوەیی هەیە، بابەتەکە کەمبوونی زانیاریی نەتەوەییە. نەتەوەی کورد کە کوردستان وڵاتەکەیەتی، زانیاریی کەمە، ئەو زانیارییە کەمانە، لە باشووریش وایە. لە کوردستانی باشوور بەو شێوەیە، چەندین شەڕ ڕوویان داوە، زۆر شەڕی گران ڕووی داوە و باجی زۆر قورس دراوە. بۆ نموونە ساڵی ١٩٨٨ هەڵەبجە کیمیاباران کرا، بەڵام ئەمە نەیتوانیوە ببێتە هۆی فراوانبوونی هەستی نەتەوەیی لەنێو کوردەکان، لە باشوور و باکووریش هەر بەو شێوەیەیە.

**محەممەد عزەدین**: زۆر باشە مامۆستا، مادام بارودۆخەکە بەم شێوەیەیە، گرنگیی زمانی کوردی لە هەموو بەشەکانی کوردستان چییە؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: زمانی کوردی زۆر گرنگە، بۆ نموونە لە تورکیا لە کاتی دامەزراندنی کۆمارەوە لە ١٩٢٠ هەوڵ دەدرێت کوردی لەنێو ببرێت و، کوردەکان بە زمانی تورکی پەروەردە بکرێن، سیاسەتی دەوڵەت بۆ کورد ئەمەیە. بۆ ئەم مەبەستەش گوندەکانیان سووتێنراون و ڕووخێنراون. کاتێک گوندەکان ڕووخان، تو دەچییە ڕۆژئاوا و دەچییە ئیستەنبوڵ، ئانکارا و ئیزمیر. بیرۆکەی دەوڵەت ئەوەیە، کورد لەوێ دەتوێتەوە، کوردی لەبیر دەکات و فێری تورکی دەبێت.

**محەممەد عزەدین**: هەر واشی لێهات.

**ئیسماعیل بێشکچی**: بێگومان هەربۆیە سیاسەتی بنەڕەتیی دەوڵەت ئەوەیە کوردی لەنێو بەرێت، ئێمەش دەڵێین پێویستە کوردەکان بەمە بزانن و لەناو خۆیاندا پەرە بە زمانی کوردی بدەن. لەنێو یەک خێزان دەبێ بە کوردی قسە بکەن، دەبێ

منداڵان فێری کوردی ببن، لە دیاربەکر لە ئانکارا. ئەمە دەڵێین، ئەگەر وە نەبێ سیاسەتی دەوڵەت لەنێوبردنی زمانی کوردی و، لەبیرکردنی کوردییە.

**محەمەد عزەدین**: کورد لەبەرانبەر ئەو سیاسەتەدا دەبێ چ هەڵوێستێکی هەبێت؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: دەبێ بە کوردی بژین، لەگەڵ منداڵەکانیان بە کوردی قسە بکەن، فێری کـوردییان بکەن.

**محەمەد عزەدین**: زۆر باشە، مامۆستا دەمەوێ پرسیارێکی دیکە بکەم کە پەیوەندی بەم پرسیارەوە هەیە. لە ساڵی ٢٠٢٢ داین، هەندێک لە ڕۆشنبیران و نووسەران دەڵێن چیتر باوی دەوڵەتی نەتەوەیی نەماوە، بۆ کوردان دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کارێکی زۆر سەختە، باشترە لەنێو دەوڵەتێکدا، وەکوو هەندێک لە دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپا ببن بە یەک دەوڵەت، بیرکردنەوەی تۆ لەم بارەیەوە چییە؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: ئەوەی دەڵێی ڕاست نییە، قسەی تۆ بۆ ڕاست نییە، سەیر کە یەکێتیی سۆڤیەت(شۆڕەوی) لە ساڵی ١٩٩٠ هەڵوەشایەوە، ١٥ دەوڵەتی لێ دروست بوو. یۆگۆسلاوی لە ساڵی ١٩٩٠ پارچەپارچە بوو، مەکەدۆنیا، سڕبیا، هرواتستان (کرواسی) و ئیسلوانیا و... هتد دروست بوون واتا چەند دەوڵەت دروست بوون.

دەمەوێ ئەمە بڵێم کە دەوڵەتی نەتەوەیی کۆتایی نەهاتووە، بۆ نموونە لە ئەفریقا لەو ساڵانەی دواییدا سوودان دروست بوو.

**محەمەد عزەدین**: شوێنی دیکەش هەن.

**ئیسماعیل بێشکچی**: واتا ئەو مودێلە هیشتا بەکار دێت، هێشتا هەموو لایەک دەیانەوێ ببن بە دەوڵەت.

**محەمەد عزەدین**: ئەو پرسیارەی لە ئێوەم کرد، هەندێک جار پارتە سیاسییەکانی باشوور و باکوور و ڕۆشنبیران باس لەو بیرۆکەیە دەکەن، بەڵام ئێمە دەزانین بیرکردنەوەی مامۆستا ئیسماعیل لەو بوارەوە دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی‌یە و، دەبێ ئەمە گرنگترین کاری کوردان بێت، لەم بوارەوە لەنێوان هەدەپە و بیرکردنەوەکانی ئێوەدا هیچ ناکۆکییەک دروست دەبێ؟ دروست بووە؟ بیرکردنەوەتان جیاوازە یان نا؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: جیاوازە، زمان بۆ کوردان زۆر گرنگە، لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژییەوە زمان زۆر گرنگە، خاوەنی زمان بوون زۆر گرنگە، هەبوونی دەوڵەت گرنگە. ئێمە دەڵێین ٥٠ ملیۆنین، پێویستە ئەم ٥٠ ملیۆنە دەوڵەتی هەبێت. ئەگەر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەوڵەتت نەبێ، ناتوانی قەبرستانێکیشت هەبێ، ناتوانی موزەخانەیەکت هەبێ. بۆ نموونە لە دەوروبەری سێرت گۆڕستانێک تێک درا. لە شەڕی پەکەکە و دەوڵەت گۆڕستانێکیان تێک دا. خاکیان بردبووە ئیستەنبۆڵ، لە ئیستەنبۆڵ ڕێگەیەکیان دروست دەکرد، دەیانویست ئەو ڕێگەیە فراوان بکەن. لە سێرتەوە خاکیان هێنابووە ئیستەنبۆڵ، واتە گۆڕستانێکیان تێک دابوو، ئێسکوپرووسکیان بردبووە ئیستەنبۆڵ و بێتۆنیان بەسەردا کردبوون. واتە ئەگەر دەوڵەتێکت نەبێ، گۆڕستانیشت نابێ و ناتوانی خانوو دروست بکەی، هەربۆیە دەوڵەت زۆر گرنگە.

**محەممەد عزەدین**: باشە لە هەموو بەشەکانی کوردستان.

**ئیسماعیل بێشکچی**: لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نێویشت نابێ، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا باسی ملیۆنان کەس دەکەین. لە ئێران، عێراق، سوریا و تورکیا نابێ، لە نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆنفرانسی ئیسلامی پێویستە کورسیتان هەبێ، ناوتان هەبێ. هەربۆیە دەبێ بەم شێوەیە بێ.

**محەممەد عزەدین**: مامۆستا بە پێی ئەو قسانەی تو بێ، هەنگاوی پارتە سیاسییەکانی چوار پارچەی کوردستان وەکوو پەکەکە، پارتی و یەکێتی بۆ پاراستی زمانی کوردی و نەتەوەی کورد چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: ئێمە بەردەوام باسی ئەوە دەکەین کە لە ساڵانی ١٩٢٠ کوردستان پارچەپارچە، لەت و دابەش کراوە، پێویستە کوردەکان زانیارییان لەسەر ئەمە هەبێ و لەم خاڵەوە سیاسەت بکەن. تەنانەت دەتوانین بڵێین کاتێک بیر لە ساڵانی ١٩٢٠ دەکەینەوە، مافی میللەتان بۆ دیاریکردنی چارەی خۆنووسین شتێکی وا هەیە، مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان، سالانی ١٩٢٠ ئەو سەردەمەیە کە یەکەم جار ئەم شتە تێیدا ڕووی داوە. لە باکووری ئەفریقا، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا، ئەو سەردەمەیە کە ئەمە یەکەم جار ڕووی داوە. بۆ ئەوەی ئەو وڵاتانە بتوانن ئەمە بەدەست بێنن، هەوڵێکی زۆر دراوە، بۆ نموونە لە یەکێتیی سۆڤیەت لە سەردەمی (ستالین ترۆچکی) و لە ئەمریکا لە سەردەمی سەرۆکایەتیی ڕۆزڤێلت، نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆیان زۆر هەوڵ دەدەن. لەو قۆناغەدا دەبینین کوردستان لەت، پارچەپارچە و دابەش کراوە. دەمەوێت ئەمە بڵێم پێویستە کوردەکان لەمە تێبگەن، تێگەیشتن ئەوەیە کە بڵێیت، بۆ ئەم ناحەقییە بەرانبەر بە ئێمە کراوە، واتە چ کەموکوورییەکمان هەیە کە دەوڵەتەکان بەرانبەر ئێمە بەکاری دێنن و لەتی دەکەن. پارچەپارچەی دەکەن، دابەشی دەکەن و ناسنامەکەمان لەنێو دەبەن. سەرەڕای هەبوونی ئەو نفووسە زۆرە، ئەو ڕووبەرە فراوانە، بۆ ناوی ئێمە لە نەتەوە یەکگرتووەکان نییە. پێویستە لەمە تێبگەن،

کاتێک لەمە تێگەیشتن، هەر کاتێک کوردێک لە ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا لەمە تێگەیشت، دروستکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتن و قسەکردن ئاسانتر دەبێت.

**محەممەد عزەدین**: زۆر باشە مامۆستا، دەمەوێ چەند پرسیارێک سەبارەت بە باکوور لێ بکەم، تو پێشتر لە نووسینەکانی خۆتدا دەربارەی ئۆجەلان ئاوات گوتووە. ئەگەر هەڵە بووم تکایە بۆم ڕاست بکەوە، لەبەر ئەوەی ئۆجەلان لە بەندیخانەیە، پارتە کوردییەکانی باکوور، نابێ بە قسەی ئەو بکەن، دەبێ بە قسەی ئەوانە بکەن کە لە دەرەوەن، لەبەر ئەوەی لە بەندیخانەیە. کەسێک لە بەندیخانە بکرێت، ئیرادە و بیرکردنەوەیەکی ئازادی نابێت، لەم بارەوە پارتە کوردییەکان بۆ دوارۆژی کورد دەبێ چی بکەن؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: شتێکی زۆر ئاشکرایە، کورد خاوەنی نفووسێکی فراوانە و لە وڵاتێکی فراواندا دەژین، بەڵام ئەم وڵاتە لەت، پارچەپارچە و دابەش کراوە. دەڵێن کوردستانی ئێران، کوردستانی عێراق، کوردستانی سوریا یان دەڵێن کوردستانی تورکیا، لە کاتێکدا دەبێت کوردستانی کوردەکان بێت. بەڵام ئەمە نییە، هەر لەبەر ئەوەیە کە دامەزراندنی کوردستان گرنگە، ئێوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست٥٠ ملیۆن کەسن، بەڵام لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا ناوتان نییە، پێویستە بیر لەوە بکەنەوە. پێویستە کورد بیر لەمە بکاتەوە کە چۆن ئەم ناحەقییە بەرانبەری کراوە. ئەم ناحەقییە چۆن تا وەکوو ئێستا بەردەوامە، کاتێک کورد لەمە تێبگات، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتر باشتر پەرە دەستێنێت، کوردەکان دەبێت یەکتر قەبووڵ بکەن، نابێ باج بدەنە دەوڵەت.

**محەممەد عزەدین**: واتا کوردەکان دەبێ یەکتر قەبووڵ بکەن نەک دەوڵەتانی دیکە.

**ئیسماعیل بێشکچی**: بەڵێ.

**محەممەد عزەدین**: زۆر باشە مامۆستا، تو عەبدوڕەحمانی قاسملوو دەناسی؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: بەڵێ.

**محەممەد عزەدین**: کتێبێکی عەبدوڕەحمانی قاسملوو هەیە بە ناوی کوردستان و کورد، ئەگەر ئەو کتێبەت خوێندووەتەوە، عەبدوڕەحمانی قاسملوو و ئەم کتێبە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: قاسملوو لە نزیکەوە دەناسم، واتا لە کتێبەکانییەوە دەیناسم. لە بزووتنەوە سیاسییەکەیەوە دەیناسم، لە ساڵی ١٩٧٨ کاتی گەڕانەوەی خومەینی بۆ پاریس کە بیرکردنەوەی خۆی ئاشکرا کرد، لەوێوە دەیناسم. کاتێک خومەینی لە پاریس بوو، چاوپێکەوتنی لەگەڵ قاسملوو هەبوو. قاسملوو لە پاریس خومەینی بینوە و باسی کوردانی کردووە، باسی بارودۆخی کوردانی کردووە. چەند داواکارییەکی هەبوو، بەڵام کاتێک خومەینی گەڕایەوە ئێران و شا ڕووخا، قاسملوو لەگەڵ سەرکردەکانی کورد جارێکی دیکە سەردانی خومەینییان کردەوە. خومەینی دەڵێت یەکپارچەیی ئیران و ئیسلام گرنگە، داواکاری لە دەرەوەی ئەم بابەتانە لە دژی ئیسلامە. لەسەر ئەم شتانە ناکۆک دەبن و، دەڵێت کۆبوونەوە کۆتایی هاتووە

دەیەوێت ئیسلامی خۆی بەسەر کورددا بسەپێنێت، بەتایبەتی ئیسلامی شیعەی ئیرانی، لە ئێران و عێراق و تورکیا دەربارەی دواڕۆژی کوردەکان هەڵوێستێکی دژەکوردییان هەبووە.

**محەمەد عزەدین**: باشە، مامۆستا لێرە پرسیارێکی دیکە دەربارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە، ئەم گۆڤارە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەردەچێت، پێشنیارتان بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چییە؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: ئێستا تێگەیشتن لەو پارچەبوون و لەتکردنە زۆر گرنگە، دەتوانم ئاوا بڵێم کە ئەمە قۆناغێکە و خۆی بەڕێوە دەبات، دابەشکردن و لەتکردن و پارچەپارچەکردن، تەنیا وڵاتەکەیان دابەش نابێت، بەڵکوو ماڵباتەکانیش دابەش دەبن، پارتە سیاسییەکان دابەش دەبن، ئەندامانی خێزان دابەش دەبن، بۆ نموونە لەنێو ماڵباتێکدا یەکیان بووەتە گەریلا، ئەوەی دیکەیان عەسکەرە(سەربازی تورک) واتە لەت، پارچەپارچە و دابەش بوون. قۆناغێکە خۆیان بەرهەمی دێنن، پێشتر ڕژێمی شا و عوسمانییەکان، دواتر لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە ئێران و لە ئازەربایجان لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت، کوردستانی سوور ڕاگەیێنرا. واتا بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چووە ژێر دەسەڵاتی ڕووسەکان، کوردستانی عوسمانییەکان بەسەر سێ بەشدا دابەش کرا: وەک عێراق، سوریا و تورکیا.

**محەمەد عزەدین**: زۆر باشە مامۆستا گیان، سپاستان دەکەم. هیچ پرسیارێکی دیکەم نەماوە و لە کۆتاییدا ئەگەر بتەوێ شتێک بڵێی لە خزمەتتداین.

**ئیسماعیل بێشکچی**: دەمەوێ لە ڕێگەی ئێوەوە خۆشەویستیی خۆم پێشکەشی ڕۆژهەڵات و خەڵکی ڕۆژهەڵات بکەم.

**محەمەد عزەدین**: زۆر سپاس مامۆستا گیان.



سەرچاوە Serchawe

سەرچاوە" گۆڤاری تیشک ژمارە ٦٣ ساڵی بیست و چوارەم بەهاری ٢٧٢٢

## کونە ئیمپرایالیستییەکە سەدەی ٢١ سەدەی هیوا بۆ کورد



**د.ئیسماعیل بێشکچی**

**ڕووداو**

بەهەستێکی پڕ لە خۆشەویستییەوە سڵاوتان لێدەکەم. زۆر خۆشحاڵم کە لە کوردستانم، لە باشووری کوردستانم، لە هەرێمی کوردستانم . لە هەمانکاتدا ئەمڕۆ میدالیای مەلامستەفا بارزانی درایە من، ئەوە مایەی شانازییە بۆ من، سوپاستان دەکەم. ئێمە وەک شاندی وەقفی ئیسماعیل بێشکچی هاتینە ئێرە. دەستەی بەڕێوەبەرایەتی وەقفەکەمان ئێستا لێرەن، کە بریتین لە بەڕێزان سەیدای مەلا ئیسحاق و ئیبراهیم گوربوز.

**ناسینی کورد**

بەڕێزان، دەمەوێ لەو دانیشتنەدا لەبارەی تێڕوانینی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ کێشەی کورد و کوردستان بدوێم لەساڵانی 1920 تاوەکو 1945 لەسەردەمی کۆمەڵەی گەلان و دواتریش لەسەردەمی نەتەوەیەکگرتووەکاندا. بەڵام بەر لەوە دەمەوێ باس لە ڕووداوێکی نزیکەی 50 ساڵ لەمەوبەر بکەم.

ئەز لەساڵانی 1962 - 1964 لەخزمەتی سەربازیدابووم. لەساڵی 1963دا لە بدلیس سەربازبووم و لە وەرزی هاوینی هەمان ساڵ لە قەزای شەمزینان بووم. لەو ساڵانەدا شەڕ و پێکدادان هەبوو لەنێوان کورد و حکومەتی عێراقدا و تێکۆشان بەردەوام بوو. تێکۆشانێک بە ڕێبەرایەتی مەلا مستەفا بارزانی لە باشووری کوردستاندا بەڕێوەدەچوو. لەو سەردەمەدا دەستەواژەی وەک یاخی و ڕێگر و چەتە بۆ مەلا مستەفا بارزانی و پێشمەرگە بەکاردەهێنرا. فەرمانی بەوشێوەیە دەدرایە یەکینە سەربازییەکان، بەوەی شەڕ و پێکدادان هەیە لەنێوان حکومەتی عێراق و چەتەکاندا و لەوانەیە لەو شەڕانەدا چەتەکان تەنگاو ببن و حکومەتی عێراق بەرەو باکوور واتە بەرەو خاکی تورکیا راویان بنێت. بە وەرگرتنی ڕێوشوێنی ئەمنی لە سنوور دەبێ ڕێگە بگرین لە هاتنیان بۆ نێو تورکیا و لەسەر سنوور بیانگرین. لەسەر سنوور یەکەی سەربازی هەبوو، بەڵام بۆ بەهێزکردنی ئەو یەکە سەربازییانە لە لیواکانی بەدلیس، موش، بنگۆل و ئەرجیشەوە هێزیان بۆ رەوانە دەکرا. من لەنێو ئەو یەکە سەربازییەدابووم کە لە لیوای بەدلیسەوە رەوانە کرابوو. لە هاوینی 1963دا لە ناوچەکانی باشقالا، گەڤەر، ئۆرەمار و شەمزینان ، زەرن و رووبارۆک و ماوان مامەوە. ئەو یەکە سەربازییەی من لەناویدا بووم رەوانەی ماوان و رووبارۆک و زەرن و چەند خاڵێکی دیکەی سنووری کرا. لەو سەردەمدا لەنێوان کوردان خۆشیاندا لەدیوی باشووری کوردستاندا شەڕ هەبوو، واتە لە ناوچە سنوورییەکاندا لەلایەک شەڕ هەبوو لەنێوان حکومەتی عێراق و بارزانییەکاندا، لەلایەکی دیکەوە شەڕ هەبوو لەنێوان بارزانییەکان و ئەو کوردانەی بەکرێگیراوی حکومەتی بەغدا بوون. عەشیرەتی برادۆست گوندەکانی بارزانیان دەسووتاند، دەمانتوانی ئەوە لەسەر سنوورەوە ببینین. حکومەتی بەغدا کوردی بۆمباباران دەکرد و بەشێکی زۆری ئەو بۆمبایانە لە ناوچەکانی رووبارۆک و ماوان و ئەو شوێنانە دەکەوتن. مەفرەزەی کەشف دەردەچوون و منیش لەبەرئەوەی سەربازبووم لەنێو ئەو مەفرەزانەدا بووم. بۆ بەدواداچون و زانینی ئەوەی گەل، شەمزینان، گوندەکان چی بەرهەمدەهێنن، چۆن دەژین، چی دەکڕن و چی دەفرۆشن و لەبارەی شەڕ و پێکدادانەکان چۆن بیردەکەنەوە، هەروەها کاریگەری ئەو شەڕە چییە لەسەر خەڵک، مەفرەزەی کەشف دەردەچوون. منیش بەشێوەیەکی بەردەوام لەگەڵ ئەو مەفرەزانەدا دەگەڕام. رووبارۆک گوندێکی سنووری بوو لەخاڵی سفردا لەسەر سنوور لەگەڵ عێراقدا. خاڵە سنوورییەکان تەلبەند نەکرابوون، بەڵام لە هەر 1 - 3 یان 5 کیلۆمەترێکدا هەندێک بەرد وەک نیشانەی سنوور خرابوونە سەر یەک. لە کاتی ئەنجامدانی کەشفدا رۆژێک مەفرەزەیەکی 11 کەسی کە خۆم فەرماندەریان بووم، بەبێ ئەوەی بزانین سنوورمان تێپەڕاندبوو. 4 - 5 کیلۆمەتر لەسنوور چووبووینە ژوورەوە. پاش ماوەیەک پێشمەرگەکان رایانگرتین و هەندێک شتیان پێگوتین، بەڵام هیچ تێنەگەیشتم و زۆر سەرم سوڕما. بەو سەرسوڕمانە یەکێک لە سەربازەکان پێیگوتم، گەورەم ڕێگەم پێبدە من قسە لەگەڵ ئەو برادەرە بکەم . من ئەوسا نەمدەزانی پێشمەرگە چییە، بەڵام گوتی با من قسە لەگەڵ ئەو

کەسەدا بکەم، ئەو سەربازەم کوردێکی خەڵکی قەزای ئارپاچای سەربە شاری قەرس بوو. ئەوسا لە شەستەکاندا زۆر لەبارەی تورکبوونی کورد زۆر بەچڕی ئاخاوتن و گفتوگۆ دەکرا . لە زانکۆ و دەزگاکانی راگەیاندن و دادگاکاندا زۆر بەچڕی باس لەوە دەکرا کە کورد نییە، کورد تورکن و لە ئاسیای نێوەڕاستەوە هاتوون و زمانێک نییە بە ناوی زمانی کوردی. ئەوکات ئەم چەمک و تێڕوانینە زاڵبوو. پڕوپاگەندەکە بەوشێوەیە بوو کە کورد لەیەکتر تێناگەن و لە بنەڕەتەوە زمانێک نییە پێی بگوترێ زمانی کوردی. کوردێک لە کوردێکی گوندێکی نزیک خۆی تێناگات. دەگوترا کوردێکی ئەمدیوی چیا لە کوردەکەی ئەودیوی چیا تێناگات، کوردێکی ئەم گەڕەکە لە کوردێکی گەڕەکەکەی دیکە تێناگات، کوردی زمانێکی بێبنەمایە و ئەسڵەن ئەم زمانە هەر نییە و زۆر بەخەستی ئەم پڕوپاگەندەیە دەکرا. باسی ئەوەم کرد کە پێشمەرگەکان رایانگرتین و سەربازە قەرسییەکەش گوتی با من قسە بکەم، زۆر پێم سەیربوو، ئاخۆ چۆن قسەی لەگەڵ دەکات. ئەو ناوچەیەی ئێمە لێی بووین کە رووبارۆک بوو کە بارزانە لەگەڵ قەرس 700 کیلۆمەتری بەینە، چۆن دەتوانێ قسە بکات و چۆن لێیان تێدەگات لەکاتێکدا زمانێکی وا بوونی نەبێت. کورد خۆیان لەیەکتر تێناگەن، ئەم سەربازە چۆن دەتوانێ لەگەڵ ئەو پێشمەرگەیەدا قسە بکات. ئەم سەربازە قەرسییە دەستی بەقسەکردن کرد. بێگومان پێم گرنگ نەبوو لەڕووی نێوەڕۆکەوە باسی چیکرد، بەڵام ئەوەی بەلامەوە گرنگبوو ئەوەبوو کە چۆن قسەی لەگەڵ دەکات. بینیم بەشێوەیەکی زۆر ئاسایی قسەی لەگەڵ کرد. زۆر بە ئاسانی و بە باشی لێک تێگەیشتن.

بێگومان ئەمە لە هەلومەرجی شەستەکاندا لەڕووی ئایدیۆلۆجیای فەرمییەوە رامانێکی گرنگ لە هزری مرۆڤدا دروستدەکات. ئەمە رووداوێک بوو کە خۆم لەساڵی 1963دا بینیم. کەمێک پێش ئێستا باسی شەڕی نێوان حکومەتی عێراق و پێشمەرگەم کرد. لەوشەڕەدا ئەو ئەمرەی بە ئێمە درابوو ئەوەبوو کە حکومەتی عێراق ئەوان تەنگاو دەکات و ئەوانیش دێنە نێو خاکی تورکیا و رێگەیان پێنادەین بێنە نێو خاکی تورکیا و لە سنوور دەستگیریان دەکەین، بەڵام رووداوێکی زۆر جیاواز روویدا. لە شەڕی نێوان بارزانییەکان و برادۆستییەکاندا، برادۆستییەکان ناچاربوون بێنە نێو خاکی تورکیا. ئەم قۆناغەش زۆر سەرنجڕاکێش بوو. ژن و پیاو و منداڵی برادۆستییەکان و زۆر قەرەباڵغی بە مەڕ و ماڵات و کەر و مریشکەکانیانەوە هاتنە تورکیا. بینینی ئەم رووداوە سەرنجڕاکێش بوو، لەبەرئەوەی هێمای بێزاری بەڕووی ئەو کەسانەوە دیار نەبوو کە هاتبوون. لە کەشێکدا بوون وەک بڵێی لە گەڕەکێکەوە چووبنە گەڕەکێکی دیکە. بەشێکیان خێوەتیان هەڵدەدا، بەشێکیتر ئاویان دەهێنا و منداڵەکانیان دەشۆرد. بەشێکیتر سێ بەردیان دادەنا و مەنجەڵێکیان دەخستەسەر و ئاویان گەرم دەکرد و بەشێکیان سێ بەردیان دادەنا و ساجێکیان دەخستە سەری و نانیان دروستدەکرد و ژیانی ئاسایی خۆیان بەردەوام دەکرد. بێگومان لەڕووی سایکۆلۆجییەوە ژیانی پەنابەری کاریگەرییەکی زۆر نەرێنی دەکاتە سەر کەسەکان، بەڵام لەو هەلومەرجەدا بەتایبەتی ژن و منداڵان ژیانێکی زۆر ئاساییان بەسەر دەبرد. دوای بینینی ئەو راستییانە لە گرێدانی کورد بە ژیانەوە لە ئەستەمترین هەلومەرجدا هەوڵدان بۆ بەردەوامبوون و مانەوە، فاکتەرێکی گرنگبوو.

## کورد و والی ئەرزنجان

والی ئەرزنجان بەسەرهاتێکی دەگێڕایەوە کە باسی ساڵانی 1930 دەکرد و دەیگوت ئێمە دەچین ماڵی کوردان دەڕووخێنین، کەچی ئەو کوردانە هەر 50 مەتر لەولاترەوە دەچن و خێوەت هەڵدەدەن و دەستدەکەن بە ژیان لەژێر خێوەتدا. خێوەتەکانیان لێتێکدەدەین، ئەوجارە ڕێگەیەکی دیکە دەدۆزنەوەو دەچن سێ بەرد دەهێنن مەنجەڵێکی دەخەنەسەر و بەشێوەیەک لەشێوەکان ژیانی خۆیان درێژە پێدەدەن. گرێدانی کورد بە ژیانەوە خاڵێکی زۆر گرنگە. هیچ یەکێک لەو فەرمانانە جێبەجێنەکران کە حکومەت لەساڵی 1963دا بۆ یەکە سەربازییەکانی ڕەوانە کردبوو، بارزانییەکان بەرەو سنوور نەهاتن و لە ناوچەکانی ناوەوە ڕۆیشتن و لەو ناوچانەدا بەردەوامبوون لە خەبات . لەو فەرمانانەدا هاتبوو کە لەساڵی 1947دا دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، مەلا مستەفا بارزانی و پێشمەرگەکان، 500 پێشمەرگە لە ڕێگە سنوورییەکانی ئێران - تورکیاوە بەرەو یەکێتی سۆڤیەت ڕۆیشتن، بۆ ئەوەی جارێکیتر قۆناغێکی هاوشێوەی ساڵی 1947 دووبارە نەبێتەوە، با لە سنووردا بیانهێڵینەوە و دەستگیریان بکەین، ڕێگرییان لێبکەین لە هاتنە ناوەویان بۆ خاکی تورکیا، بەڵام پێشهاتەکان بەوشێوەیە نەبوون، بارزانییەکان لە باشوور بەردەوامبوون لە خەبات و برادۆستییەکانیش لە پاییزدا لە ڕێگەی پێشخاپوورەوە ڕەوانەی عێراق کرانەوە. بە کورتی دەتوانم ئاماژە بەو خاڵانە بدەم لەبارەی سەربازییەکەی خۆم لە ساڵی 1963دا.

ئێمە دوێنێ لە ناوچەی بارزان بووین، پێموایە بارزان لە ناوچەی شەمزینانەوە نزیکە. دەمەوێت لەبارەی پەیوەندی نێوان کورد و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەساڵانی 1920 و 1945 لەسەردەمی کۆمەڵەی گەلان و نەتەوەیەکگرتووەکاندا هەندێک شت باسبکەم. لە ساڵی 1930 ڕۆژنامەی (میللییەت)ی تورکیا، کاریکاتێرێک بڵاوکرایەوە کە وێنای چیای ئاگری گەورە و ئاگری بچووکی لەسەر کێشراوەو لەنێوان هەردووکیاندا گۆڕێک دروستکرابوو لەسەری نووسرابوو "خەیاڵی کوردستان لێرە لە گۆڕ نراوە". لە گۆڕنانی خەیاڵی کوردستان چ واتایەک دەبەخشێت و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا چۆن ڕوویداوە؟ لە ساڵانی بیستەکاندا کاتێک کە کۆمەڵەی گەلان دامەزرا، سەردەمێکبوو کە زیاتر باس لە مافی چارەی خۆنووسین دەکرا لەلایەن گەلانەوە، قۆناخێکبوو کە سەرکردەکانی وەک ترۆتسکی، ستالین لە یەکێتی سۆڤیەت زۆر بە چڕی باسیان لەو پرەنسیپە دەکرد، لە هەمانکاتدا لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، سەرۆک وێلسن بە هەمان شێوە لەو پرەنسیپەی دەڕوانی. لەو قۆناغەدا کورد و کوردستان دابەش و پارچە پارچە کران، کە ئەمە وەک پارچە پارچەکردنی جەستە و پرژاندنی مێشکی مرۆڤە. ئەمە قۆناخێکبوو کە لەلایەن دەولەتە زلهێزە ئیمپراڵییەکان وەک بەریتانیا و فەرەنسا و هاوپەیمانەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە ڕێوە چوو. لەو سەردەمەدا کورد ڕووبەڕووی دوو زلهێزی ئیمپریالیستی جیهانی و دوو ئیمپراتۆریەتی زەبەلاحی وەک عوسمانیەکان و سەفەویەکان (کە دواتر حکومەتەکانی ڕەزا شا و تورکیای لێ دروست بوو) لە ناوچەکەدا بۆیەوە. ئەم چوار هێزە هاوپەیمانیەکیان بەست و ئۆپەراسیۆنێکی چڕیان بۆ سڕینەوە و نەهێشتنی کورد لە مێژوودا بەڕێوە

برد. کۆمەڵەی گەلان بۆچی دامەزرا؟ بۆ ئەوەی ئاشتی و ئارامی لە نێوان گەلاندا دروست بکات، بۆ نمونە لەم سەردەمەدا لە باشووری کوردستان شێخ مەحموود بەرزنجی لە نێو جەنگێکی سەخت بوو لەگەڵ ئینگلیزەکاندا دەیگوت من مەلیکی کوردستانم و وەک مەلیک من بناسێنە، بەلام ئینگلیزەکان دانیان پێدا نەناو لە ساڵی 1922 جەنگێکی سەخت لە نێوان کورد و ئینگلیزەکان ڕوویدا بۆ یەکەمین جار فڕۆکە جەنگییەکان و گازی ژەهراوی لە دژی کورد بەکارهێنران، کۆمەڵەی گەلان دادەمەزرێ بەڵام خواست و ئارەزووەکانی کورد لەلایەن ئەوانەی کۆمەڵەی گەلانیان دامەزراندووە فەرامۆش دەکرێت و کورد ناتوانێت خواست و داواکارییەکانی خۆی بگەیێنێتە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی گەلان وەک بەریتانیا و فەرەنسا و یەکێتی سۆڤییەت. کۆمەڵەی گەلان نەیتوانی ئەو خواست و داواکاریانەی کە لێی چاوەڕواندەکرا جێبەجێبکات و ئاشتی لەنێوان گەلاندا دروستبکات و ببێتە بەربەست لەبەرامبەر هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی دووەم، کاتێک دەڕوانینە جەنگی جیهانی دووەم دەبینین کورد دیسان لەسەر پێیە، بۆ نموونە ئێران لەساڵی 1941 دا بەشێکی لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتی جارانەوە دەستی بەسەرداگیرا و بەشەکەی دیکەیشی لەلایەن بەریتانیاوە داگیرکرا. لەسەرەتای 1941ەوە لە ناوچەی ژێر داگیرکاری سۆڤیەتدا لەمەهاباد، بزووتنەوەیەکی میللی دەستی پێکرد و لەساڵی 1946دا کۆماری کوردستان لە مەهاباد دامەزرا، دوای جەنگی دووەمی جیهانیش کورد هەر لەسەر پێ بوو لەسەردەمی دامەزراندنی نەتەوەیەکگرتوەکانیشدا دەبینین بەهەمان شێوە درێژە بە خەباتی خۆی دەدات، هەمان ئەو کوردانە نەیانتوانی دەنگی خۆیان بگەیێننە دامەزرێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش یان وێڕای ئەوەی کورد خواستی خۆیان دەربڕی، بەڵام ئەوان بەدەم داواکانی کوردەوە نەهاتن. دوای جەنگی جیهانی دووەم لە جیهاندا گۆڕانکاری ریشەیی دروستبوو بۆ نموونە، سەرانسەری ئەفریقیا داگیرکرابوو، ئەمریکای باشووریش بەهەمان شێوە، بەر لە جەنگی جیهانی دووەم لە ئەفریقیا تەنیا دوو دەوڵەتی سەربەخۆ هەبوو یەکێکیان ئەسیوپیا (حەبەشستان) و بیدەریان. لە سەرتاسەری دنیادا گۆڕانکاری زۆر گەورە دروستبوو لە ئەفریقیا، لە ئەمریکای باشوور، لە ئاسیا، بەڵام لە کوردستان هیچ شتێک نەگۆڕا. بێگومان ئەمە هێما بۆ ئەوە دەکات کاتێک نەتەوە و گەلێک لە یەکێک لە قۆناغەکانی مێژوودا ڕووبەڕووی دابەشکردن بوویێتەوە و کرابێتە ئامانج، ئەوا کاریگەرییەکەی بەردەوام دەبێت. یەکەمین دابەشکردنی کورد و کوردستان لە سەدەی حەڤدەیەمدا بوو لەنێوان ئیمپراتۆریەتی سەفەوی و عوسمانییەکاندا. لە چارەکی یەکەمی سەدەی 19دا لەسەردەمی شەڕی ئێران و ڕووسدا لە ساڵانی 1813 - 1826 - 1828 دا بەشێکی کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ڕووس و کوردستان سەرلەنوێ دابەشکرا. دابەشکردنەکەی ساڵی 1920سێیەمین دابەشکردنی کوردستانە و، ئەو دابەشکردن و پارچەکردنە کاریگەرییەکی قوڵ و بەردەوامی دروستکردووە. تێکۆشانی مەلا مستەفای بارزانی لە باشووری کوردستان و قازی محەممەد لە مەهاباد لەئێران، لە باکووری کوردستانیش کە ماوەی 30 ساڵە خەباتێکی بەردەوام هەیە، بۆ نموونە سەرهەڵدانی شێخ سەعید لەساڵی 1926 و 1930 لە ئاگری، 1937 -1938 لە دێرسم، بەدرێژایی ئەم قۆناغەی تێکۆشان دابەشکردن زیاتر پەرەیسەند. بۆ نموونە عەشیرەت و خێزانەکان دابەشدەبن، تەنانەت لە یەک خێزاندا برایەک دەبێتە جاش و ئەویتریان دەبێتە گەریلا. چۆن دەکرێت دژی ئەمە بوەستینەوە؟ بۆ ئەوەی لەدژی بوەستینەوە پێویستە سەرەتا دەرک بە دۆخەکە بکەین و بە باشی هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین.

ئەگەر گەل و نەتەوەیەک بەردەوام ڕووبەڕووی دابەشکردن و پارچەکردن ببێتەوە، کەواتە خاڵێکی لاوازی هەیە و هێزە سەردەستەکانیش ئەو خاڵە بەکاردەهێنن و بە ئاسانی دابەشیدەکەن.

## هەڵەبجە و کۆنگرەی ئیسلامی

یەکەمین هەنگاو بۆ تێپەڕاندنی ئەو لاوازییە پێویستە لە هۆکارەکەی تێبگەین. لەبارەی تێڕوانین و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر کورد، دەمەوێ باسی چەند ڕووداوێک بکەم. لە 16ی ئازاری 1988دا لە هەڵەبجە جینۆساید ئەنجامدرا. لەبەرامبەر ئەم جینۆسایدە لە هیچ شار و شوێنێکی دنیادا ناڕەزایی و کاردانەوە و خۆپیشاندان و ڕەخنەیەک نەکرا، کەس هەڵوێستێکی دژی دەرنەبڕی، دەرککردن بەو بێ هەڵوێستییە گرنگە. لە 16ی ئازاری 1988دا کۆمەڵکوژی ئەنجامدراوەو هەر لە هەمان رۆژدا یەکێتی وڵاتانی ئیسلامی لە کوێت لە کۆبوونەوەدا بوون، بەڵام لە کۆنگرەی وڵاتانی ئیسلامیدا کە 53 ئەندامی هەبوو، باس لەو ڕووداوە نەکرا. بۆ نموونە لەساڵانی 1985 - 1988دا لە بولگاریا ناوی بولگاری دەدرایە تورکەکان. حکومەتی بولگاری بە تورکەکانی دەگوت ناوی بولگاری بەکاربێنن، ئەگەر ناوی بولگاری بەکاربێنن لە پارتی کۆمۆنیستی بولگاریا و لە بیرۆکراسییەتی دەوڵەتیدا کارکردنتان ئاسان دەبێ و لە ماوەیەکی کورتدا پلەکانتان بەرزدەکرێنەوە، بەڵام ئەگەر لەسەر بەکارهێنانی ناوی تورکی بەردەوامبن لە ژیانی رۆژانەدا ڕووبەڕووی گرفت دەبنەوە. کۆنگرەی ئیسلامی ناڕەزایی بەرامبەر ئەم هەڵوێستەی حکومەتی بولگاری دەربڕی و پرۆتێستۆی کرد، بەڵام بەهۆی ڕووداوی هەڵەبجەوە بچووکترین ناڕەزایی دەربڕین جێگەی باس نەبوو، لە کۆنفرانسەکەدا تەنانەت باسی لێنەکرا. با رژێمی سەدام حوسێن وەبیر بێنینەوە، سەدام حوسێن چی دەکرد؟ لە ساڵی 1983 بەدواوە لێکۆڵینەوەی ئەوەی دەکرد کە کام گازە ژەهراوی کاریگەری زیاترە؟ کام گاز بەکاربێنین دەتوانین ژمارەیەکی زۆرتر بکوژین؟ تاقیکردنەوەکانیش لەسەر گوندە کوردنشینەکان و گیراوە کوردەکانی ناو گرتووخانەکان ئەنجامدران.

لە 16ی ئازاری 1988دا لە کیمیابارانی هەڵەبجەدا، 5000 کەس کوژرا، لەساڵی 1983 تاوەکو 1988 ژمارەی ئەو کەسانەی لە ئەنجامی کۆمەڵکوژییەکاندا لەنێوبراون زۆر لەوە زیاترە، بەڵام ئەم ڕووداوانە بەهیچ شێوەیەک نابنە مایەی ناڕەزایی دەربڕین و کاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خۆی لێ بێ ئاگا دەکات. کۆنگرەی ئیسلامیش بە هەمان شێوە ڕەفتار دەکات. پاش تێپەڕبوونی نزیکەی یەک مانگ بەسەر ڕووداوی هەڵەبجەدا، کۆبوونەوەیەکی نێودەوڵەتی دژی جینۆساید ئەنجامدرا، کورد ویستی بەشداری لەو کۆنفرانسەدا بکات و باسی بەسەرهاتەکانی خۆی باس بکات، بەڵام ڕێگەیان پێنەدا. بە کوردیان گوت تەنیا حکومەتی عێراق دەتوانێ نوێنەرایەتی ئێوە بکات، لەکاتێکدا حکومەتی عێراق جینۆسایدی بەرامبەر



سەرچاوە
Serchawe

بە کورد پیادەکرد. ئەوە ئیشارەتێکی دیکەیە بۆ هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر کورد و پێویستە دەرک بەم راستییە بکەین.

## کوشتنی قاسملو لەناو دیموکراسیدا

دەمەوێ باسی رووداوێکی دیکە بکەم. لە 13ی تەمموزی 1989، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێز د. قاسملۆ لە ڤیەننا کوژرا. حکومەتی ئێران بە بیانووی ئەنجامدانی وتووێژ پیاوی خۆی ناردن کە لە بنەڕەتدا دیپلۆماتکار نەبوون، بەڵکو کەسانی بکوژ بوون. دوای ئەوەی لەگەڵ عەبدولڕەحمان قاسملۆ دەست بە گفتوگۆ دەکەن، دەستبەجێ قاسملۆ و دوو هاوڕێی دەکوژن. بکوژەکان لە ماوەیەکی کورتدا و بەبێ ئەوەی رووبەڕووی هیچ کۆسپێک ببنەوە ئەو هۆتێلەی قاسملۆ و هاوڕێکانیان تێدا کوشتن بەجێهێشت و تەنانەت لە ماوەیەکی کورتدا شاری ڤیەننا و وڵاتی نەمسایان بەجێهێشت. لە جەرگەی ئەورووپادا و لە وڵاتێکدا کە ئەوەندە پێشکەوتووە لەڕووی دیموکراسییەوە، ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی بەوشێوەیە دژی کورد، سەرنجڕاکێشە. هێلن کرولیچ (نەسرین)، هاوسەری عەبدولڕەحمان قاسملۆ لەبارەی ئەم رووداوە ویستی لە دادگا سکاڵا تۆمار بکات تاوەکو بکەرەکان سزابدرێن. زۆر هەوڵیدا و پەیوەندی بە حکومەتی فەرەنساوە کرد، بۆ نموونە لەگەڵ میتران و حکومەتی بەریتانیا و ئەمریکا کرد بۆ ئەوەی دۆزەکە بکاتە دۆزێکی سزایی، بەڵام کەس بە هەندی وەرنەگرت. حکومەتی نەمسا لەبارەی رووداوەکە دۆزێکی یاسایی نەکردەوە و دادگاییەکی بێ سەروبەر ئەنجامدرا کە هیچ ئەنجامێکی نەبوو. هۆکاری ئەمە چییە؟ بۆ نموونە بۆچی سەدام حوسێن و حکومەتی ئێران پرۆتستۆ نەکران؟ ئەگەر دۆزێکی لەوجۆرە تۆمار بکرێت پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی ئێران تێکدەچن، ئەگەر لە کۆنگرەی وڵاتانی ئیسلامیدا سەدام حوسێن پرۆتستۆ بکرێت پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی عێراق تێکدەچن، لەجیاتی ئەوە فەرامۆشکردنی کوردیان پێ باشترە. پێویستە بەباشی لە چۆنیەتی تێڕوانینی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ کێشەی کورد تێبگەین کە بۆچێ و چۆن کورد دابەش و پارچە پارچە کرا و چۆن گەیشتوونەتە ئەمڕۆ.

## کورد لە ئەورووپا

دەمەوێ باس لە ڕووداوێکی دیکە بکەم، پێموایە ئەمڕۆ لە ئەڵمانیا زیاتر لە یەک ملیۆن کورد هەیە، دەتوانم بڵێم لەو وڵاتەدا یەک ملیۆن و 500 هەزار کورد هەن، بەڵام وێڕای ئەو ژمارە زۆرە لە تۆمارە فەرمییەکاندا ئەڵمانیا کورد وەک کورد تۆمار ناکات، ئەگەر لە تورکیا رۆیشتبێ بە تورک، ئەگەر لە ئێران رۆیشتبێ بە فارس و لە سەردەمی سەدام حوسێن یان

ئەسەد لە عێراق و سووریا ڕۆیشتبێ بە عەرەب ناونووسیان دەکات. لەکاتی چوار دەوڵەتی ئەندامی یەکێتی ئەورووپا هەن کە ئەمەش ناوەکانیانە (ئەندۆرا، لیختنشتاین، سانمارینۆ، مۆناکۆ) کە کۆی گشتی ژمارەی دانیشتوانیان نزیکەی 200 هەزار کەسە. ئێستا لە ئەڵمانیا یەک ملیۆن زیاتر کورد هەیە، کۆی گشتی ژمارەی دانیشتوانی ئەم چوار وڵاتە ناکاتە پێنج لەسەریەکی ئەو کوردانەی لە ئەڵمانیا دەژین، بەڵام هێشتا ئەڵمانیا کورد وەک کورد تۆمار ناکات. نەک تەنیا لە ئەڵمانیا لە فەرەنسا، بەریتانیا و بەشێکی زۆری وڵاتانی ئەورووپا بە هەمان شێوەیە. بەڵام دوای دروستبوونی بەڕێوەبەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوانەی لێرەوە دەڕۆن، دەتوانین بڵێین ئەو کوردانەی لە باشووری کوردستانەوە دەڕۆن بۆ ئەورووپا وەک کورد تۆمار دەکرێن.

## گرنگ خۆڕاگری کوردە

ئامـاژەم بەوەدا کە لە چـارەکی یەکەمـی سـەدەی بیسـتەمدا دوو زلهێـزە ئیمپریـالیبیە جیهـانییەکە و دوو ئیمپراتـۆریەتە زەبەلاحەکەی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاست ، لەسەر کورد و کوردستان ئۆپەراسیۆنیان ئەنجامدا و کوردستانیان پـارچە پـارچە و دابەشـکرد، بەڵام لە سـەرەتای سـەدەی بیسـتویەکەمدا لە 21ی ئـازاری 2003دا قۆنـاغێکی زۆر جیـاواز دەسـتی پێکـرد، ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانان موداخەلەی عێراقیان کرد و دوای ئەم موداخەلەیە ڕژێمی سەدام حوسێن ڕووخـا و حیزبـی بەعس پەرتەوازەکرا، چەکە کۆمەڵکوژییەکانی عێراق لەنێوبران و لە ئەنجامی هەڵوێستی بەبڕیـاری کـورد چەمکی عێراقـی فیدراڵ پەسندکرا و هەرێمی کوردستان ئاوابوو. ئەمە ڕووداوێکی گرنگە لەڕووی مێژوویی و هزری کۆمەڵایەتییەوە. لە سەدەی بیستەمدا هێزە ئیمپریالیبیەکان ئۆپەراسیۆنیان لە دژی کـورد ئەنجامدا، بەڵام پـاش تێپەڕبـوونی سەد ساڵ هێزێکی دیکەی ئیمپریـالیستی جێگە بە کورد دەدات و کونێک دەکـاتەوە و دیوارێک دەڕووخێنـێ، ئەمە بەگوێرەی فەلسـەفەی مێـژوو و هـزری کۆمەڵایەتی ڕووداوێکی گرنگە. سەدەی بیستەم بۆ کورد زۆر خراپبوو، ماف و ئازادییەکانی کورد زەوتکرابـوون، بەڵام سەدەی بیستویەک دەبێتە سەدەیەکی ڕووناک و هیوا بەخش بۆ کورد. ئەوەی لێرەدا گرنگ خواست و خۆڕاگری کوردە.

لە ساڵانی 1970 و 1980کاندا هەموو شوێنێکی ئەم کوردستانە لەلایەن سەدامەوە سووتـاو ڕووخێنـرا، ژیـانی کـۆمەڵایەتی سنووردارکرا، بەڵام ئەمـڕۆ پێکهـاتەیەکی کـۆمەڵایەتی زۆر زینـدوو هەیە. بـۆ نمـوونە ژیـانی کـۆمەڵایەتی لە هەولێـر زۆر زیندووە، گەشەی ئابووری زۆری بەخۆوە بینیوە، بێگومان خواست و خۆڕاگری کورد زۆر گرنگە. پێموایە سەدەی بیسـتویەک بـۆ کورد زۆر گرنگ دەبێ. منداڵانی کورد لە داهاتوودا لە کەشێکی باشتر و جوانتردا دەژین.

* ئەو وتارە، بریتییە لە سەمیناری نووسەر و کۆمەڵناسی نێوداری تورک د.ئیسماعیل بێشکچی لە سەمیناری ڕۆژی ٢٧ – ٤ – ٢٠١٣ لە هەولێر، کە لەلایەن دەزگای خێرخوازی بارزانی و زانکۆی سەلاحەدینەوە بۆی سازکرابوو.



سەرچاوە
Serchawe

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ٢٩ی ئەپریلی ٢٠١٣

## ئیسماعیل بیشکچی بۆ گوڵان: ویست و ئیرادەی کورد بڕیاری دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەدات نەک هێزی ناوچەیی و نێودەوڵەتی




**گوڵان میدیا**

پرۆفیسۆر ئیسماعیل بێشکچی ئەو ناوە مەزنەیە کە خودی ناوەکەی لە ویژدانی هەر کوردێکدا لە هەموو نازناو و پێناسەیەک گەورەترە، ناوی بێشکچی لە ناخی هەر کوردێکدا دەبێتە شریتێکی سینەمایی و لە یەک کاتدا وێنەی ئەو پیاوە گەورەیەمان بۆ ماوەی ١٧ ساڵ لەناو زیندانەکانی تورکیا بۆ وێنا دەکات، گوشارەکانی دەوڵەت و ئەو سزا ئیدارییانەمان دێنێتەوە پێش چاو کە بە درێژایی چەندین یەکە ئەم زانا مەزنە لە پێناوی توێژینەوەی زانستی لەسەر کێشەی کورد وەک کێشەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی چەشتوویەتی، بێشکچی بایەخدانی بە کورد و کێشەکەی لە ڕوانگەی بڕوابوونی بووە بە ڕەوایەتی کێشەی کورد وەک تورکێکی ویژدان زیندوو، ئەو کە ئەم کارە زانستییەی ئەنجامداوە لە هەمانکاتدا زانیویەتی کە ڕووبەڕووی گوشار و سزای دەوڵەت دەبێتەوە، بۆیە هەوڵە زانستیەکانی ئەم زانا گەورەیە شایستەی ئەوەیە کە سەرۆکی کوردستان مەدالیای بارزانی نەمری بە یەخەوە کرد و، هەروەها سەرۆکی حکومەتی کوردستان بڕیاریدا هەموو کتێبەکانی وەربگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی، لەمەش زیاتر بێشکچی شایەنی



سەرچاوە
Serchawe

ئەوەبوو کە زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر بۆ یەکەمین جار دکتۆرای فەخری پێبەخشێت.بۆ قسەکردن لەسەر پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ ئەنجامداو بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

**دیمانە: کەیوان ڕەشانی – ڕەحیم ئەحمەد**

**پرسیار**: دەمانەوێت لەگەڵ پرۆفیسۆر ئیسماعیل بێشکچی لەو پرسیارەوە دەست پێبکەین، ئایا پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەت لە باشووری کوردستان چەند هەنگاوی بڕیوەو ئێستا لە چ قۆناخێکدایە؟

**وەڵام**: کاتێک باس لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەکرێت، هەموو گوێبیستی چەند وتەیەکی هەڵە دەبین و هەموو باس لەوە دەکەن، ئەمریکا دژی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانە، هەروەها تورکیا و ئێران و سوریا دژی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانن، یان دەڵێن ئەوروپا دژە و پشتگیری ئەو دەوڵەتە ناکات، بە بڕوای من ئەمانە هەموویان پرۆسەی دەوڵەتی کوردستان دوادەخەن و هەڵەن. ئەوەی پێویستە وەک خاڵی گرنگ و یەکلاکەرەوە لەم پرسە جەختی لەسەر بکرێتەوە ئیرادەی کوردە بۆ سەربەخۆیی و ڕاگەیاندنی دەوڵەت، بۆ ئەمەش گرنگە کورد لەمیانەی پێوەندییە بەردەوامەکانی لەگەڵ ئەمریکا و تورکیا و ئێران، پێداگیری لەسەر مافە ڕەوایەکانی خۆی بکات، لەبەر ئەوەی پرسی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان پرسێک نییە بەسترابێتەوە بەوەی ئەمریکا یان تورکیا یان ئێران ئەمەی ناوێت، بەڵکو پرسی دەوڵەتی کوردستان خواستی کوردە و پێوەندی بە ویستی کوردەوە هەیە و دەبێت پێداگیری لەسەر ئەمە بکرێت.

بۆیە لەم قۆناخە دەبێت کورد پرسیاری خۆی ئاراستەی هەموو ناوەندە نێودەوڵەتیەکانی بکات، بۆ نموونە گرنگە کورد چەند پرسیارێک ئاراستەی یەکێتی ئەوروپا بکات و پێیان بڵێت: بۆچی لەناو یەکێتی ئەوروپا چەندین دەوڵەتی وەک لۆکسمبۆرگ و ماڵتا و قوبرس ئەندامی یەکێتی ئەوروپان و ژمارەی دانیشتوانەکەیان نزیکەی نیو ملیۆن کەسە، بەڵام کورد ژمارەی دانیشتوانی لە کوردستان لە 40 ملیۆن زیاترە و دەوڵەتی پێ ڕەوا نابینین؟

هەروەها گرنگە کورد پرسیاری خۆی ئاراستەی ئەنجومەنی ئەوروپا بکات و لێیان بپرسێت، ئێوە لە ئەنجومەنی ئەوروپا 47 ئەندامتان هەیە، لەنێو ئەم 47 دەوڵەتە، لیشنشتاین و سان مارینۆ و مۆناکۆ ئەندامن کە ژمارەی دانیشتوانیان 40 - 45 هەزار کەسە و ئەندامی ئەنجومەنی ئەوروپی و ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانن، بەڵام کورد 40 ملیۆنە هەتا ئێستا ستاتۆیەکی نییە، بۆیە گرنگە کورد بەم شێوەیە بە بەردەوامی ڕەخنە لە ئەوروپا و ئەمریکا و کۆی سیستمی نێودەوڵەتی بگرێت و پێداگیری لەسەر مافەکانی خۆی بکات، ئەمەش زۆر زۆر گرنگە.



سەرچاوە
Serchawe

**پرسیار**: بەڵام هەلومەرجی نێودەوڵەتیش فاکتەرێکی گرنگە، ئایا دەکرێت کورد هەلومەرجەکە لەبەرچاو نەگرێت؟

**وەڵام**: تەنیا حسابکردن بۆ هەلومەرجی نێودەوڵەتی، بیرکردنەوەی کورد و ئیرادەی کورد بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ پەکدەخات، ڕێگە دەگرێت لەوەی کورد هەنگاوی جددی بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ هەڵبگرێت، بۆیە خاڵی یەکلاکەرەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان پێداگیری و ویست و ئیرادەی کوردە بۆ ئەم پرسە، کە پێداگیری و ویست و ئیرادەیە هەبوو، هیچ مەرج و خاڵێکی دیکە گرنگ نابێت و باسی لێوە ناکرێت، هەر بۆ نموونە لە ساڵی 2011 باشووری سۆدان ڕاپرسی کرد و جیابوونەوەی خۆی لە سۆدان ڕاگەیاند و بوو بە دەوڵەت، تەنانەت فەلەستینیش ستاتۆی دەوڵەتی چاودێری لە نەتەوە یەکگرتووەکان پێدراوە و ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە و پاش ماوەیەکی دیکە دەبێت بە دەوڵەت.

**پرسیار**: ئایا لە دوای دابەشکردنی کوردستانەوە، هیچ دەرفەتێک بۆ کورد هاتۆتە پێش کورد نەیتوانیبێت سوودی لێوەربگرێت و بە فیرۆی دابێت؟

**وەڵام**: ناتوانین بە دیاریکراوی بڵێین دەرفەتێک بۆ کورد هاتۆتە پێشەوە، لەبەر ئەوەی کوردستان تەنیا ڕووبەڕووی تەحدی عێراق یان تورکیا، یان سوریا یان ئێران نابێتەوە، بەڵکو کوردستان وڵاتێکی پارچە پارچە کراوە و بۆیە وێڕای ئەوەی ڕووبەڕووی تەحدی ئەو چوار دەوڵەتە ڕاستەوخۆ دەبێتەوە، ئەوا دەوڵەتانی دیکەش زۆرن کە خۆیان لەم مەسەلەیە هەڵدەقورتێنن، بۆیە لەدوای دابەشکردنی کوردستانەوە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان ئاسان نەبووە، بەڵام پێش ئەوەی دابەش بکرێت، واتە لە ساڵی 1920 دەتوانرا ئاسانتر دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێت، بەڵام بۆ ئێستا دامەزراندنی دەوڵەتێک کە هەر چوارپارچەکە کۆبکاتەوە کارێکی ئاسان نابێت. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی بێجگە لەتورکیا و ئێران و سوریا و عێراق، دەوڵەتانی دیکەش وەک ئەوروپا و ئەمریکا دێنە ناو مەسەلەکە و دەستێوەردان دەکەن، لەبەر ئەوە ئاسان نییە پرۆژەی ئەم هەموو لایەنە لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بۆ هەر چوار پارچەکە لە خاڵێکدا بگەنە یەک، بەڵام ئەوەی گرنگە کە ئەم بارودۆخە نێودەوڵەتیە نەبێتە هۆکاری ئەوەی بیرکردنەوە و ئیرادەی کورد تێکبدات و نەتوانێت بیر لە دامەزراندنی دەوڵەت بکاتەوە، لە ئێستادا بارودۆخی نێودەوڵەتی لە گۆڕانکاریدایە، دەشێت مەرجی ڕەخساو زوو بێتە ئاراوە. بالێرەدا باسی نموونەیەک بکەم، ئەگەر ئێمە لەساڵانی 1998 یان 1999 نەخشە و پلانێکمان دابنایە بۆ ئاییندەی عێراق، ئایا کێ پێشبینی دەکرد بەڕێز جەلال تاڵەبانی وەک سەرکردەیەکی کورد ببێتە سەرۆک کۆماری عێراق، بەڵام دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، بەڕێز تاڵەبانی وەک کوردێک بووە سەرۆک کۆماری عێراق، بۆیە زۆر جار هەلومەرجی دەرەکی وا دێتە پێشەوە کە پێشتر مەزندەی بۆ نەکراوە.

**پرسیار**: بۆچوونێک هەیە دەڵێت: فاکتەری دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردستان، نەبوونی یەکڕیزی بووە لەنێو حزبەکانی کوردستاندا، بۆ ئێستا تاچەند ئاشتی نێو ماڵی کورد گرنگە و تاچەند گرنگە ئاشی لەگەڵ دەوربەر پیادە بکەن؟

**وەڵام**: وەک پێشتریش ئاماژەم پێکرد لە پرۆسەی دەوڵەتی کوردستاندا، ویست و ئیرادەی کورد خاڵی یەکلاکەرەوەیە، ئەمەش بە ئاشتی لەنێو ماڵی کورد دروست دەبێت، بۆیە پێویستە پێش هەر شتێک کورد هەموو هەوڵەکانی خۆی بۆ بونیادی ئاشتی لەماڵی کوردا بخاتە گەڕ، دوای ئەمە دیارە ئاشتی لەگەڵ دراوسێکانیش تورکیا و سوریا گرنگە، بەڵام لە پێشدا دەبێت لەنێو ماڵی کورد ئاشتی بونیادنرابێت، لەبەر ئەوەی ئاشتی نێوخۆیی هێزێکی ئەوتۆ بە کورد دەدات کە دەتوانێت داهاتووی خۆی دیاری بکات.

**پرسیار**: ئایا لەم قۆناخە و بۆ پرسی دەوڵەت پێویستە کورد خاوەنی گوتارێکی نەتەوەیی بێت یان خاوەنی گوتارێکی موگناتیسی بێت و هەموو پێکهاتەکانی کوردستان لەو گوتارە کۆبکاتەوە؟

**وەڵام**: بە بڕوای من بۆ ئێستای کوردستان گوتاری نەتەوەیی خۆی لە خۆیدا گوتاری موگناتیسیە و هەموو جەمسەرەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە، بەڵام لێرەدا گرنگە پێناسەی گوتاری نەتەوەیی کورد بکەین و جەخت لەوە بکەینەوە کە گوتاری نەتەوەیی کورد جیاواز لە گوتاری نەتەوەیی تورک و فارس و عەرەب، بۆچی؟ بێگومان لەبەر ئەوەی ناسیۆنالیزمی تورک و فارس و عەرەب ئامانجی ئەوەیە کورد بخاتە ژێر فشارەوە و مافەکانی زەوت بکات و خاکەکەی داگیربکات، بەڵام گوتاری نەتەوەیی کورد خەبات دەکات دژی ئەو گوشارانەی لەلایەن ئەو ناسیۆنالیزمەوە دەکرێتە سەری و تیدەکۆشێت ئەو زوڵم و ستەمەی دەرهەقی دەکرێت کۆتایی پێبێت و کەلتور و زمانی خۆی پیشانبدات، لەبەر ئەم هۆکارانە گرنگە لە ئێستادا گوتاری کورد، گوتارێکی نەتەوەیی بێت.

**پرسیار**: ئاشکرایە دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان نەک هەر پشتگیریان لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان نەکردووە، بەڵکو زۆرجار هاوکاری ئەو دەوڵەتەنایان کردووە کە داگیرکاری کوردستانبوون بۆ ئەوەی شۆڕشەکانی کوردستان لەهەر چوار پارچە سەرکوت بکەن، ئایا لەم قۆناخەدا پێویستە کورد چی بکات هەتا پشتگیری ئەو دەوڵەتە زلهێزانە بۆخۆی مسۆگەر بکات؟

**وەڵام**: - من پێشتریش ئاماژەم بەوەکرد بەوەی دەبێت کورد بەدەنگی بەرز ڕەخنە لە سیستمی ئێستای نێودەوڵەتی بگرێت و ڕاشکاوانە بەهەموو جیهان بڵێت: ئایا بۆچی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ژمارەی لە 40 ملیۆن زیاترە و هەتا ئێستا ستاتۆیەکی نییە؟ یا جیهان ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە بکاتەوە، بۆچی کاتێک کورد ڕووبەڕووی زوڵم و ستەمی داگیرکاری



سەرچاوە Serchawe

دەبێتەوە، بزاڤەکەی بە تیرۆر ناودەبرێت؟ با پرسیار بکات، بۆچی کە باس لە مافی نەتەوە و گەلانی جیهان دەکرێت، ناوی کورد ناهێنرێت؟ کێشەی کورد مافێکی ڕەوایە، ئەم مافە ڕەوایە دەبێت ئاوا داوابکرێت و پێداگیری لەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی بەردەوام دەوڵەتان بەرامبەر مافی کورد ئیحراج بن، ئەوجا ئەو دەوڵەتانە ئەمریکا بێت یان فەرەنسا یان بەریتانیا، یان ئەو دەوڵەتانەبن کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە وەک تورکیا و سوریا و ئێران.

**پرسیار**: کورد خاوەنی سەرچاوەیەکی گەورەی وزەیە، ئایا تاچەند کورد دەتوانێت ئەم سەرچاوەیە بکاتە کارتێک بۆ نزیک بوونەوە لە وڵاتە زلهێزەکان و دواتریش بەدەستهێنانی پشتگیری بۆ سەربەخۆیی و سەرخستنی پرۆسەی دەوڵەتی کوردستان؟

**وەڵام**: کارتی سامانی سروشتی وەک نەوت و گاز بۆ کورد گرنگە، بۆیە گرنگە کورد خۆی خاوەنی سامانی سروشتی خۆی بێت، دەبێت کورد خۆی خاوەنی نەوت و گازی خۆی بێت، لەسەر ئەم پرسەش هەر بڕیارێک بدرێت، دەبێت کورد خۆی خاوەنی بڕیارەکە بێت و خۆی بڕیارەکە بدات، ئەوجا ئەگەر بڕیارەکە بۆ بەرهەمهێنانی نەوت و گازەکە بێت، یان بڕیارەکە بۆ فرۆشتنی ئەم نەوت و گازە بێت، هەربۆیە ئەگەر سەرچاوە سروشتیەکان کورد خۆی خاوەنی بێت و خۆی بڕیاری لەسەر بدات، ئەوا ئەمە دەبێتە کارتێکی زۆر باش بۆ داهاتووی کورد.

**پرسیار**: لە ئێستادا کوردستانی باشوور لەگەڵ تورکیا پێوەندیەکی گەورەی دروستکردووە، ئایا لە ئەگەری ڕاگەیاندنی دەوڵەت لە باشووری کوردستان، تورکیا چ هەڵوێستێکی دەبێت؟

**وەڵام**: پێش 10 ساڵ لەمەوبەر ڕەفتاری تورکیا بەرامبەر کوردستانی باشوور زۆر توندبوو، تەنانەت هیچ دامەزراوەیەکی سیاسیی و یاسایی کوردستانی باشووری قبوڵ نەبوو، لەمەش زیاتر هەوڵیدەدا کۆسپ و تەگەرەی گەورە لەبەردەم داهاتووی کوردستانی باشوور دروست بکات، بەڵام دوای ئەوەی پێوەندی ئابووری و بازرگانی لەنێوان تورکیا و کوردستان فراوانبوو، هەروەها کوردستانی باشوور دەستی کرد بە وەبەرهێنان لەبواری نەوت و گازدا، ئەم بەرهەمەشی لەڕێگەی تورکیاوە هەناردەی بازاڕەکانی دەرەوە دەکات، ئەوا لە چەند ساڵی ڕابردوو گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر پێوەندییەکانی تورکیا و کوردستانی باشوور داهات، ئەمەش واتە هەڵکشانی ئاستی پێوەندییە ئابووری و بازرگانیەکان بووە هۆکاری ئەوەی سیاسەتی تورکیا نەرم بێت و پێوەندی سیاسیش لەنێوانیاندا دەست پێبکات، ئەم پێوەندییەی ئێستا لەنێوان تورکیا و کوردستاندا هەیە، لە داهاتوودا دەبێتە پێوەندیەکی موئەسەساتی، بۆیە دەبێت کورد خۆی خاوەنی سامانی سروشتی خۆی بێت و خۆی بڕیاری لەسەر بدات بۆ ئەوەی پێوەندییەکە زیاتر بەرەو پێشەوە بچێت، بۆ ئەمەش دەبێت هەموو هەوڵی کورد لە باشووری کوردستان بۆ ئەوە بێت بەغدا لەمەسەلەی نەوت و گاز لەخۆی دووربخاتەوە و خۆی خاوەنی بڕیاری خۆی بێت.

**پرسیار**: ئایا مانەوەی کورد لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵدا چ سوودێکی بۆ کورد هەیە، ئەمە لەکاتێکدا ئەقلیەتی شۆڤینی

عەرەبی توندڕۆ بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدان هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی هەموو شتێک پەکبخەن کە لەبەرژەوەندی کورد دابێت؟

**وەڵام**: لە ئێستادا کورد هیچ بەرژەوەندیەکی لە عێراقێکی هاوبەش و یەکگرتوودا نییە، بۆیە دەبێت هەنگاو بۆ سەربەخۆیی هەڵبگرێت، لەم عێراقە هاوبەشەی ئێستادا!! ئایا شتێک ماوە بەناوی برایەتی کورد و عەرەب؟ بۆیە هەتا کورد نەبێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی ناتوانرێت باسی برایەتی کورد و عەرەب بکرێت، کەی کورد دەوڵەتێکی هەبوو بە هاوشانی عێراق، ئەوکات دەتوانرێت باس لە برایەتی کورد و عەرەب بکرێت.

**پرسیار**: ئەگەر هەندێک بچینە سەر پرسی کورد لە تورکیا، ئایا ئەو کرانەوەی ئێستا لە تورکیا بەرامبەر پرسی کورد هاتۆتە ئاراوە، ئایا ئەم کرانەوەیە بڕوانبوونی تورکیایە بە ڕەوایی پرسی کورد، یان مامەڵەکردنی تورکیایە لەگەڵ هاوکێشەی سیاسیی ناوچەیی و نیودەوڵەتیەکان لە ئێستادا؟

**وەڵام**: لەم پرسەشدا ڕۆڵ و خەبات و دینامکیەتی کوردی ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە، لێرەدا من باس لە خەباتی زیاتر لە 30 دەکەم کە کورد لەتورکیا دەستی پێکردووە، ئەم خەباتەی کورد وای لە ئەنجومەنی ئەورووپاو یەکێتی ئەورووپا کردووە، کە هەڵوێستیان هەبێت بەرامبەر بە تورکیا وەک کاندیدێک بۆ بە ئەندابوونی لە یەکێتی ئەورووپادا، بۆیە لە پرۆسەی بوون بەئەندابوونی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپا، ئەوا ئەورووپا ڕێنمایی داوەتە تورکیا بەوەی ئەگەر دەیەوێت ببێتە ئەندام لەو یەکێتیە، ئەوا دەبێت پێش بە ئەندامبوونی کێشەی کوردی چارەسەر کردبێت، کەواتە لەمەشدا فاکتەری سەرەکی خەبات و تێکۆشان و ویستی کوردە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی. لێرەدا با نموونەیەک باس بکەم؛ ئەورووپا بە تورکیا دەڵێت دەبێت بۆ ئەوەی ببیتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا دەبێت هەنگاوی خێرا هەڵبگریت، گرنگترین هەنگاو بۆ تورکیا بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا چارەسەرکردنی کێشەی کوردە، بەڵام تورکیا بەرامبەر هەندێ لە مافەکانی کورد هەڵوێستی ڕەقە و نەرمی نەکردووە، تائێستا خوێندنی بۆ کورد بە زمانی دایک قبوڵ ناکات، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانە دووبارە جەخت دەکەمەوە کە لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد، هەڵوێستی کورد زۆر زۆر گرنگە، سەبارەت بەو هەڵوێست ڕەقیەی ئێستای تورکیا کە ڕازی نابێت کورد بەزمانی دایک بخوێنیت، ئەگەر کورد ئیرادەی هەبێت و ویستی ئەوەی هەبێت بەزمانی دایک بخوێنێت، ئەوا دەتوانێت هەر خێزانێکی کورد لەتورکیا ماڵەکەی خۆی بکاتە قوتابخانە و لە ماڵەکەیدا خۆیدا منداڵەکانی فێربکات بە زمانی دایک بخوێنن و فێری زمانی کوردیان بکەن، بەمەش هەلومەرجێک دروست دەبێت کە منداڵانی کورد لە تورکیا بتوانن بە کوردی قسە بکەن و بەکوردیش بنووسن، ئەگەر ئەم کێشەیە لەنێو ماڵەکان چارەسەر کراو لە نێو ماڵەکانەوە هەنگاوی بۆ هەڵگیرا، ئەوا زمانی کوردی دەچێتە ناو ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەکە و دواتر دەبێتە زمانی نووسین و

دەوڵەتی تورکیا ناچار دەبێت مامەڵەی لەگەڵ بکات، بۆیە لەچارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا، هەڵوێستی کورد لە هەڵوێستی تورکیا گرنگترە.

**پرسیار**: سەبارەت بە تورکیا قسەیەک هەیە دەڵێت، تورکیا تەنیا لە دیاربەکرەوە دەتوانێت بگاتە یەکێتی ئەوروپا، ئایا لای تۆ ئەم قسەیە مانای چییە؟

**وەڵام**: مانای ئەم وتەیە ئەوەیە ئەگەر تورکیا دەیەوێ ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، دەبێ کێشەی کورد چارەسەر بکات لەو وڵاتەدا.

**پرسیار**: ماوەیەک پێش ئێستا هەوڵدرا کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان لە باشووری کوردستان گرێبدرێت، ئەم کۆنگرەیە نەکرا، ئایا تاچەند بۆ ئێستای کورد ئەم کۆنگرەیە گرنگە؟

**وەڵام**: بۆ ئەوەی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد سەرکەوتوو بێ، ئەوە دەبێت پێشتر کورد لەنێو خۆیدا لەسەر هەندێک پرانسیپ رێککەوتبن و یەکلایان کردبێتەوە، هەروەها سەرکەوتنی کۆنگرەی نەتەوەیی پێویستی بە رێککەوتنی سەربازی لە نێوان هەموو لایەنە کوردییەکانە بۆ ئەوەی لەسەر پرانسیپەکان رێکبکەون، کە گرنگترینیان پرسی ئاڵای کوردستانە، هەر بۆ نموونە ئەو ئاڵایەی ئێستا لە کوردستانی باشوور هەڵکراوە و دەشەکێتەوە، لەساڵی 1937 کۆمەڵەی خۆیبوون رایگەیاندووە و لەساڵی 1946یش دوای راگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد ئەو ئاڵایە هەڵکراوە، بەڵام ئێستا پەیەدە و پەکەکە ئەو ئاڵایە رەتدەکەنەوە و باس لەوە دەکەن ئەو ئاڵایە گوزارشت لەوان ناکات، بۆیە پێویستە پێش هەمووشت پرسی ئاڵا چارەسەر بکرێت، هەتا ئەم پرسە چارەسەر نەکرێت، کۆنگرەی نەتەوەیی هیچ نرخ و مانایەکی نابێت.

**پرسیار**: لە دوماهی ئەم دیمانەیەدا دەمانەوێت سەبارەت بە هەڵوێستی خۆت بەرامبەر کێشەی کورد پرسیارت لێ بکەین، دیارە بەرێزتان ماوەیەکی دوور و درێژە توێژینەوەی زانستی لەسەر پرسی کورد دەکەن، ئایا ئەم بایەخەی بەرێزت بە پرسی کورد رەهەندێکی زانست دۆستییە یان مرۆڤ دۆستی؟ هەروەها، ئایا هەموو هەڵوێستەکانت بەرامبەر بە کورد چی پێ بەخشیوویت و چی لەدەستداوی؟

**وەڵام**: دیارە کێشەی کورد، کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و کێشەیەکی سیاسیشە، بۆیە من وەک ئەکادمیستێک کە بایەخم بە کێشەی کورد داوە بە شێوە زانستیەکەی بایەخی پێبدەم و بەشێوەی زانستی لەرەوایی ئەم کێشەیە تێبگەم، بۆیە بایەخەکە ئەگەرچی لەسەرەتا زانست دۆستییە، بەڵام رەوایی کێشە رەهەندی مرۆڤ دۆستیشی پێدەبەخشێت، بۆیە بە پلەی یەکەم گرنگ ئەوەیە بە شێوەیەکی زانستی لە کێشەی کورد وەک کێشەیەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی تێبگەین ئەمە سەبارەت بە

بەشی یەکەمی پرسیارەکەتان، سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکە، دیارە کاتێک بە شێوەیەکی زانستی لەم کێشەیە تێدەگەین، ڕەوایی کێشەکە دەردەکەوێت، بۆیە لەبەرامبەردا دەوڵەت گوشاری لەسەر دروست دەکردین و سزای ئیداری دەدایـن و بەندی دەکردین، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا پێشتر دەمانزانی ڕووبەڕووی ئەو گوشار و سزایانە دەبینەوە؟ بێگومان بەڵێ، لەبەر ئەوەی کاتێک تۆ باوەڕت بە ڕاستیەک بێت، ئەوا ئەم ڕاستیە هێزت پێدەبەخشێت و بەشێوەیەک لەشێوەکان خۆت بۆ هەموو ئەگەرێک ئامادە دەکەیت و ئەو هێزە وات لێدەکات ڕووبەڕووی هەر فشارێکی دەوڵەتی ببیتەوە، ئەوجا سزاکە ئیداری بێت یان بەندکردن بێت، بەهەرحاڵ چۆن کێشەی کورد پێویستە وەک کێشەیەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی لەچوارچێوەیەکی زانستی هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، بە هەمان شێوە دەبێت گوشار و سزاکانی دەوڵەتیش هەر لە چوارچێوەی زانستی هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گوڵان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی جوولای ٢٠١٤

## ئیسماعیل بێشکچی بۆ خەڵکی کوردستان: لە گشتپرسی دەنگتان بەڵێ بێت



ئیسماعیل بێشکچی، بیرمەند و کۆمەڵناسی ناسراوی تورک

بەڕەچەڵەک تورکە، بەڵام بە داکۆکیکارێکی سەرسەختی دۆزی کورد ناسراوە، هەر لەو پێناوەشدا 17 ساڵی تەمەنی لە زینداندا بەسەر بردووە و زیاتر لە 10 ملیار لیرەی تورکی وەک سزا داوەتە دادگاکانی دەوڵەتی تورکیا، هەموو ئەمانەش بەهۆی ئەو کارە ئەکادیمیانەی لەسەر کورد کردوونی.

**لە گشتپرسی مافی دەنگدانم هەبووایە بە بەڵێ دەنگم دەدا**

**ئیسماعیل بێشکچی، بیرمەند و کۆمەڵناسی ناسراوی تورک کە ئێستا تەمەنی ٧٨ ساڵە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) دەڵێت ئێستا تورکیا و ئێران و عێراق و یەکێتیی ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەڵێن دژی گشتپرسین و لەگەڵ یەکێتیی عێراقدان، بەڵام ئەگەر ٨٠%ی خەڵک بە بەڵێ دەنگیان دا، ئەوان ئەنجامەکەی قبوڵ دەکەن.**

**رووداو: رۆژی ٢٥ی مانگ، کورد بەرەو گشتپرسیی بۆ سەربەخۆیی هەنگاو دەنێت. هەندێک لە وڵاتان داوای هەڵوەشاندنەوە و دواخستنی دەکەن و دەڵێن کاتەکەی گونجاو نییە. لە بەرامبەردا کوردستان پێداگری دەکات و دەڵێ کاتی هاتووە، ئێستا کاتی سەربەخۆییە؟**

### هیچ مەترسییەک لە گشتپرسیدا نییە و کورد دەبێ پێداگریی بکات

**بێشکچی**: گرفتی کوردستان گرفتێکە چارەسەرەکەی زۆر درەنگ کەوتووە. هەر لە بیستەکاندا دەبوو ئەو گرفتە چارەسەر بکرایە، بۆچی؟ لە ساڵانی بیستەکاندا و لەسەردەمی کۆمەڵەی گەلاندا، ئەوکاتەی کە خاکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و میزۆپۆتامیا، لەلایەن ئینگلتەرا و فەرەنساوە دابەش دەکرا، لەمیانی ئەو دابەشکارییەدا عێراقی سەر بە ئینگلتەرا دامەزرا. ئینتیدابەکانی ئوردن و فەڵەستینی سەر بە ئینگلتەرا دامەزران. ئینتیدابەکانی سووریا و لوبنانی سەر بە فەرەنسا دامەزران، ئیتر لەو سەردەمەدا ئینتیدابی کوردستان زۆر پێویست بوو. بۆ نموونە لەوکاتەدا شێخ مەحموود بەرزنجی دەیگوت کوردستانی سەربەخۆ، دەیگوت من پاشای کوردستانم، بە ئینگتەرای گوت وەکو پاشای کوردستان دانم پێدابنێ.

دەوڵەتە ئیمپریالییەکانی ئەوکات، نەک کوردستانێکی سەربەخۆ، بەڵکو کوردستانێکی کۆڵۆنیشیان پەسەند نەکرد. ئەمڕۆ کە سەرباری ئەوەی کوردستان خاوەنی زیاتر لە 50 ملیۆن کەسە، لە هیچ شوێنێکدا نوێنەرایەتیی نییە. بۆ نموونە ئەگەر سەیری وڵاتانی کەنداو بکەین، کوێت، قەتەر، بەحرەین، ئیمارات و یەمەن، ئەمانە دەوڵەتگەلی زۆر بچووکن و نفووسیان لە خوار ملیۆنە، بەڵام ئەوانە دێن داهاتووی کورد دیاری دەکەن. واتا گرفتەکە زۆریش درەنگ کەوتووە. بۆیە زۆر هەڵەیە ئەوەی دەگوترێت کاتی نییە. هەڵبەتە درەنگ کەوتووە و ئەوەتا دەبینین کە بڕیاری گشتپرسی بۆ رۆژی 25ی ئەیلوول دراوە.

### بۆ سەربەخۆیی کوردستان کات درەنگیش بووە

**رووداو: مەترسیی هەیە؟**



سەرچاوە Serchawe

**بێشکچی**: نەخێر لێرەدا کورد دەبێ پێداگریی بکات.

**رووداو**: کورد زۆر مکوڕن، پێتانوانییە ئەو پێداگرییە بێ مەترسیی نابێت؟

**بێشکچی**: من دەمەوێ لەبارەی وڵاتانی خۆرئاوا کە دەڵێن گشتپرسی دوابخەن یان هەڵیبوەشێننەوە قسە بکەم، چەند بەهایەک هەن کە خۆرئاوایان کردووە بە خۆرئاوا، ئەوانیش بەهاکانی ئازادی و یەکسانین. ئەم بەهایانە پێویستە هەمیشە بەهێزەوە ڕێک وەستاو بن. خۆرئاوا، با بڵێین وڵاتانی ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئینگلتەرا، ئیتاڵیا یان یەکێتیی ئەوروپا، ئەم دامەزراوانە بەم بەهایانەوە دەبێت بتوانن تەدەخولی زنجیرە کێشەیەک لە هەر کوێی جیهان بکەن. بۆ نموونە دەبێت بتوانن تەدەخولی کێشە کۆمەڵگەیی و سیاسییەکانی وڵاتە نیمچە پێشکەوتووەکان بکەن، بەڵام تێگەیشتنێک کە باس لە "یەکێتیی عێراق" دەکات، ئەم بەها گەردوونییانە بێ بایەخ دەکات، بۆچی؟ چونکە تەنیا عێراق نییە، سووریا و ئێران و تەواوی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین دەوڵەتی تاکرەو و نەژادپەرست و مەزهەبگەران، واتا دەوڵەتی دیموکراسی نین. ئەوە لەکاتێکدایە کە ئەمڕۆ ئەم بەها گەردوونییانە بۆ کوردستان ڕێی تێدەچێت، سەیرکە ئیدارەی هەرێمی کوردستان گرنگیی پێویست بە خەڵکی ناوچەکە دەدات، وەکو ئەرمەنی و تورکمان و کوردی ئێزدی. ئەمە شیاوی ئەو بەها گەردوونییانەن کە خۆرئاوا دەکەن بەو خۆرئاوایە. لێرەدا پێویستە خۆرئاوا خاوەنداریێتیی ئەم بەهایانە بکات. پێویستە کورد ئەمە وەبیر خۆرئاوا بهێنێتەوە کاتێک کە دەڵێن دوایبخەن، لە ساڵی 1988 کۆمەڵکوژی کرا، کێ دەنگی هەڵبڕی؟ هیچ کەسێک دەنگی هەڵنەبڕی و کاردانەوە نیشان نەدرا.

### تەواوی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین دەوڵەتی تاکرەو و نەژادپەرستن

**رووداو**: بۆچی کاردانەوەیان نەبوو؟

**بێشکچی**: چونکە پشتگیریی عێراقیان دەکرد. لەکاتێکدا کە دەرکەوتنی ئەو بەهایانە گرنگە، بەهای ئازادی و بەهای یەکسانی. کارێکی دژەدیموکراسی و دژەمرۆیی وەکو کۆمەڵکوژی ئەنجامدراوە، تۆ ئەم هەڵوێستە نیشان مەدە، ئەوەتا خۆشت دەوڵەتێکی دیموکراسیی خۆرئاوایت. نە فەرەنسا و نە ئەڵمانیا و نە ئینگلتەرە، تەنیا لە تەلئەبیب کاردانەوە دژ بەو کۆمەڵکوژییە نیشاندرا کە رژێمی سەددام حوسێن دژ بە کورد ئەنجامیدا. ئەوەی خۆرئاوای کردووە بەم خۆرئاوایە، بەهاکانی ئازادی و یەکسانین. رۆژئاوا دەبێت هەمیشە پارێزگاری لەم بەهایانە بکات، بەڵام کە گوتت "یەکێتیی عێراق" ئەوا نەوەک بەها گەردوونییەکان، بەڵکو تۆ بەرگری لە بیری تاکرەوی و نەژادپەرستی و مەزهەبگەری دەکەیت.

**ڕووداو**: ئەگەر هیچ پشتیوانێکی دەرەکی نەبێت، ئەمریکا و ڕووسیا و یەکێتی ئەوروپا پشتیوانیی نەکەن، کورد لەم دۆخەدا پێویستە چی بکات؟

**بێشکچی**: ئەوەی گرنگە هەڵوێستی کوردە، با بڵێین گشتپرسی بەڕێوەچوو 80%ی دەنگەکان دەنگی بەڵێ بوون. هەمووان ئەمە پەسەند دەکەن، ئەمریکا، تورکیا و ئێرانیش، هەمووان ئەمە پەسەند دەکەن. بەڕێوەچوونی ئەم گشتپرسییە لە 25ی ئەیلوولدا گرنگە، کورد کاتێک لە ڕۆژی 25ی ئەیلوولدا دەچێتە سەر سندووقی دەنگدان، دەبێت بیر لە چی بکاتەوە؟ مرۆڤەکان دەبێت بیر لە منداڵەکانیان و نەوەکانیان بکەنەوە، پێویستە "کوردستانێکی سەربەخۆ" ببێتە ئەوینی کوردان. واتا بەدەم بیرکردنەوە لە داهاتووی منداڵەکان و نەوەکانیان و کوردستانێکی سەربەخۆوە بڕۆن، بۆ نموونە ئەمڕۆ، ناوبەناو دەبیستین باپیرانمان کوردستانێکی سەربەخۆیان بۆ جێنەهێشتین. ئێمە وا دەڵێین. جا ئێمە ئەم خەباتە دەکەین لە پێناوی ئەوەدا، بەڵام ڕۆژ بەڕۆژ ئەمە سەختتر دەبێت. بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی پرسیاری "بۆچی کوردستانێکی سەربەخۆتان بۆ جێنەهێشتین" نەبنەوە، ڕۆژی 25ی ئەیلوول دەبێت لە نێو ئەم بیر و هەستەدا بن و توانای خۆیان بۆ بەدەستهێنانی کوردستانی سەربەخۆ بخەنەگەڕ.

### ئەمریکا بە هاوکاریکردنی عێراق هاوکاریی ئێران دەکات

**ڕووداو**: ئەگەر مافی دەنگدانت هەبووایە، دەچوویتە سەر سندوقی دەنگدان؟

**بێشکچی**: بەڵێ.

**ڕووداو**: بە بەڵێ دەنگت دەدا؟

**بێشکچی**: بەڵێ بەوشێوەیە دەنگم دەدا.

**ڕووداو**: چونکە بەهۆی کوردەوە دەستگیرکرایت، دادگایی کرایت و خرایتە زیندانەوە؟

**بێشکچی**: ئەوە شتێکی جیاوازە، مرۆڤەکان با بڵێین توێژەرەکان، بەڕای من دروست نییە بڵێن ئێمە ئەمەمان کرد و ئەوەمان کرد. بەڵام کاتێک کەسێک لە دەرەوەوە ئەمە دەڵێت، بۆ نموونە کە دەڵێن ئێوە ئەوەندە سزادران و خرانە ژوورەوە، چۆن

بیردەکەنەوە؟ جا با من لە ئێوە بپرسم: ئێوە لەمبارەوە چۆن بیردەکەنەوە؟ واتا بیرکردنەوەی ئێوە گرنگە. بێگومان من لێرەدا پرسیارێکی لەمجۆرە لە ئێوە ناکەم، بەڵام لەم پرسیارانەدا بیرکردنەوەیەک گرنگە کە لە دەرەوەی کەسەکە خۆی بێت. لێرەدا مەسەلەیەک هەیە کەمێک ئاسۆ دەردەخات. بۆ نموونە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چۆمسکی کەسێکی زۆر بەهادارە. کەسێکە زۆرترین رەخنەی لە ئیدارەی ئەمریکا هەیە و رەخنەکانیشی بەجێن. ئیدوارد سەعید وەهابوو، ئەو فەڵەستینی بوو. بۆ نموونە ژان پۆل سارتەر لە فەرەنسا زۆر بەهادار بوو. سارتەر گوتی: هەموومان بکوژین، چونکە فەرەنسا لە جەزائیر کۆمەڵکوژی دەکات. هەموومان لەو کۆمەڵکوژییەدا بەشدارین، رووناکبیران، پارتە سیاسییەکان، دەوڵەت و حکومەت، هەموومان بکوژین. جا لەبەر ئەمە لەلای دیگۆل سکاڵایان تۆمار کرد و گوتیان ئەوە فەرەنسا بچووک دەکاتەوە و زیان بە دەستکەوتە نەتەوەییەکانی فەرەنسا دەگەیەنێت. دیگۆل گوتی: سارتەر فەرەنسایە و ناتوانین هیچ بکەین. سەیرکە ئەمە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یان لە فەرەنسا و شوێنی دیکە، تۆ رەخنە لە حکومەت دەگریت و هیچ سزایەکی سیاسی یان ئیداری نییە. بۆ نموونە سێیەم ماددەی دەستووری ئەمریکا لەبارەی ئازادیی ئیفادەدانە. ئیفادەدان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بێسنوورە. ئەها لە تورکیادا ئەو ماددانە هەن کە ناتوانرێت بگۆڕدرێن، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش ئەمە ناگۆڕدرێت. تەنانەت گۆڕانکاری لە ماددەی ئیفادەدان نابێتە جێی باسیش. فەرەنسا بەمشێوەیەیە، بەڵام تورکیا وا نییە. هەرکاتێک لەنێو هەڵوێستێکی رەخنەگرانەی دژ بە چەند ئایدیۆلۆژیای ئیداری فەرمیدا بوویت، ئەوا ژمارەیەک سزا و گەمارۆی ئیداری دەبنە جێی باس.

## ئەمڕۆ دەوڵەتێک نەماوە بەناوی عێراق

**رووداو: نیگەرانیی تورکیا لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟**

**بێشکچی:** دامەزراوەیەک هەیە بەناوی ئایدیۆلۆژیای فەرمی، گرنگترین دامەزراوەی سیاسەتی تورکە، بەڵام لە دەستووردا ئاماژەی پێنەدراوە. دامەزراوەیەکە لە سەرووی دەستوورەوە. هزر و بیر و هەڵسوکەوت دیاری دەکات، بۆ نموونە لە زانکۆکاندا توێژینەوە لەسەر چی دەکرێت؟ چۆن دەکرێت؟ پارتە سیاسییەکان چی دەڵێن؟ چۆن ئەمە دەڵێن؟ دامەزراوەیەکی بنکەییە و ئەمانە دیاری دەکات، هەر کاتێک تۆ رەخنەت لێی گرت، ئەوا ژمارەیەک سزای ئیداری دەسەپێنن. بێگومان لە دەوڵەتە دیموکراسییەکاندا ئایدیۆلۆژیای فەرمی نییە. خۆ لە هەموو دەوڵەتێکدا ئایدیۆلۆژیا هەیە، بەڵام دامەزراوەیەکی تایبەت بە ئایدیۆلۆژیا نییە.

**رووداو: تورکیا یان کۆمەڵگەی تورکی، ئەوەی پێ پەسەند دەکرێت کە وڵاتێکی نوێ بەناوی کوردستان ببێتە دراوسێی؟ باس لە حکومەت و ئایدیۆلۆژیای فەرمی نەکەین؟ تا چەند کۆمەڵگەی تورکی ئەمەی قبووڵە؟**

**بێشکچی**: بابڵێین گشتپرسی بەڕێوەچوو و 80% دەنگی بەڵێ هەبوو. هەموو کەسێک ئەمە قبوڵ دەکات. تورکیا، ئێران، هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا، بەڵام شتێک هەیە، زۆر گرنگە ئەو وەبیرهێنانەوەیە بۆ یەکێتیی ئەوروپا هەبێت، کورد ئەمە بکەن زۆر گرنگە. کەمێک بەر لە ئێستا باسی کۆمەڵکوژیمان نەکرد لە 16ی ئاداری 1988 ؛ جگە لەوەش لە نێوان 1983 و 1988 رژێمی سەددام حوسێن دەڵێ کام گاز ژەهراویترە با بەرهەمی بهێنن و بەکاریبهێنن، لە ئانوساتێکدا کورد لەناوبەرین. ئەوکات ئەو وڵاتانە بۆ خاتری زویرنەکردنی سووریا و تورکیا و عێراق و ئێران دەنگیان لێوە نەهات و ئەمڕۆ باسی یەکگرتوویی عێراق دەکەن، ئەوەتا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وا دەڵێت، تورکیا وا دەڵێت، یەکێتیی ئەوروپا وا دەڵێت. بەڵام بەڕای من کە ئەنجامێکی لەمشێوەیەی هەبووە، هەموو کەسێک قەبووڵی دەکات.

### ئەگەر ٨٠%ی دەنگەکانی گشتپرسی بەڵێ بوون، ئەمریکا و تورکیا و عێراق و ئێران قبوڵی دەکەن

**رووداو**: تورکیا ئەمە قبوڵ دەکات؟

**بێشکچی**: بەڵێ.

**رووداو**: ئەگەر ئەم دەرفەتەمان لەدەستچوو، چی دەبێت، چی روودەدات؟

بێشکچی: ئیدارەدان و خۆبەڕێوەبەری لەلایەن کوردەوە گرنگە. بۆ نموونە ئێران ئاوی زێی بچووکی گرتەوە. لەو ناوچەیەدا کشتوکاڵ دەکرێت، ئەو چۆن ئاوەکەی گرتەوە؟ با بڵێین لە سنووری خۆیدا بەنداو دروست دەکات. لێرەدا برەودانی کشتوکاڵی پەیوەندیی بە تێپەڕبوونی ئاو هەیە لەو ناوچەیەدا، تۆ ئەگەر نەتوانی خۆت بەڕێوەبەریت، ناتوانی پلانداڕێژی. لەکاتێکدا ئەوە زۆر گرنگە کە تۆ بتوانیت بۆ نموونە بەنداوێک بۆ بەرهەمهێنانی تەزووی کارەبا لەسەر زێی گەورە دروست بکەیت. بۆ نموونە بە بەرزیی 150 مەتر بەر لە ئاوی زێی گەورە بگریت. لەوانەیە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان یان عێراق دژی ئەمە بن کە کورد لەوێدا بەنداو دروست بکات، بەڵام ئەگەر کورد خۆی خۆی بەڕێوەبەرێت، ئەمە دەکات. ئەگەر بڕیاری گەشەپێدان و بەڕێوەبردن و پلان لەدەستی خۆیدا بێت، ئەمە جێبەجێ دەکات.

**رووداو**: بەڵام دوو دراوسێی بەهێزمان هەیە پێمان دەڵێن گشتپرسی مەکەن؟

**بێشکچی**: ئاخر ئەوان بە کورد دەڵێن: تۆ خۆت بەڕێوەمەبە، با ئێمە بەڕێوەتبەرین و ئیدارەت بدەین. لێرەدا کورد دەبێت پێداگر بن و بڵێن ئیدی لەمەودوا خۆمان خۆمان بەڕێوەدەبەین، گەشەپێدانی کوردستان تا ئێستا دواکەوتووە. ئیتر خۆمان پلانی گەشەپێدان دادەڕێژین و کار لەسەر پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ دەکەین. بۆ نموونە لەسەر زێی گەورە بەنداوێک دروست دەکەین.

**رووداو**: وەکو جاران هێرشمان ناکەنە سەر؟

**بێشکچی**: لێرەدا پێویستە کورد پێداگر بێت.

## هیچ مەترسییەک لە گشتپرسیدا نییە و کورد دەبێ پێداگریی بکات

**رووداو**: چی بکەن باشە؟

**بێشکچی**: بۆ نموونە بە خۆرئاوا دەڵێن لە 1988 کۆمەڵکوژی کرا بۆ هیچ کاردانەوەیەکتان نەبوو، ئێستا دەڵێیت کاتی نییە؟ رەخنە لە خۆرئاوا دەگریت. بۆ کاردانەوەت نەبوو؟ واتا ئەو کۆمەڵکوژییە، ئەو کارە نامرۆڤانەیە کرا. ئەها کاتێک لە خۆرئاوا چارەسەرێکی تازە تاقی دەکرێتەوە لەسەر چی تاقیدەکرێتەوە؟ لەسەر مشک. رژێمی سەددام حوسێن کێی بەکارهێنا؟ کوردی بەکارهێنا. کوردی بەندکراوی نێو گرتووخانەکانی بەکارهێنا، گوندە کوردنشینەکانی بەکارهێنا لە 1983، لە هەڵەبجە 6 هەزار و 300 و قسوور کەس بەهۆی گازی کیمیاییەوە ژەهراوی بوون. لەکاتێکدا لە 1983 تاکو 1988 تاقیکردنەوە لەسەر گوندە کوردنشینەکان دەکرا بۆ ئەوەی بزانن کامە گاز ژەهراوییە. بێگومان پێویستە لەم رووەوە رەخنە لە خۆرئاوا بگیرێت. ئەوەندە رووداوی نامرۆڤانە روویاندا، بەڵام ئێوە کاردانەوەتان نەبوو. کەچی ئێستا هاتوون، لەکاتێکدا کورد دەیەوێت لەڕێگەی ئازادیدا بەرەوپێش بچێت، کوردستانێکی سەربەخۆ رابگەیێنێت، دەڵێن دوایبخەن. تۆش دەڵێیت ئەمە راست نییە، رەخنە لە خۆرئاوا دەگریت و دەڵێی ئێمە پێویستە خۆمان، خۆمان بەڕێوەببەین.

**رووداو**: دەرئەنجام قبوڵی دەکەن؟

## یەکێتیی عێراق بەهیچ شێوەیەک پیرۆز نییە

**بێشکچی**: بەڵێ.

**ڕووداو: واتە دەبێتە ئەمری واقیع؟**

**بێشکچی**: بێگومان ئێستا ئەگەر بڵێین یەکێتیی ئەوروپا، ئەگەر دانە دانە قسە لەسەر وڵاتەکان بکەین، یان وەکو دامەزراوە بڵێین یەکێتیی ئەوروپا، دەڵێ یەکێتیی عێراق. بەڵام ئەگەر گشتپرسی بەڕێوەچوو و ئەنجامێکی وەها هاتە ئاراوە (80%) بێگومان پەسەندی دەکەن. بە بۆچوونی من وەها دەبێت.
لەساڵی 1990 یەکێتیی سۆڤیەت هەڵوەشایەوە و 15 دەوڵەت دروستبوو. لە هەمان سەردەمدا یۆگوسلاڤیا لێکترازا و حەوت دەوڵەت دروستبوو. هەر لەو سەردەمەدا چیکۆسلۆڤاکیا لەنێو خۆیدا بووە دوو بەش. خۆرئاوا ئەمانەی زۆر بە ئاسایی وەرگرت، بەڵام کە سەرە دێتە سەر عێراق، دەڵێ یەکێتیی عێراق. یەکێتیی عێراق، یەکێتیی عێراق، وەک بڵێی زۆر پیرۆز بێت، لەکاتێکدا بەهیچ شێوەیەک پیرۆز نییە. بۆچی؟ لە بیستەکاندا لە سەردەمی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا ویلایەتی بەغدا و ویلایەتی بەسرە هەبوون. ئەوکاتە ئینگلتەرە بەهۆی ئەوەی بیری لە نەوت دەکردەوە کە لە کەرکووکدا نەوت دۆزرابووەوە، کاری کرد تا ویلایەتی مووسڵ (کە کەرکووکیشی لەخۆگرتبوو) بخاتە سەر ئەو عێراقەی دیزاینی کردبوو. بەمجۆرە عێراقیان دروستکرد. دەوڵەتێکی سوننی.

ئەمڕۆ بە قەناعەتی من دەوڵەتێک بەناوی عێراق نەماوە، بەڵام هێشتا دەڵێن یەکێتیی عێراق. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێشتا وەها دەڵێت. لەکاتێکدا لە 2011 ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەبەرهێنانێکی زۆر گەورەی ملیارەهایی بۆ سوپای عێراق ئەنجامدا. دووەم قورسایی سوپا لە مووسڵ بوو، چەندین بەرپرس و پێداویستیی سەربازی و نزیکەی 60 هەزار سەرباز لەوێ بوون. بەڵام لە حوزەیرانی 2014 چی ڕوویدا؟ سوپا بێ ئەوەی هیچ شەڕێک لەگەڵ داعش بکات، پاشەکشەی کرد و تەواوی ئەو چەک و کەرەستە سەربازییە بۆ داعش مایەوە. داعش بەو چەک و پێداویستییە سەربازییە هێرشی کردە سەر کوردستان. سەیرکەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سوپای عێراق بەهێز دەکات، ئەوان سەربازگەیەکی زۆر گەورەیان لە مووسڵ هەیە، ئەو چەکە دەکەوێتە بەردەستی داعش و داعش لە دژی کورد بەکاریدەهێنێت. لەم ڕووەوە ئەمریکا دەڵێ با ئێران سنووردار بکەین. واتا ئێران ئیدارەیەکی شیعییە لە خۆرهەڵاتی ناویندا و دەیەوێت دەسەڵاتی خۆی فراوان بکات. دەیەوێ شیعەگەری بەدامەزراوەیی بکات .

لەکاتێکدا ئەمریکا هێشتا دەڵێ یەکێتیی عێراق، وەبەرهێنان بۆ عێراق دەکات. لەکاتێکدا هاوکاریی ماددی بۆ عێراق وەبەرهێنانە بۆ ئێران، بۆ نموونە حەشدی شەعبی هێزێکی عێراقییە، بەڵام ئێران بەڕێوەی دەبات. تۆ کە هاوکاریی ماددیی عێراقت کرد واتا هاوکاریی حەشدی شەعبیت کرد، ئێ حەشدی شەعبی زیاتر لە داعش شەڕی کورد دەکات. ئیتر پێویستە ئەمانە وەبیر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی خۆرئاوا بهێندرێنەوە. جگە لەوە عێراق ئەو دەوڵەتە پیرۆزە

نییە. یەکێتیی سۆڤیەت پەرتەوازە بوو دەنگت نەکرد، یوگوسلاڤیا پەرتەوازە بوو دەنگت نەکرد. کە کورد دەڵێ ئازادی و سەربەخۆیی تۆ بۆ بەرهەڵست دەبیت؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو – ڕێکەوتی: ١١ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

## ئیسماعیل بێشکچی: ئەوەی داهاتوی دروستبونی دەوڵەتی کوردی دیاری دەکات خواست و یەکگرتویی کوردە



ئیسماعیل بێشکچی

### کوردستانی نوێ

ئیسماعیل بێشکچی نووسەرو سۆسیۆلۆجی ناودارو دۆستی کورد، لەدیدارێکیدا لەگەڵ کوردستانی نوێ باس لەگرنگیی یەکڕیزیی کورد دەکاتو دەڵێت: دەکرێت ئەمریکاو تورکیاو وڵاتانی دیکەش دژی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی بوەستنەوە، بەڵام ئەمە نابێتە هۆکارێک بۆئەوەی کورد نەتوانێ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی رابگەیەنێت، بەڵکو خواستی کورد دەتوانێ بەدەوڵەتی کوردی بگات، بێشکچی ئاماژە بەوەشدەکات: ناتەبایيو لەرتەوازەبوونی لایەنە

کوردییەکان لەهەرچوارلارچەی کوردستان، ڕێخۆشکەرێک دەبێت بۆئەوەی لایەنی دوژمن زەفەر بەکورد ببات و بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاربهێنێت.

**پرسیار**: لەعیراق هەرێمی کوردستانی فیدراڵ هەیەو لەڕۆژئاواش بەدەستلێشخەریی ئەیەدە بەڕێوەبەرایەتیی خۆیەتی بۆ کورد هاتۆتەئاراوە، لەتورکیاش ڵرۆسەی دیالۆگ لەمەڕ چارەسەری پرسی کورد درێژەی هەیە، بەم دەستکەوتانە ئایندەی کورد لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چۆن دەبینن؟

**وەڵام**: لەساڵی 1920دا خاکی کوردستان بەسەر چوار وڵاتدا دابەشکراوەو لەلایەن وڵاتە زلهێزەکانی دنیاوە لارچە کراوە، بەو هۆیەشەوە مافی دروستبوونی دەوڵەتی کوردیی زەوتکراوە، بەدڵنیاییەوە ئەوکاتە دوو دەوڵەتی ئەملرِیالیزمی گەورە دەسیان لەلارچەکردنی خاکی کوردستاندا هەبووە، ئەوانیش بەریتانیاو فەرەنسایە لەگەڵ دوو دەوڵەتە مێژووییەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کەئەوانیش دەوڵەتی عوسمانی کەتورکیای ئێستاو ئیملرِاتۆرییەتی فارس کەئێرانی ئێستا دەکات، ئەم چوار هێزە رۆڵی بەرچاویان لەدابەشکردنی خاکی کوردستاندا گێڕاوەو خاکی کوردستانیان لەنێوان خۆیاندا بەشکردووە، کاتێ سەیریی جامیعەی وڵاتانی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکەین، کە لەلاش جەنگی جیهانی یەکەمو بە بەشداریکردنی چەند وڵاتێکی کەم تێیدا ئەم جامیعەیە دامەزرێندرا، ئامانجی جامیعەکە ماف ئێدان بووە بەو نەتەوانەی کەداوای ئیرادەو مافی خۆیان کردووە، بۆیە لەوچوارچێوەیەدا جیهانیان دیزاین کردۆتەوە، ئەوکاتە ئەمریکاو سۆڤیەت زۆر باسیان لەمافی نەتەوەکانی دنیا دەکرد، ستالین، ویلسن زۆر قسەیان لەوبارەیەوە کردووە کەچی دەبینین کورد لەوکاتەدا بەشکراوەو لارچەکراوە. سەرەتا دەبێت ئێمە لەسەر ئەمە بووەستینەوەو خوێندنەوەی دروستی بۆ بکەین، لەبەرئەوەی لەساڵی 1920دا لاچەکردنی کوردستانو بەشکردنی بەسەر چوار وڵاتدا، سێیەم بەشکردنی خاکی کوردستان بووە. یەکەم بەشکردنی کوردستان لەسەدەی 16 بووە لەنێوان شا ئیسماعیلی سەفەویو و یاوز سوڵتان سولەیمانی عوسمانیدا، ئەمە بە یەکەم دابەشکردنی کوردستان دادەنرێت لەنێوان ئەم دوو ئیملرِاتۆرییەدا. دووەمیان لەچارەکی یەکەمی سەدەی 19 بووە. لەکاتی شەڕی روسیاو ئێران لە 1812 - 1813 - 1826 - 1828، لەوکاتەدا بەشێکی لەخاکی کوردستانی ئێران چۆتە ژێر دەستەی روسیاوە، واتە نەتەوەیەک بەدرێژایی مێژووی دابەشدەبێتو لارچە دەبێت ئەمەش وایکردووە کەهەرجارەو خۆی بەشێوەیەک لەگەڵ رووداوەکاندا بدۆزێتەوە گرنگە خوێندنەوە بۆ ئەم سێ دابەشبوونە بکەین، گرنگە بلرِسین ئەگەر نەتەوەیەک بەبەردەوامی دابەشبکرێت، ئەوا مانای ئەوەیە لاوازییەکی تیا هەیە، بەوەی هێزی دوژمن درک بەو لاوازییە دەکاتو دابەشی دەکاو بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاریدەهێنێت.

لەساڵی 1920 بەدواوە کاتێ بۆ سێیەمجار لارچەکردنی خاکی کوردستان دەکرێتو سنوورەکان دەکێشرێن، لەلایەن بەریتانیاو فەرەنساوە هیچ ڵرسو رایەک بەکورد ناکرێت، کەسنوورەکان کێشراون بەتەنها میللەتی کورد لارچە کراوەو نەتەوەکەی جیاکراونەتەوە لەیەکتری، بۆ نموونە کاتێ سنووری تورکیاو عیراق کێشراون عەرەبو تورکی لەیەک نەکردووە،

بەڵكو كوردی لەیەكتر كردووەو بەسەر دوو دەوڵەتدا دابەشیكردوون، هەروەها لەجیاكردنەوەی سنووری نێوان سوریاو توركیاش بەهەمان شێوە كورد دابەشبووە لەئێرانو توركیاش وابووە، دەبێ بەئاگاوە لەم لێرۆسەیە تێبگەینو بزانین چۆنو بەچ شێوەیەک كورد دابەشكراوە.

كۆمەڵەی نەتەوەكان لەساڵی 1920دا، كاتێ كورد بەسەر چوار لارچە دابەشكرا، ئەوان هیچ هەڵوێستێكیان بەرامبەر نەتەوەی كورد نەبووە لەكاتێكدا ئامانجیان ئەوەبووە كەبەبێ جەنگ چارەسەری لرسە نەتەوەییەكان بكرێت، كەچی ئەو ئامانجەی لێكنەهێناوە، بەوەی وڵاتە زلهێزەكان لەسەر بەرژەوەندی خۆیان رێككەوتبوون. بۆ نموونە لەجەنگی جیهانی دووەم، كەزۆر لەجەنگی جیهانی یەكەم گشتگیرترو فراوانتر بووە، لەو قۆناغەشدا نەتوانراوە رێكخراوێكی نەتەوەیی دابمەزرێنێ بۆ رێگرتن لەشەڕ تا بەدیالۆگ چارەسەری لرسە نەتەوەییەكان بكات، لەساڵی 1945 نەتەوە یەكگرتووەكان دامەزرا لەلاش ئەوكاتە واتە دوای جەنگی جیهانی دووەم، گۆڕانكاریی سیاسی زۆر لەناوچەكە هاتەگۆڕێ، ئەوانەی راگوێزرابوون لەلاش جەنگی جیهانی دووەم سەربەخۆییان وەرگرت لەئەفەریقا، لەباشووری رۆژهەلاتی ئاسیا، ناوچەكانی كەنداو، كوەیت، قەتەرو بەحرەینو هتد.. بەسەربەخۆیی گەیشتن ئەوكاتە، بەلام هیچ شتێك لەكوردستان نەگۆڕا هیچ ستاتویەک بەكورد نەدرا، بەوەی كورد دابەش و لارچەلارچە كرابوو لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دەوڵەتانەی دامەزران، رێگربوون لەدروسبوونی ستاتویەک بۆ كورد، لەجەنگی جیهانی دووەمیشدا رێگری لەدروستبوونی ستاتویەک بۆ كورد وەک خۆی بەردەوامبوو واتە گۆڕانكاری زۆر گەورە لەدنیادا هاتەگۆڕێ، كەچی لەكوردستان هیچ شتێك نەگۆڕا.

لەمڕۆدا 208 دەوڵەت لەدنیادا هەیە، 193 دەوڵەت لەنەتەوەیەكگرتووەكان ئەندامە زۆر لەو دەوڵەتانەش ژمارەی دانیشتووانیان لەیەک ملیۆن كەمترە لەوانەیە 40 وڵاتی لەوجۆرە هەبن دەبینین لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا 40 ملیۆن كورد هەیەو كەچی خاوەنی دەوڵەتێكی خۆیان نین لەبەرئەوەشە كورد ناوی نییە، ستاتوی نییە لەنەتەوەیەگرتووەكانداو بوونی نییە، بەداخەوە كورد لەكاتی بەكارهێنانی وشەی تیرۆردا ناوی دێت كەدەوترێ تیرۆر لەناو دەبەین لەبەرئەوە زۆر گرنگە بزانین دۆخی ئەمڕۆی كورد لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا لەچ ئاستێكدایەو بەرەوكوێ دەچێت.

لەساڵی 2003 دا بەبڕیاری نەتەوەیەكگرتووەكان لەڕژێمی سەدام حسێن درا ئەمە رێگای بۆ كورد كردەوە بەوەی هەرێمی كوردستانی عیراق بەفەرمی راگەیەنرا، ئەمە وەک ستاتویەكی فەرمی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دادەنرێتو دەستكەوتێكی گرنگە.

ماوەی سێ ساڵە رووداوەكان لەسوریا بەردەوامی هەیە، لەم قۆناغەدا كورد توانی لەناوچە كوردییەكاندا جۆرە بەڕێوەبەرێتی خۆیەتی بۆخۆی دەستەبەر بكات ئەمەش لەدوای حوزەیرانی ساڵی 2012 دا بەشار ئەسەد سەربازەكانی



سەرچاوە
Serchawe

لەناوچەکانی خاکی کوردستاندا کشانەوەو کەوتنە ژێر دەستی ئەیەدەوە، وەک بزووتنەوەیەکی بەهێزی کوردو تـادێ خۆیـان زیاتر بۆ بەڕێوەبەراتی خۆیەتی ریکدەخەن ئەمەش گۆڕانکارییەکی مانادارە، من بەشبەحاڵی خۆم گەشبینم بەوەی لەباکووری سوریا هەرێمێکی کوردو کوردستانی دروستبووە لەشێوەی خۆبەڕێوەبەرایەتی کە ئەیەدە کۆنترۆڵی کردووە.

**پرسیار**: **تورکیا بەفەرمی هەرێمی کوردستانی عیراقی ئەسەندکردووەو ئێستا دەخوازێ مۆدێلێکی چارەسەری بۆ ئرسی کورد لەتورکیا بێنێتەکایەوە، باشە بۆچی لەدروستبوونی هەرێمێکی کوردی لەسوریا رێگرە؟**

**وەڵام**: لەمـارتی2011 وە شـەڕ لەسـوریا درێـژەی هەیە لەبەرامـبەر ئەمەشـدا تورکیـا بەتیـنەوە دەڕوانێـتە رەوشـی کـورد لەسوریاو

بەدواداچوونی بۆ دەکات و تورکیا دەخوازێ بەشار ئەسەد بڕوخێت، لەگەڵ ئەوەشدا کورد هیچ دەستکەوتێکی نەبێت.

سیاسەتی تورکیا دەربارەی سوریا ئەوەیە کە کورد لەم ئڕۆسەیەدا هیچ دەستکەوتێکی نەبێت بۆ ئەو مەبەستەش هاوکاری گروڵە ئیسلامییە رادیکاڵەکـان دەکـات، دەشخوازێت لارتێکی ئیسلامی جێگەی ئەسـەد بگرێتەوە. لەڕووداوەکـانی سێ سـاڵی رابـردووی سـوریادا، دەبینـین نـاوی وڵاتـانی تورکیـا، قەتـەر و سعودییە زۆر دێت. سەرەتـای دیـدارەکە ئـامـاژەم بەوەکـرد کە وڵاتـانی داگیـرکەر بەرژەوەنـدیان لەبەشکردنی کـورد هەبـووەو هەروەهـا زۆربەی ئەو وڵاتـانەشی رێـژەی دانیشـتووانیان یەک ملیۆن نییە کەچـی بـوون بەدەوڵەت لەم قۆنـاغەی ئێستاشدا دەبینین لەسـوریا هەمـان شت دژ بەکـورد دووبـارە دەبێـتەوە، تورکیـا، قەتەرو سـعودییە لەدژی دروسـتبوونی هەرێمێکـی کـوردی لەسـوریا دەوەسـتنەوە دەیـانەوێ ئەو هەرێـمە کـوردییە بڕوخێنن، رێگربن لەدروستبوونی ستاتویەک بۆ کورد لەمەڕ بەرژەوەندییەکانی خۆیان هاوکاری بەرەی ئەلنوسرەو ئەلقاعیدە وئیخـوان دەکەن بـۆئەوەی دژی بـزووتنەوەی کـوردی لەسـوریا بجەنگـێن، کـورد لەلایەک هەوڵـی هەرێمێکـی سـەربەخۆ دەداو لەلایەکیترەوە لەگەڵ ئەلقاعیدە دەجەنگێت ناوچەکانی خۆی دەلارێزێت سەرەڕای ئەوەی تـورکیـا رێگـرە هێشـتا کـورد دەتـوانێ بەرگریی لەخۆی بکاتو دەستکەوتەکانی لەرۆژئاوا قوڵتر بکاتەوە ئەمە جێی دڵخۆشییە.

ئێستا دەبینینو دەبیستین کە تورکیا لەهەوڵی ئەوەدایە ئەیوەنـدیی دۆسـتانە لەگەڵ هەرێمی کوردسـتان دروسـتبکات بەدوای ئەوەدایە کەسـوود لەنەوتو غـازی کوردسـتانی باشـوور وەربگرێـت بەمەش سیاسـەتی دووفـاتی ئەیـڕەو دەکـات، واتە لەگەڵ باشوور دۆستانە، لەگەڵ رۆژئاوادا چەتە دەنێرێتە سەر کورد ئەمە هەڵەیە.

بۆ نموونە ئێش دە ساڵ لەمەوبەر تورکیا دانی بەهەرێمی کوردستانی عیراقدا نەدەنـا، بـارزانیو تاڵەبـانی وەک سـەرکردە نەدەناسران ئێستا بەفەرمی ناویان دەبرێتو لەهەوڵـی دروسـتکردنی ئەیوەنـدییەکی دۆسـتانەدایە لەگەڵیـان، لەوبـاوەڕەشـدام زو تـا درەنگ تورکیا نـاچار دەبێت دان بەسـتاتوی کورد لەرۆژئـاوادا بنێت ئەمە لەقـازانجی هەردوولا دەبێت.

**پرسیار**: لەم دۆخەدا یەکگرتوویی کورد لەچوار لارچەی کوردستان تاچەند گرنگە؟

**وەڵام**: لێویستە کوردەکان گوێ لەیەکتری بگرن، لەیەک بگەن. بۆ نموونە کاتێ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عیراق هاتە ئامەد وتی «ئێمە ئەو ستاتویەی لەرۆژئاوا دروستبووە دانی لێانانێین». ئەمە لەیامێک بوو دژ بە لەیەدە، بەڕای من ئەوە هەڵەیە، بەدڵنیاییەوە هاتنی بارزانی بۆ ئامەد، بە سەردانێکی باشو گرنگی دەزانم بەڵۆشاکی لێشمەرگەو بەئاڵای کوردستانەوە بەڕێگەی بەڕییەوە هاتە ئامەدو لەلایەن بەرلرسانەوە لێشوازیی لێکرا. شتێکی تر هەیە ئەویش ئەوەیە کاتێ بەدەڵە لەجەژنی نەورۆزدا زیاتر لەملیۆن کەس کۆدەبنەوە بەئاڵای کوردستانەوە دەشبوایە یەک ملیۆن ئاڵا لێشوازیی لەبارزانی بکردبایە ئەمە بۆ داهاتووی کورد گرنگ بوو.

**پرسیار**: هەنگاوەکانی  پرۆسەی ئاشتی چۆن هەڵدەسەنگێنن، ئایا تورکیا لەگەڵ لەکەکە بەئاشتی دەگەن؟

**وەڵام**: لێویستە سیاسەتی فەرمی دەوڵەتی تورکیا بگۆڕدرێت بەوەی تورکیا لەهەوڵی ئەوەدایە لەگەڵ کوردی باشووردا لەیوەندیی ئابووریی بەهێز بکاو نەوتو غازی دەخوازێت، هەرئەوەشە فراوانی لەلەیوەندییە دیللۆماسییەکاندا دەهێنێتە ئاراوە. ئەوەتا ئەردۆغان دە ساڵە سەرۆک وەزیرانە و کەچی لەکاتی هاتنی بارزانی بۆ ئامەد لەوکاتەدا سەردانی شارەوانی ئامەدی کرد، ئەمە بەشێکە لەگۆڕانی سیاسەتی دەوڵەت، بەڵام مەرجە کورد خاوەن بڕیاری خۆی بێتو یەکگرتوویێت، ئەوکات دەوڵەت ملکەچ دەبێت هەنگاوی جدی بنێت بۆیە یەکگرتوویی‌و ئاشتی نێوان کورد مەرجە. ئێستا لارتی ئاشتی‌و دیموکراتی دەیەوێ لەگەڵ دەوڵەتدا بەئاشتی بگات، لەکاتێکدا لارتە کوردییەکان بەتەواوی یەکریزو تەبا نین کاتێ تۆ لەناوخۆدا تەبا نەبی ئەوا دەوڵەت تۆ بەجدی وەرناگرێت.

**پرسیار**: لەچەند مانگی رابردوودا سەردانی هەرێمی کوردستان- تان کرد، سەرنجتان دەربارەی کوردستان چی بووە؟

**وەڵام**: بینینی لێشمەرگە لەبنکە سەربازییەکان و لەهەموو لایەکەوە ئاڵای کوردستان دەدرەوشایەوە شتێکی جوان بوو ئەمە شتێکی جوان بوو ئەمە مۆراڵی هەموو کوردێکە لەلاش ئەو هەموو زوڵم‌و فشارە نێودەوڵەتییە بۆ سەر کوردو کوردستان کراوە، سولای لێشمەرگەم دەبینی جێی دڵخۆشی بوو. دەبێت داهاتی نەوتو غاز بۆ هەموو کورد دابەشبکرێتو بۆ بەرژەوەندیی کورد بێت، لەهەمانکاتدا دەشبێ لەکوردستان کەرتی ئاژەڵداریی، کشتوکاڵی‌و گەشتیاریی لەرەلێبدات وەبەرهێنان بۆ ئەوانە بکرێت، دەسکەوتەکانی کورد لەلێش ١٥ ساڵ لەمەوبەر لەمڕۆدا زۆرترو لەلێشترە زیاتریش دەبێت.

**پرسیار**: بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی تاچەند بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی بەگرنگ دەبینن؟

**وەڵام**: بەدڵنیاییەوە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان گرنگە لەوانەیە ئەمریکا نەخوازێت کەدەوڵەتی کوردی دابمەزرێت، تورکیا دژی ئەوە بوەستێتەوە، بە بۆچوونی من خواستنی ئەوان ئەوە دیاریی ناکات، ئەوەی داهاتووی دروستبوونی کوردستان دیاری دەکات خواست و یەکگرتوویی کوردە، کوردان بیانەوێ دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێنن دەبێ کورد جەخت لەوە بکات ئەمە لەماوەیەکی داهاتوودا بێت گرنگە بەزوترین کات کۆنگرەی نەتەوەیی کورد سازبکرێت بۆ ئەوەی کوردان لەداخوازییەکانی یەکتری بگەنو بەرێککەوتن بگەن لەناو یەکدا رێککەوتن مەرجە. ئەگەر کورد لەیەکتری نەگەن، ئەوا بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی هیچ مانایەکی نابێت ئەگەر بێتو کورد تەنازول بۆ یەکتری بکەنو لەناوخۆیانداو یەکگرتووبن ئەوا ئەمە ئەنجامی باشی بۆیان دەبێت.

لەکاتی شەڕکردنیشدا دەوڵەتانی تر بەئاسانی دێتە ناویانەوە دەتوانن بەشیان بکەن بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاریان بهێنێت دواتریش دەبێت باجی زۆری ئەوە بدەن.

**پرسیار**: بەم نزیکانە کتێبی نوێتان دەبێت؟

**وەڵام**: نەخێر، تەنها وتار دەنووسم، ئەویش لەڕێگەی سایتی وەقفی ئیسماعیل بێشکچییەوە بڵاودەکرێنەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی لەکوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٣ی جانیوێری ٢٠١٤

## مەلا مستەفا بارزانی کاری کردووە کە کورد وەک سیمرخ لە خۆڵەمێشی خۆیەوە ژیان دروست بکاتەوە



ئیمساعیل بێشکچی

ئازاد ئاڵتون

لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ کەناڵی کوردستان ٢٤، ئیسماعیل بێشکچی، نووسەر و کۆمەڵناسی تورک و دۆستی گەلی کورد

## ناوەڕۆکی هەڤپەیڤینەکە

**پرسیار**: بۆ یەکەمجار چۆن دەنگوباسی شۆڕشی ئەیلوولی کوردستان لە ساڵی 1961 بەئێوە گەیشت؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: من لە ساڵی 1983 لە گەڤەر سەرباز بووم. ئەوکات تێکۆشانی مەلا مستەفای بارزانی لەئارادابوو. ئێمەش لەسەر سنوور بووین. هەر لەگەڵ دەستپێکردنی ئەو خەباتە، تورکیاش یەکینە سەربازییەکانی لەسەر سنوور بەهێزکردبوون. بۆ نموونە چەند هێزێکی پیادەی لە بارەگاکانی بلیس، مووش و ئەرجیش رەوانەی سەر سنوور کردبوو، بۆ ئەوەی یەکینە سەربازییەکانی لەسەر سنوور بەهێز بکات. من لە لیوای بلیس بووم و لە هاوینی ساڵی 1963یێش لە گەڤەر سەرباز بووم. ئەوکات زۆر زانیاریم لەبارەی کوردەوە نەبوو، بەڵام خەباتی ئەوان روون و ئاشکرا بوو و لەبەرچاو بوو.

فرۆکە جەنگییەکانی عێراق کوردی ئەو ناوچانەی بۆردومان دەکرد. هەندێک جاریش ئەو بۆمبانەی فرۆکە جەنگییەکان هەڵیدەدان، بەر گوندەکانی سەر سنووری گەڤەر دەکەوتن. هەروەها ئەوکات ململانێیەک لەنێوان کورد و کوردیشدا هەبوو. بۆ نموونە ناوچەی برادۆست بەرهەڵستی مەلا مستەفا بارزانییان دەکرد و شەڕ لەنێوانیادا هەبوو، رووبەڕووبوونەوەیەکی لەمشێوەیەش هەبوو. بەشێک لەو برادۆستیانە بەهۆی ئەو شەڕ و ململانێییە بەرەو گەڤەر کۆچیان کرد، واتا وەک پەنابەر خۆیان بە تورکیا سپارد. لە خاکی شێخ رەشیدی برادۆستی... ئەوکات دۆخێکی لەمشێوەیەش لەئارادا بوو. لەلایەکی دیکەوە بەردەوام تورکیا فەرمانی ئەوەی دەکرد، کە خاکەکەی وەک رێڕەوێکی هاتووچۆ بەکارنەهێنرێت. چونکە لە ساڵی 1947ـەوە ئەو ناوچەیە وەک دەرچەیەک بەکاردەهات. لە ساڵی 1947 واتا سەردەمی مەهاباد مەلا مستەفا لەگەڵ یەکینەکانی چووبووە ئێران، دواتریش لەوێوە بەرەو یەکێتی سۆڤیەت چووبوو. ئەو گەشتەش لەرێگەی گەڤەرەوە ئەنجامدرابوو. تورکیاش فەرمانی بە هێزەکانی کردبوو، کە یان دەبێت مەلا مستەفا بارزانی دەستگیر بکەن، یانیش رێگە بە گەشتێکی لەو شێوەیە لە ناوچەکە نەدەن.

شۆڕش لە 9ی ئەیلوولی 1961 دەستییپێکرد و لە ساڵی 1963شدا خەبات و تێکۆشان بە شێوەیەکی توند بەردەوام بوو. من لەو باوەڕەدام کە ئەوکات کوردانی ئەو ناوچەیە بەشێوەیەکی نهێنی زۆر هاوکاری بارزانییان کرد. خوێ، شەکر، گۆرەوی و سووتەمەنیان بۆ دەنارد.

هەروەها ئەوکات دەوڵەتی تورکیا وێنەی مەلا مستەفا بارزانی لەناو هۆزەکانی ناوچەکە بڵاوکردبووەوە. ئەویان وەک کەسێکی داواکار نیشان دەدا و دەیانگوت، هەر کەسێک ئەو دەستگیر بکات و رادەستی دەوڵەتی تورکیای بکات، خەڵات

دەکرێت. ئەوکات زانیارییەکانم لەبارەی کوردەوە کەم بوون، بەڵام بەو جۆرەش من خۆمم رادەستی بیروباوەڕی دەوڵەت نەکردبوو.

**پرسیار: شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی 1961 لە سەدەمی شەڕی سارد دەستیپێکرد. هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ رابەرایەتی مستەفا بارزانی چییە، کە توانیی لەناو هاوکێشە و یارییە سیاسییە هەرێمایەتی و جیهانی ئەو سەردەمە شۆڕش بەرپا بکات و مامەڵە بکات:**

**ئیسماعیل بێشکچی:** هەڵبەتە پێویستە ئێمە ئاوڕێک لە پشت پەردە مێژووییەکەی بدەینەوە؛ ساڵی 1920 لە سەردەمی جەماعەتی میللەتان پارچەکردنی کورد و پارچەکردنی خاکی کوردستان زیانێکی زۆری بە کورد و کوردستان گەیاند.
سیاسەتی ئەو سەردەمیش بە هاوکاری دوو وڵاتی گەورە و میتینگەرانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوەدەبرا. بۆ کورد دۆخێکی زۆر سەخت بوو. وەک ئەوە وابوو کە ئێسقانی مرۆڤێک لەیەک جیا بکرێنەوە یانیش مێشکی مرۆڤێک پان بکرێتەوە، ئەو سیاسەتانەش کاریگەریەکی لەو شێوەیەی لەسەر کورد کردووە. ئەو وڵاتانە دەیانویست بەو سیاسەتانەی و پارچەکردنی کوردستان، کورد بەیەکجاری لەسەر زەوی بسڕنەوە، بۆ ئەوەی کۆتایی بە بوونی ئەوان بهێنن. بەتەواوی لە دۆخێکی لەو شێوەیەدا کە هێرش و سیاسەتی زۆر قورس لەسەر سەری کورد پیادە دەکرا، مەلا مستەفا بارزانی کاری کردووە کە کورد (وەک باڵندەی سیمەرخ) جارێکی دیکە لە خۆڵەمێشی خۆیەوە ژیان بۆخۆی دروست بکات. مەلا مستەفا بارزانی رۆڵێکی لەوشێوەیەی گێڕاوە. هەڵبەت دەبێت ئێمە لەو پرۆسەیەدا لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی رۆڵی کەسایەتییەکانی دیکەش لەبیر نەکەین.

پێویستە ئێمە شێخ عەبدولسەلام و شێخ ئەحمەدیش وەک پێشەنگی ئەو پرۆسەیە دەستنیشان بکەین و مەلا مستەفا بارزانیش وەک بەردەوامیپێدەری ئەو پرۆسەیە نیشان بدەین. لە ساڵی 1947 کۆماری مەهاباد رووخێنرابوو و لەگەڵ قازی محەمەد گەلێک بەڕێوەبەر و سیاسەتمەداری کورد دەستگیرکرابوون. لەو سەردەمەدا مەلا مستەفا بارزانی بۆ دیاریکردنی ئایندەی کورد دەچێتە تاران، بۆ ئەوەی لەو بارەیەوە قسەر لەگەڵ شا بکات. بەر لەوەی دیدار لەگەڵ شا ئەنجام بدات، دامەزراوەیەکی هەواڵگری ئێران لەگەڵ شێخ ئەحمەد بارزانی دەکەوێتە پەیوەندی. هەواڵگری ئێران بە شێخ ئەحمەد بارزانی دەڵێت: "چەکەکانتان دانێن و لە هەمەدان جێگیر بن". شێخ ئەحمەد بارزانیی بێ ئەوەی بیر لەو داواکارییە بکاتەوە، یەکجار وەڵامی ئێران دەداتەوە دەڵێت: "ئێمە چەکەکانمان دانانێین و بە هیچ شێوەیەکیش لە هەمەدان جێگیر نابین. کاتێک بەفر تاوایەوە و رێگاکان کرانەوە ئێمە دیسان دەگەڕێینەوە باشوور. ئێوە دەتانەوێت چ لە مەلا مستەفا بارزانی و هاوڕێکانی بکەن ئێوە ئازادن. زۆر مەلا مستەفا بارزانی دیکە لەناومان هەن". دوای ئەو بڕیارە یەکلاکەرەوەیە مەلا مستەفا بارزانیش دەگەڕێتەوە ناو هێزەکانی کورد.



سەرچاوە
Serchawe


دوای ئەوە گەشتەکەی بەرەو یەکێتی سۆڤیەت دەستپێدەکات. هەڵبەت چوون بەرەو خاکی یەکێتی سۆڤیەتیش پرۆسەیەکی گرنگ بوو. ئەوکات ژیانی کوردانی یەکێتی سۆڤیەتستان ژیانێکی پەنابەریتی نەبوو. ئەو ژیانی ئەوان بەندایەتی لەسەر خاکە. لەو سەردەمەدا کورد لە ئازەربایجان دەربەدەر کراون. زیاتر لە 50 پێشمەرگە کە لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی بوون بەرەو ئاسیای ناوەڕاست گوازرابوونەوە. لە ساڵی 1948 بەداخەوە ژیانی ئەوان لەوێ ژیانێکی پەنابەریتیش نەبوو، بەتەواوی بەندایەتییەک بوو، کە پەیوەست بوو بە خاکەوە. باشبوونی ژیانی کورد لە یەکێتی سۆڤیەت دوای مردنی ستالین واتا لە ساڵی 1952 و 1953ـەوە دەستپێ دەکات. دوای ئەو ساڵانە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی سۆڤیەتیستانەوە لە مۆسکۆ خانوویەک بۆ مەلا مستەفا بارزانی دابین دەکرێت. ئیدی مەلا مستەفا بارزانی ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە و زۆربەی دیدارەکانی لەگەڵ هاوەڵەکانی لەو خانووە ئەنجام دەدات. دوای مردنی ستالین کورد هەندێک خۆیان ئامادە دەکەن و ئاگاداری یەکتر دەبن و دێنەوە لای یەک.

لە ساڵی 1958 دوای رووخانی رژێمی پاشایەتی لە عێراق، مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ 500 پێشمەرگە دەگەڕێتەوە عێراق و بەمەش هەم لە مێژووی کوردستان و هەمیش لە مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەردەمێکی نوێ دەستپێدەکات. ئەو سەردەمە گەلەک گرنگە. چونکە کاریگەری ئەو گەڕانەوەیە نەک تەنیا لەسەر کوردستان، بەڵکو کاریگەرییەکی گەورە لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و تورکیاش دروست دەکات. دۆزی کورد وەک هۆکارێک لە بنچینەی هەموو کودەتا سەربازییەکانی تورکیادا بوونی هەیە. واتا بۆ ئەوەی ئەو شکستەی عێراق لەسەر دەستی مەلا مستەفا بارزانی خواردوویەتی لە تورکیا روونەدات، ئەو کودەتایانە روویانداوە: کودەتای 7ی گوڵانی 1960، کودەتای 12ی ئاداری 1971، کودەتای 12ی ئەیلوولی 1980 و کودەتای 28ی شوباتی 1997، هەموو ئەو کودەتایانەش بۆ ئەوە بوون، کە کاریگەری ئەوەی لەسەر دەستی مەلا مستەفا بارزانی لە عێراق روویاندابوو لە تورکیا دووبارە نەبنەوە، واتا بۆ ئەوەی لە کوردستانی باکووریش هەمان شت روونەدات ئەو کودەتایانە روویاندابوو. من لەو باوەڕەدام کاریگەرییەکانی ئەمە زۆر گەورە بوون.

بەر لەوە من باسی خانووەکەی مۆسکۆڤام کردبوو. ئەوێ بۆ کورد و کوردستان پێگەیەکی زۆر گرنگی پێزانینە. من لەو باوەڕەدام کە پێویستە کورد هەوڵ بۆ کڕینی ئەو خانووە بدەن. چونکە ئەو خانووە بۆ کورد گەلێک گرنگە.

بە بڕوای من هەم مەلا مستەفا بارزانی و هەمیش بارزانییەکان لە کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کارگەری زۆر گەورەیان دروستکردووە. بۆ نموونە لە تورکیا هۆکاری کودەتاکان هەر کورد بوون و هەروەها خەبات و تێکۆشانی مەلا مستەفا بارزانی لە باشوور دەستپێکردن بوو. بەڵام بەداخەوە نە بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتی تورکیا، نە سیاسەتی تورکیا، نە چاپەمەنی تورکیا و نە زانکۆکانی تورکیاش بە هیچ شێوەیەک لێکۆڵینەوەیان لەوبارەیەوە نەکردووە. وێڕای ئەوەی کە هۆکاری هەموو

کودەتاکان کورد و دۆزی کورد بوو، بەڵام هیچ کامێک لەو دامەزراوانە هەڵسەنگاندنیان بۆ ئەو بابەتە نەکردووە. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە، کە کورد هەمیشە رەتکراونەتەوە، بە زوڵم و ستەمکاری پەستان و فشار دەخرێتە سەریان. لە پرۆسەیەکی لەو شێوەیەدا بۆ ئەوەی کورد بە هیچ شێوەیەک نەهێنە پێشەوە، سیاسەتی تورکیا، چاپەمەنییەکەی و زانکۆکانی هیچ کات گرنگییان بەو بابەتە نەداوە و تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکیشیان لەو بارەیەوە نەکردووە. کاتێک پرسیار لەبارەی هۆکارەکانی کودەتای 27ی گوڵان دەکرێت، دەڵێن: "ئەوکات خوێندکاران راپەڕیبوون، زیان بە سیستەمی دەوڵەت گەیشتبوو و سیستەمێکی نوێ نەیدەتوانی دابمەزرێت، بۆیە کودەتا کرا. بەڵام راستییەکەی وا نییە. دۆزی کورد و کوردستان لە بنچینەی ئەو کودەتایەدا بوونی هەیە، بەتایبەتیش بۆ ئەوەی ئەو خەباتەی لە باشووری کوردستان نەگوازرێتەوە بۆ باکوور ئەو کودەتایە ئەنجامدرا. هەڵبەت مەلا مستەفا بارزانی کەسایەتییەکی بە تەنها نییە. دەبێت بارزانییەکان لە پرۆسەیەکدا هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت. پرۆسەکە لە شێخ عەبدولسەلام بارزانی، شێخ ئەحمەد بارزانی و تا مەلا مستەفا بارزانییەوە سەرچاوەی گرتووە، پرۆسەیەکی گرنگە. هەورەها من وەک کەسایەتی پڕ بە دڵ یادی عەبدولسەلام بارزانی، شێخ ئەحمەد بارزانی و مەلا مستەفا بارزانی دەکەمەوە.



ئیسماعیل بێشکچی بە جلی کوردییەوە

**پرسیار**: جوگرافیا و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کوردستان چ کاریگەرییەکی لەسەر شۆڕشی کوردستان هەبووە؟ چەندە لە خزمەت سەرخستن یان بارقورسکردنی شۆڕشی کوردستاندا بووە؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: لە ساڵی 1961، مەلا مستەفا بارزانی لە بەغدا دەگەڕێتەوە. لە ساڵی 1958 ئەگەری پەیمانێک هەیە. چاوەڕێ دەکرا لەگەڵ حکومەتی بەغدا و عەبدولسەلام قاسم پەیماننامەیەک هاتبایە ئاراوە. بەڵام ئەمە روویندا، لەسەر ئەمە مەلا مستەفا بارزانی لەبەغدا دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان، لەسەر رێ و رێبازی تێکۆشانی چەکداری بەردەوامی بە خەبات دەدات. دۆخێکی لەو شێوەیە هەیە: مەلا مستەفا بارزانی لە 1961 رێپێوانێک لە بارزانەوە تا زاخۆ دەستپێ دەکات، بۆ ئەوەی بزانێت کە خەڵک بۆ خەبات و تێکۆشانەکەی پشتیوانییەکی چۆن دەکات، بۆ ئەوەی بزانێت تێڕوانینی خەڵک بۆ
ئەو خەبات و تێکۆشانە چییە. بەڵام مەلا مستەفا بارزانی هیچ جۆش و خرۆشێک و ئومێدێکی لە خەڵک نەبینیوە.

کاتێک مەلا مستەفا بارزانی لە زاخۆ دەیەوێت ئاشکرا بکات کە خەڵک بۆ تێکۆشان ئامادە نییە، لە باکوور گۆیی (مەبەستی عەشیرەتی گۆییە) دەڵێن: "ئێمە و چەکەکانمان ئامادەین کە بەشداری و پشتیوانی تێکۆشانەکەت بکەین و پشتگیری لە تۆ بکەین". دواتر گۆیی بەشداری ئەو خەباتە دەبن و مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ بەشداریکردنی گۆییان لە زاخۆوە بەرەو بارزان رێپێوانێک دەکات. لەکاتی گەشتەکەیان ژمارەی بەشداربووان هەر لە زیادبووندا بووە. دوای پشتگیری گۆییەکان گەلێک کەس بەشدارییان لەو گەشتەدا کردووە. دواتر لە بارزانەوە بەرەو سلێمانی رێپێوانێک ساز دەکرێت. ئەو رێپێوانە بە بەراورد لەگەڵ ئەوانی دیکە قەرەباڵغتر بوو. شۆڕشی 9ی ئەیلوول بەو شێوەیە دەستپێکردووە. واتا پرۆسەی بەشداریکردنی خەڵک بەو شێوەیە بوو. بەڵام سەرەتای سەردەمی ئەو پرۆسەیە کورد چەکێکی زۆری بەدەستەوە نەبوو. لەو پرۆسەیەدا هیچ هاوکارییەکی کورد نەکرابوو. واتا لە دەستپێکی ساڵی 1960 و ناوەڕاستی ساڵانی شەستەکاندا هیچ کەسێک یارمەتی کوردی نەدابوو. دواتر زانیمان کە ئیسرائیل لەڕێگەی ئێرانەوە چەند هاوکارییەکی زۆر بچووکی پێشکەش کردووە، بەڵام رژێمی ئیدارەی ئێران واتا شا، نەیدەهێشت ئەو هەموو هاوکارییانە بگەنە دەستی کورد. بۆ نموونە ئیسرائیل 10 تفەنگی دەنارد، بەڵام ئێران دوو تا سێ دانەی لەو تفەنگانەی بۆ کورد دەنارد و ئەوانی دیکەی بۆ خۆی دەهێشتەوە.

تێڕوانینی شا لەبارەی کوردەوە بەو شێوەیە بوو: "کورد با لە دژی عێراق بن بەڵام هەرگیز با سەرنەکەون". هەر بۆیەش ئەو هاوکارییە کەم و بچووکانەی لە ئیسرائیلەوە بۆ کورد دەهاتن، لەبەر ئێران بە تەواوی نەدەگەیشتنە دەستی کورد. من لەو باوەڕەدام کە ئەمە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر خەڵک و شۆڕشی ئەیلوول دروست کرد.



**دیدارێکی سەرۆک بارزانی لەگەڵ ئیسماعیل بێشکچی**

**پرسیار: ڕۆڵ و کاریگەری وڵاتانی دراوسێی کوردستان چییە؟**

**ئیسماعیل بێشکچی: بێگومان کاریگەری ئەوان گەلێک زۆر بوون، بەڵام دەبێت مرۆڤ ئەوە باش بزانێت، ئەوکات یەکێتی سۆڤیەت و ئەمەریکاشی لەگەڵ هیچ کەس پشتگیری لە کورد نەکرد. هیچ هێزێک نەبوو لەپشتی کورد بێت و پشتیوانی لە کورد بکات. یەکێتی سۆڤیەت، ئەمەریکا، وڵاتانی ئەوروپا، فەرەنسا، بەریتانیا و ئەڵمانیاش لەناویان هیچ وڵاتێک پشتگیرییان لە کورد نەکرد. هەر لەخۆیەوە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوژمنی کوردن. تورکیا، عێراق، ئێران و سووریا هەموویان دوژمنن. واتا کورد لە دژی دوژمنایەتییەکی لەو شێوەیە گەورە خۆڕاگر بووە. ئەمە وەک ئەوەی فەلەستین نییە. تەنیا یەک دوژمنی فەلەستین هەیە ئەویش ئیسرائیلە. بەڵام هەموو وڵاتانی دەوروبەر؛ میسر، عەرەبستانی سعوودیە، عێراق، ئێران، سووریا و هەموویان پشتگیری فەلەستینیان دەکرد. بەڵام پشتگیرییەکی لەو شێوەیە لەکورد نەکراوە. کورد هەمیشە بەتەنیا بوون. بێگومان پشتگیری ئیسرائیل گرنگە، بەڵام تا ئێستا نە کورد و نە ئیسرائیلیش هیچ لێدوانێکیان لەبارەی ئەو پشتگیرییە بڵاونەکردووەتەوە.**

**هەموو وڵاتانی عەرەب ئەگەر خۆشەویستییان بۆ فەلەستین هەبێت یان نەبێت، بەڵام دەیانەوێت لەڕووی مادديیەوە بەناچاری هاوکاری فەلەستین بکەن. لە بوارەکانی سیاسی و دیپلۆماسی یارمەتی بدەن. 22 وڵاتی عەرەب، 57 وڵاتی ئیسلامی کە پەیوەستن بە کۆنفرانسی ئیسلامی، چ لەڕووی سیاسی یانیش دیپلۆماسییەوە یارمەتی فەلەستین دەدەن. هاوکارییەکی لەو شێوەیە هیچ کات پێشکەش بە کورد نەکراوە. بەپێچەوانەوە وڵاتانی ئیسلامی، وڵاتانی عەرەب لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یارمەتی هاوکاری ئەو وڵاتانەیان کرد کە لە دەوروبەری کوردن، بۆ ئەوەی شکست بە تێکۆشانی کورد بهێنن.**



سەرچاوە
Serchawe

**پرسیار**: جاری یەکەم چۆن دیدگای ئێوە لەبارەی کورد گۆڕا؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: لە قەرس لە ئارپاچای عەرداخانێ سەربازێکی کورد هەبوو. کاتێک زانیمان سنوورمان تێپەڕاندووە. لە هەر کیلۆمەترێکدا لەسەر سنوور گاشەبەردێک هەبوو. بەڵام ئەمە زۆر روون نەبوو. ئێمەش نەمانزانی کە سنوورمان بەزاندووە. نزیکەی 400 بۆ 500 مەترە ئێمە سنوورمان بەزاندووە. ئەوکات پێشمەرگەیەک گوتبووی: "ئێرە هەرێمی ئێوە نییە". منیش لە قسەکانی ئەو پێشمەرگەیە تێنەگەیشتبووم. ئەوکات سەربازی ئارپاچایی مۆڵەتی وەرگرت بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵ بکات و کردی. ئەوکات من هەستم بە شتێک کرد. لەو سەردەمەدا لە ئەنقەرە دەیانگوت: "کورد هیچ نینە، زمانی ئەوان هیچ نییە، کوردێکی ئەوبەری چیا لە زمانی کوردەکەی ئەوبەری دیکەی چیاکە تێناگات". دواتر من هەستمکرد کە کوردی هەرێمی ئارپاچای و کوردی هەرێمی بارزان کە 700 کیلۆمەتریان لەنێوانە، زۆر بەباشی لەیەکتر تێگەیشتن و زۆریش باش قسەیان کرد. ئەو رووداوە لە ژیانی مندا پێگەیەکی زۆر گرنگ دەگرێتەوە. چونکە ئەوکات ئینکار و رەتکردنەوە هەبوو، دادگا، زانکۆ و میدیا هەموویان کوردیان رەت دەکردەوە و زمانی کوردییان ئینکار دەکرد و دانیان پێدا نەدەنا. بۆیە بە کوردی بە کوردی لێکتێگەیشتنی دوو کورد کە 700 کیلۆمەتر لەیەکەوە دوورن گەلێک گرنگ بوو بۆ شکستی سیاسەتی ئینکارکردن و رەتکردنەوەی کوردیش وردەکارییەکی زۆر گرنگ بوو.

سەرچاوە: کەناڵی کوردستان ٢٤ - رێکەوتی: ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## کاتێک لایەنەکان پەنا دەبەنە بەر یەکگرتنەوە و کۆدەنگی، کە لە کارەساتی پارچەکردنی کوردستان تێگەیشتن



**لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ کوردستان ٢٤، ئیسماعیل بێشکچی، کۆمەڵناس، نووسەری گەورە و دۆستی گەلی کورد**

**ناوەڕۆکی هەڤپەیڤینەکەی کوردستان ٢٤ لەگەڵ کۆمەڵناسی ناسراوی تورک و دۆستی کورد، ئیسماعیل بێشکچی:**

**کوردستان ٢٤**: ئێستا بەر لەوەی بچینە نێو ناوەڕۆکی پرسیارەکانەوە، دەمەوێ شتێک بپرسم، خەڵکی ئێمە خۆشحاڵن کە بێشکچی هەیە و ئەوان تۆیان زۆر خۆشدەوێت، باشە ئێوە کە دێنە هەولێر، کاتێک دەگەنە ئێرە هەستتان چۆنە؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: من لە ساڵی 2013ـەوە دێمە کوردستان، زۆر هاتووم، ئەمڕۆش دووبارە لە کوردستانم، بۆیە زۆر دڵخۆشم کە هاتوومەتەوە کوردستان، بە تایبەت کە لەگەڵ ئێوە گفتوگۆ دەکەین، هەستێکی زۆر خۆشە.

**کوردستان ٢٤**: دووبارە بەخێر بێن، ئەگەر بچینە نێو باس و خواسەکانەوە، ئێستا روونە هەڵبژاردنی عیراق کرا، ئایا ئەو هەڵبژاردنەی عیراق دەبێتە مایەی چارەسەری کێشەکانی کورد لەگەڵ بەغدا، هەروەها با ئەوەشی بۆ زیادکەم، سەرکردە کوردەکان هەمیشە دەڵێن: کێشەی ئێمە لەگەڵ عیراق شەراکەتی راستەقینەیە، بە بۆچوونی ئێوە ئەو شەراکەتە راستەقینەیە لەمەودوا جێبەجێ دەبێت؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: من هەموو رۆژێ بە دیقەتەوە، بە گرنگییەوە لە کوردستان ٢٤ و کەناڵە باشەکان دەڕوانم، بەو بۆنەیەوە سوپاسی کوردستان ٢٤ دەکەم بۆ بانگهێشتەکەتان.

**کوردستان ٢٤**: ئێمە سوپاستان دەکەین.

**ئیسماعیل بێشکچی**: هەڵبژاردنەکانی 10ی ئۆکتۆبەر، دەتوانم وەها باسی بکەم، بەر لە هەڵبژاردنەکان واتە بەر لە 10ی ئۆکتۆبەر، هەندێ گۆڕانکاری لە یاسای هەڵبژاردنەکاندا بۆ حکومەتی عێراق هاتنە پێشەوە، لەو گۆڕانکارییانەدا کەمکردنەوەی دەنگی کوردەکان یاخود کەم چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان، ئامانجێکی لەم شێوەیە هەبوو، لەتەک ئەمەوە لە سلێمانی و هەڵەبجە هێرشکرایە سەر سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەروەها لەولاوە لە شنگال رێگری لە کاندیدانی پارتی کرا بۆ ئەوەی پروپاگەندەی هەڵبژاردن بکەن، پەکەکە رێگری کرد کە نامزەدانی پارتی بانگەشەی هەڵبژاردن بکەن، هەروەها لەولاوە لە شنگال، سلێمانی و هەڵەبجەش هەندێ هەوڵ هەبوون، کە کۆسپ بخەنە بەردەم هاووڵاتیان بۆ ئەوەی نەچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان، ئەمانە دەنگدانەوەشی هەبوو، لەگەڵ ئەمانەشدا لە هەڵبژاردنی 10ی ئۆکتۆبەر پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکەوتنێکی گەورەی پیشاندایین، لەگەڵ ئەو تەگەرانەش کە بۆی دروستکران، پارتی سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا، بۆیە من وەک خۆم ئەمە زۆر بە گرنگ دەنرخێنم.

**کوردستان ٢٤**: بەڵێ، بەڵام لە کۆتاییدا لە نێوان کوردستان و عیراق کێشە و گرفت هەن، ئایا دوای ئەو هەڵبژاردنە گرفتەکان چارەسەر دەبن؟ ئەو شەراکەتە راستەقینەیە پێکدێت یان نا؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: دەکرێ بڵێین، لە نێوان حکومەتی هەولێر و حکومەتی بەغدا ناکۆکی زۆر گەورە هەیە، لێکتێنەگەیشتنی زۆریش هەیە، ئەمانە هی ئەمڕۆ نین، ساڵەهای ساڵە ئەو ناکۆکی و بەریەککەوتنە هەبووە و ماوەتەوە، بەڵام عێراق نایەوێت ئەو ناکۆکییانە چارەسەر بکات، تورکیاش نایەوێ ناکۆکییەکان چارەسەر ببن، ئێران بەهەمان شێوە نایەوێ ئەو ناکۆکییانە چارەسەربن، سووریا نایەوێت هەتا ئەمەریکاش نایەوێ، واتا گرنگە ئەمانە باس بکەین، ئەووشیان گرنگە بڵێین: ڕەنگە تورکیا چارەسەری نەوێ، عێراق نەیەوێ، ڕەنگە سووریا نەیەوێ و ئێرانیش نەیەوێ، بەڵام پێویستە کورد نیازی چارەسەربی هەبێت، واتە پێویستە یەکەمجار کورد لە چارەسەری ئەو کێشانەدا بێت و بەشێوەیەکی ماندوونەناسانە لە هەوڵی چارەسەری ئەو ناکۆکییانە دابێ. بۆ ئەمەش گرنگە کورد بەیەکەوە جووڵە بکەن، بوونەیەک و بەیەکەوە کارکردنیان گرنگە، ئەمەش ئاوا ئاسان نییە کە دەیڵێین.

**کوردستان ٢٤**: لە جەنابتان تێدەگەین.

**ئیسماعیل بێشکچی**: لە ڕابردوودا هەندێک ناکۆکی و بەریەککەوتن لە نێوان کوردان هەبووە، ئەگەر سەیر بکەیت، لە 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2017 بیرتانە چی ڕوویدا، بۆیە دەڵێم: یەکبوون و بەیەکەوە کارکردن بۆ کورد گرنگە. کورد بۆ ئەوەی ئەو ناکۆکی، بەریەککەوتن و لەیەکنەگەیشتنانە چارەسەر بکات، پێویستییان بە کۆششێکی زۆر هەیە، کوردەکان پێویستە نیازی ئەو چارەسەرییەیان هەبێ.

**کوردستان ٢٤**: **ئەو یەکبوون و یەکگرتنە بۆ لە نێوان کوردان دروست نابێ؟ باسی خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2017 تان کرد، بینیتان سەرۆک بارزانی لە پێناو ئەنجامدانی ریفراندۆم چ کۆششێکی کرد و دواتر تاقمێکی دیاریکراوی نێو حزبێک چ خیانەتێکیان کرد، بۆچی شتێکی ئەوها ڕوویدا؟.**

**ئیسماعیل بێشکچی**: جارێ ریفراندۆم زۆر گرنگ بوو، پێویستبوو ریفراندۆمێکی بەو شێوەیە بکرێت، 7ی حوزەیرانی ساڵی 2017 سەرۆک بارزانی لە ڕوونکردنەوەیەکدا ڕایگەیاند، کە لە 25ی ئەیلوول ریفراندۆم دەکەین، لە دوای ئەمە وڵاتانی ڕۆژئاوا، ئەمەریکا، ڕوونکردنەوەی یەک لە دوای یەکیان بڵاوکردەوە و گوتیان کاتی ئەنجامدانی ریفراندۆم نییە و لەو کاتەدا ئەنجامدانی ریفراندۆم پێویست نییە، ڕوونکردنەوەی وەها بڵاوکرانەوە، بەڵام بە بۆچوونی من: ئەو ریفراندۆمەی گەلی کوردستان کردیان زۆر گرنگ بوو، پێویست بوو ئەنجام بدرێت، هەرچەندە ئەمەریکا و ئەورووپا و تورکیا و ئێران و عەرەبیش نەیاندەویست.



سەرچاوە
Serchawe

**کوردستان ٢٤: واتا هەر لەو کاتەدا؟**

**ئیسماعیل بێشکچی**: ئەگەر ریفراندۆمی 25ی ئەیلوول بە نموونە وەرگرین، سەدا 92 ، 93ی کوردەکان بە بەڵێ دەنگیاندا، ئەو ئەنجامە ئیرادەی خەڵکی کوردی نیشاندا و کوردەکان دەتوانن هەموو کاتێک بە کاری بهێنن، واتە: ئەمە بۆ کورد بووە تاپۆیێک، دەتوانن لە داهاتوودا بەکاری بهێنن، ریفراندۆم پێویستە بکردرابایە و کرا، بەڵێ، کێشەی کورد کێشەیەکی زۆر گەورەیە، لە ساڵی 1920ەکان کە کورد و کوردستان دابەش و پارچە و پارچە کرا، رەوشێکی زۆر دژواربوو، وەک تێکشکاندنی ئێسکە پەیکەری مرۆڤێک وابوو، وەک بەرتەسککردنەوەی مێشکی کەسێک وابوو. کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست 50 ملیۆن دەبن، بەڵام لەگەڵ ئەو ژمارەیەش دەستکەوتێکی وەهایان نەبووە، با ئەوەش بڵێم: ئێمە پێمانوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەیەکی گرنگ و ئۆتۆنۆمییەکی گرنگە، بەڵام هەرچەند کوردەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە بەرامبەر تورکەکان، عەرەب و فارسەکان هەرێمێکی ئۆتۆنۆمیشیان هەیە، بەڵام ئەو جیاوازیە هیوابەخش نییە، رەوشێکی زۆر گرانە. پێویستبوو کورد ئەو دابەشکردن و بەشینەوە و پارچەکردنە لەبیرنەکات و عەقڵی لێوەربگریێ؟ بە بۆچوونی من دەبوایە کورد زیاتر بە ئاسانی لەگەڵ یەک گۆتوبێژیان بکردایە و پەیوەندییان دروستبکردایە. کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ژمارەیان لە 50 ملیۆن زیاترە، بە نموونە لە نەتەوەیەکگرتووەکان، لە دام و دەزگاکانی ئەوروپا، پەرلەمانی ئەوروپا کۆمسیۆنی ئەوروپا، لە کۆنفرانسی ئیسلامی، نوێنەریان نییە، هەرچەند میللەتێکن، تەماشاکە لە کەنداو، کوەیت، قەتەر، بەحرەین و ئیمارات، ئەمانە ژمارەی دانیشتوانیان ملیۆنێک نابێت.

دەوڵەت گرنگە، ئەگەر دەوڵەتتان نەبێ ناتوانن مۆزەخانەیەکیش دروست بکەن، ئەگەر دەوڵەتتان نەبێ، ناتوانن قەبرستانەکانیشتان بپارێزن، دەوڵەت گرنگە، لە سەدەی 18 دا هیگڵ دەڵێت: مەدەنییەکان دەوڵەت دروست دەکەن، ئەگەر دەوڵەتتان نەبێ ناتوانن شارستانییەت دروست بکەن. هەر میللەتێک دەوڵەتی نەبێت ناتوانێت هەنگاوێک بنێت، دەمەوێ ئەوەش بڵێم: تیۆدۆر هێڵسی یەهودی، لە ساڵانی 1890ەکان دەڵێت: لە ئەمەریکا، ئەڵمانیا، ئیسپانیا و فەرەنسا ئەو سەردانی دەوڵەمەندانی یەهودی دەکات و لەو سەردانانەدا بەو دەوڵەمەندانە دەڵێت: ئەگەر دەوڵەتتان نەبێ دەوڵەمەندیتان هیچ نرخێکی نییە. ئەوهایان پێدەڵێت، بۆیە زۆر گرنگە ببیتە خاوەن دەوڵەت، بێگومان ئەمە بۆ کوردەکان زۆر زەحمەتە، دابەشکاری و پارچەکردن و بەشینەوە رەوشێکە 100 ساڵە بەردەوامە، بۆ نموونە لۆزان، رێککەوتنێکی گرنگ بوو وایە؟ بەڵام لە لۆزاندا کورد هیچ نوێنەرێکی نەبوو.

**کوردستان ٢٤: ئێستا بابەتێکی دیکەی وەک ریفراندۆم لە گۆڕەپانی کوردستان هەیە، ئەویش دەستوورە، لە دوای ساڵانی 1990ەکانەوە حزبەکان و خەڵکی کوردستان خەبات بۆ دارشتنی دەستوورێک دەکەن، بەڵام تاوەکو ئێستاش هەرێمی**

**کوردستان دەستووری نییە، ئێستا دەستوور بووەتەوە بابەتێکی گەرم و کارەکانی دەستپێکردووە، گوتەی ئێوە بۆ حزبە کوردییەکان لەو بارەیەوە چییە؟.**

**ئیسماعیل بێشکچی**: ئێستا زۆر گرنگترە هەڵوەستەیەک لەسەر دەستووری عێراقی ساڵی 2005 بکەین، لەو دەستوورەدا ماددەی 140 هەیە وانییە؟ ئەو ماددەیە تایبەتە بەو ناوچانەی لە کوردستان دابڕێندراون، دەڵێت: ریفراندۆمێک بکرێت لەو ناوچانەی کە لە کوردستان دابڕێندراون، لە ئەنجامدا ئەگەر لەو شوێنانە نفوس و ژمارەی دانیشتوانی کورد زیاتربوو ئەوا ناوچەکان دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەگەر عەرەبەکانیش زیاتربوون دەچنەوە سەر بەغدا، بەڵام ئەمە پێکنایەت، حکومەتی عێراق نایەوێ ئەمە بکات، ئەمەش کێشەیەکی کۆنە، بۆ نموونە: لە ساڵی 1970 کە لە نێوان مەلا مستەفا بارزانی و سەدام حوسێن رێککەوتن دەکرا، ئەمە یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکان بوو، ماددەیەکی سەرەکی رێککەوتنەکە بوو، چی دەگوت؟ دەیگوت لەو ناوچانە ریفراندۆمێک بکرێت و بەپێی ژمارەی دانیشتوان ئەو ناوچانە سەر بە عیراق بن، یان هەرێمی کوردستان، لەو کاتەوە ئەمە هەیە، بەڵام نەکرا، بۆچی نەکرا! چونکە تورکیا نەیدەویست، ئێران نەیدەویست، عیراقیش لەگەڵی نەبوو، بۆیە نەکرا، بەڵام کوردەکان پێویستە پێداگری لەسەر ئەمە بکەن، پێویستە بیپارێزن، هەربۆیە یەکبوون و بەیەکەوە کارکردن لە نیوان کوردەکان گرنگە.

**کوردستان ٢٤: ئێستا لە هەرێمی کوردستان لە شنگال و سنوورەکان بابەتێکی دیکەمان هەیە، پەکەکە لەو شوێنانە هەیە، بۆیە ناو بە ناو تورکیا پێگەکانی پەکەکە بۆردومان دەکات، ناوچەکە دەسووتێت، گوندەکان چۆڵ دەبن و خەڵکی لەو شوێنانە ئاوارە دەبن، بۆچوونتان لەسەر ئەمە چییە؟ پەکەکە لەوێ چی دەکات؟ ئایا پێویستە پەکەکە لەوێ هەبێت؟**

**ئیسماعیل بێشکچی**: ئەوەی پەکەکە دەیکات هەڵەیە، بروپێدانی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ حەشدی شەعبی هەڵەیە، حەشدی شەعبی رێکخستنێکی دژ بە کوردایەتییە، واتە رێکخستنێکی دژ بە کورد و کوردستانە، پەکەکە رێکخستنێکی کوردییە و پەیوەندی لەگەڵ حەشدی شەعبی هەیە، هەڵەیەکی گەورە دەکات.

**کوردستان ٢٤: ئەگەر لە هەرێمی کوردستان دوورکەوینەوە، ئێستا لە ناوچەکەدا بابەتی گەرم و گوڕ هەن، بە بۆچوونی ئێوە ئەوە چییە لە ناوچەکەدا روودەدات؟ کورد لە کوێی ئەو رووداوانەدایە و پێویستە کورد چی بکات و چی هەیە پێویست ناکا بیکات؟**

**ئیسماعیل بێشکچی**: گرنگە کورد بەیەکەوە کاری بەیەکەوەیی بکەن، بەڵام دیسانەوە دەیڵێم: ئەوەیان ئاسان نابێ وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، چونکە ئەو لەیەکنەگەیشتنە لە کۆنەوە هەیە لە نێوان کوردان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەیەکەوە

کارکردنە گرنگە، بە نموونە، ئێمە کاتێک باسی ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی بەغدا و حکومەتی هەولێر دەکەین، باسی لەیەکنەگەیشتنەکان دەکەین، دەی روونە کە نایانەوێت کێشەکان چارەسەر ببن، عیراق ئەمەی ناوێ، تورکیا نایەوێ، سووریا نایەوێ، ئێران نایەوێ، ئەمەریکاش نایەوێ، بۆیە ئەو یەکگرتنە زۆر گرنگە.

**کوردستان ٢٤**: واتە هەر شتێک کە تورکیا، سووریا، ئێران و عێراق نەیانەوێ، نابێت کورد بیکات؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: جا بۆیە کاری بەیەکەوەیی گرنگە، پێویستە کوردەکان بیانەوێ و بە ئیسرارەوە کاری بۆ بکەن، کە دەڵێین: ساڵانی 1920ـەکان کوردەکان پارچە پارچە و دابەشکراون، ئێستا رۆشنبیرانی کورد لەگەڵ دیپلۆماتکارانی ئینگلیز و فەرەنسا لە کۆبوونەوە تایبەتەکاندا دەڵێن: ناهەقی گەورەتان بەرامبەر بە ئێمە کردووە، ساڵی بیستەکان بەرامبەر کورد و کوردستان ناهەقیتان کرد، ئەو دیپلۆماتکارانە لە کۆبوونەوە تایبەتەکاندا دەڵێن: بەڵێ بەرامبەر بە کوردستان ناهەقی کراوە، بەڵام لە کۆبوونەوە فەرمییەکاندا بۆ راستکردنەوەی ئەو ناهەقییە هیچ شتێک ناکەن، جا لەبەر ئەوەیانە پێویستە کوردەکان خۆیان بیکەن.

**کوردستان ٢٤**: کوردەکان بۆچی نابن بەیەک، ئێستا کوردەکان لە چ قۆناغێکی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی دان، میللەتن، یاخود لە قۆناغی پێش بە میللەتبوون دان؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: سەیرکە، ئێمە باسی ساڵانی بیست دەکەین، لە سەردەمی کۆمەڵەی گەلان ناهەقییەکی زۆر بەرامبەر بە کوردەکان کراوە، لەو کاتەدا هێشتا کۆمەڵەی گەلان هەبوو، لە یەکێتی سۆڤیەتدا لینین، ستالین، ترۆچکی، بۆ نەتەوەی خۆیان زۆر کاریان دەکرد، بیۆچان گفتوگۆیان دەکرد، بۆ وڵاتەکەیان ئەمەیان دەکرد، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەرۆک ویڵسن بەهەمان شێوە کاری دەکرد، یانی لە سەردەمێکی وەهادا لە ساڵانی بیستەکان دەبینین، کوردستان دابەشکراوە و پارچەکراوە، ئەوە بۆ کوردەکان زۆر ناخۆشە، کوردەکان پێویستە لەمە تێبگەن، من پێموایە کورد تا ئێستا لەو پارچەکردن و دابەشکردنە تێناگات، هەرکاتێک تێبگات بەیەکەوە کۆدەبنەوە و کارکردنیان بەیەکەوە ئاسان دەبێت.

**کوردستان ٢٤**: ئێستا بەیەکەوە بە خاڵێک گەیشتین، لەو خاڵەدا شیرەتتان بۆ حزبە کوردییەکان و کوردەکان چییە؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: دەبێت کوردەکان تێبگەن لەو ناهەقییەی بەرامبەریان کراوە، پێویستە ئەوان ساڵی 1920 لە رووی مێژووییەوە بەباشی هەڵسەنگێنن، بۆ نموونە لۆزان، لە لۆزاندا گرنگترین بابەتیان کوردستان بوو، بەڵام نوێنەری

کوردەکانی لێنەبوو، کە پێویستبوو بە شێوەیەکی تایبەتی نوێنەری کوردی تێدابێ، بەڵام نەبوو، ساڵی بیستەکان لە باشووری کوردستان ئەو سەرۆکەی هەبوو، وانییە؟ ناوی چیبوو؟

**کوردستان ٢٤**: شێخ مەحموودی حەفید.

**ئیسماعیل بێشکچی**: بەڵێ شیخ مەحموود بەرزنجی، نوێنەرەکانی بۆ لۆزان نارد، بەڵام لەلایەن بەڕێوەبەرانی ئینگلیز و فەرەنسییەکان و نوێنەرانی تورکەوە رێگرییان لێکرا، کە بگەن بە لۆزان، بەو شێوازە کورد و کوردستان دابەشکران و پارچە کران و نوێنەرەکانیش نەگەیشتن، کە کوردەکان لەوە گەیشتن و زانییان ئەو ناهەقیانەیان بۆ بەرامبەر کراوە، کارکردن و یەکگرتنیان ئاسانتر دەبێت.

**کوردستان ٢٤**: ئێمە هێدی هێدی دەگەینە کۆتایی بەرنامەکەمان، بۆیە پرسیارێک کە من پرسیارم نەکردبێ یاخود شتێک کە جەنابتان بتانەوێ بیڵێن چییە؟ هەروەها دەمەوێ بزانم ئێستا بەچییەوە سەرقاڵن؟ یا ئەوەش بزانین.

**ئیسماعیل بێشکچی**: سەیرکە، کورد تێگەیشتنی بۆ شتەکان لاوازە، تێگەیشتنی بۆ نیشتمان نییە، بەڵام لە ساڵی 1961ـەوە شەڕ هەبووە و پێشتریش شەڕیان کردووە، بەڵام ئەو شەڕانە تێگەیشتنیان بۆ نیشتمان دروست نەکردووە، ئەمڕۆ لە باشوورەوە خەڵک دێتە باکووری کوردستان، لەوێ پشووەکانیان بەسەر دەبەن، بۆ ئەمە دەچنە شوێنێکی وەکو مێرسین، دەچنە ئێگێ، بەڵام ناچنە وان، ناچنە بینگۆڵ و دیاربەکر، دەچنە مێرسین و لە کەناراوەکانی دەریای رەش دەسوڕێنەوە، پارەیەکی زۆر خەرج دەکەن، ئەمە لە ئەنجامی لاوزای تێگەیشتنە بۆ نیشتمان، لە حاڵێکدا وا دەزانن لە کەناراوەکانی دەریای رەش خەڵک کوردی خۆشدەوێت، بەپێچەوانەوە دژایەتی کورد هەیە، لە مێرسین لە جەژنی قوربانادا خێزانێکی کورد کەوتە رەوشێکی دژوارەوە، کە دەچییە ئەوێ پێتان دەڵێن: کوردن یان عەرەبن، کە دەڵێی: کوردم، رووبەڕووی رەوشێکی زۆر ناخۆش دەبیتەوە، کەوایە ئەو خەڵکەی باشوور بۆ تا ئێستاش دەچێتە ئەوێ؟ خۆشەویستیان لەوێ نییە، لە ئێزمیر خەڵک، سکرتێری پارتی دیمۆکراتی گەلان "هەدەپە"ـیان کوشت، لە ئاکسەرای ماڵباتێکی کورد، 7 کەسیان لێکوژران، باشە کوردەکان بۆ ئێستاش دەڕۆن و ناچنە وان؟

**کوردستان ٢٤**: ئەمەشیان کێشەیەکی دیکەیە!

**ئیسماعیل بێشکچی**: مانای ئەوەیە تێگەیشتن بۆ نیشتمان نییە، لاوازە، بۆیە ئیدارەی هەرێمی کوردستان پێویستە بە باشی کاربکات، بۆ دروستکردنی هەستی نەتەوایەتی، لە سێکتەری پەروەردە جێی ئەمە بکاتەوە، لای کورد لەگەڵ ئەو هەموو شەڕ

و ئەو هەموو باجەی داویانە، هەستێکی نیشتمانی باش درووست نەبووە، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەی بۆ ئەمە هەبێت.

**کوردستان ٢٤**: زۆر زوو گەیشتینە کۆتایی بەرنامەکەمان، زۆر سوپاست دەکەین.

**ئیسماعیل بێشکچی**: من سوپاسی ئێوە دەکەم، کوردستان 24 بەپێی بنەمای ئازادی رۆژنامەڤانی نێودەوڵەتی کاری خۆی دەکات و پێموایە ئەمە گرنگە و هیوادارم لەوەیان بەردەوامبن.

**کوردستان ٢٤**: ئێمەش دووبارە سوپاستان دەکەین.

سەرچاوە: کەناڵی کوردستان ٢٤ - رێکەوتی: ١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١

## ئیسماعیل بێشکچی: بەدەپە دەبێ دانوستانەکان بەرێوە بەرێ نەک ئۆجەلان



**سازدانی: عیرفان ئاکتان - رۆژنامەی ‹بیرگوین›**

**وەرگێڕانی لە تورکییەوە: سەلاحەدین بایەزیدی**

**سەرۆک وەزیر ئەردۆغان کە چەند مانگ لەمەوپێش هەڕەشەی لە سێدارەدانی دژ بە ئۆجەلانی دەهێنایە زمان، کتوپڕ ‹پێشاژۆی ئیمرالی› هاتە سەر زار. بەدەپە کە لە یەکەم هەنگاوی ئەم پرۆسەی ‹کرانەوە'یەدا شێلگیرانە هەڵسوکەوتی کردووە، لەم رۆژانەی دواییدا پێداگری لە سەر گرنگیی قۆناغەکە کردۆتەوە. هەندێک سیناریۆ وەک کشانەوەی هێزە چەکدارەکانی پەکەکە بۆ دەرەوەی سنوورەکان، رێک هاوشێوەی ساڵی ١٩٩٩ هاتنە ئاراوە و خشتەی زەمەنی دیاری کران. بەڵام لە پشت پەردە لە گەڵ ئۆجەلان باسی چی کراوە و ئۆجەلان چۆن نەخشە رێگەیەکی پێشکەش کردووە، هەروا وەک مەتەڵ ماوەتەوە. ئەنجام نەدانی دیدار لە گەڵ پارێزەران و هەوڵدان بۆ دەست نیشانکردنی لیژنەی بەدەپە بۆ چوونە ئیمرالی لە لایەن خودی ئەردۆغانەوە، ‹پێشاژۆی ئیمرالی› زیاتر گوماناوی کردووە. میوانی وتوێژەکەشم، سۆسیۆلۆگ ئیسماعیل بێشکچی کە هەموو تەمەنی بۆ لەقاودانی گوشار و هەڵاواردنی سەر کوردان تەرخان کردووە، لەو کەسانەیە کە بە گومانەوە سەیری قۆناغەکە دەکا. هەم بزووتنەوەی کورد و هەم پارتی داد و گەشەپێدان، باسی ئاشتی دەکەن. باشە، تۆ بڵێی هەردوو لایەن یەک ‹ئاشتی'یان بوێ؟ قۆناغی دانوستان دەبوایە چۆن بێ؟ چارەسەری گونجاو بۆ کوردەکان کام چارەسەرییە؟ لەوانە گرنگتر، سەدەی ٢١، لە روانگەی کوردەکانەوە هەڵگری کام داهاتوویە؟ با گوێ لە ئیسماعیل بێشکچی بگرین...**

**سەرۆک وەزیر ئەردۆغان، ئاشکرای کرد خۆی بڕیار دەدا کام نوێنەری بەدەپە بچێتە ئیمرالی و ئیزن بەو ناوانە دەدا کە بە ‹گونجاو'یان دەبینێ. ئەم هەڵوێستە زاڵەی ئەردۆغان بە چییەوە دەبەستنەوە؟**

**من بۆچوونێکی زۆر جیاوازم هەیە. پێویستە ئەم چاوپێکەوتنانە لە نێوان بەدەپە و حکومەتدا ئەنجام بدرێن. یانی بەڕێوەبردنی چاوپێکەوتنەکان لە گەڵ ئیستیخبارات رێ و رێبازێکی ئەرێنی نییە.**

**یانی نابێ دیدارەکان لە گەڵ ئۆجەلان ئەنجام بدرێن؟**

**نەخێر، بەدەپە دەبێ لە گەڵ حکومەت چاوپێکەوتن ئەنجام بدا. دیارە بەدەپە هاوتەریب لە گەڵ ئەم قۆناغە، ئەگەر پێویست بکا، دەبێ لە گەڵ عەبدوڵا ئۆجەلان، باڵی ئەوروپا یاخود بەڕێوەبەرانی قەندیل لە پەیوەندی دابێ. بەڵام ئاکتۆری دیاریکەر لە چاوپێکەوتنەکاندا ئەشێ بەدەپە بێ.**

بزووتنەوەی کوردی لە مەڕ دانوستانەکان بەردەوام سەرنجی بۆ سەر ئۆجەلان راکێشاوە.

دەی هەڵسوکەوتێکی چەوت بوو. سەرنج راکێشانی بێ بڕانەوەی بەدەپە، بەڕێوەبەرانی قەندیل و باڵی ئەوروپا بۆ سەر ئۆجەلان راست نییە.

بۆچی؟

دەبێ پارتی بەڕێوەی ببا؛ دەزگای سیاسی دەبێ زۆر لە پێشتر بێ. دیارە ئەوە کێشەی چەند ساڵێک نییە، بەڵکوو دە ساڵی رەبەقە بەمجۆرە دەڕواتە پێش. من پێموایە رەوتی پێشڤەچوونی ئەم پێڤاژۆیە هەڵە بووە.

دەوڵەت، بە لێژنەیەکەوە بەشداری چاوپێکەوتنەکان دەبێ. بۆ نموونە وەک دەزانرێ راوێژکاری میت هاکان فیدان لە گەڵ وەفدێک چاوپێکەوتنەکانی ئەنجام داوە. جگە لەمە، ئەگەر لە میانەی چاوپێکەوتنەکاندا پرسیارێکیان بۆ بێتە پێش، لەوانەیە پەیوەندی بە وەزیری ناوخۆ، وەزیری دەرەوە یان سەرئەرکانی گشتییانەوە بگرن. بۆی هەیە سەرۆک وەزیر راستەوخۆ پەیوەندی بگرێ. بەڵام ئەگەر پرسیارێک بۆ عەبدوڵا ئۆجەلان بێتە پێش.... دەبێ لایەنی کوردیش بە وەفدێک بەشداری چاوپێکەوتنەکان بێ. چاوپێکەوتنەکان نابێ لە گەڵ میت ئەنجام بدرێن، بەڵکوو دەبێ لە گەڵ حکومەت بێ.

گرفتی بەڕێوەبردنی قۆناغەکە لە گەڵ ئۆجەلان، لە چی دایە؟

ئۆجەلان کەسێکە لە نێو چنگی دەوڵەت دایە، لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت دایە. تۆ ئەگەر لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت دابی، چ دەتوانی بڵێی؟ دەوڵەت چاودێریت دەکا. لە نێو گرتووخانە دای؛ ئاخۆ دەتوانی رەخنەیەکی شیاو لە دەوڵەت بگری؟

بەڵام ئۆجەلان ساڵانی پێشتریش، کاتێک هێشتا رادەستی تورکیا نەکرابۆوە، دەیگوت دەمانەوێ چارەسەرییەک پاڵپشت بە پێکەوە ژیانی گەلان بدۆزینەوە. ئەگەر هێڵی گشتی ئۆجەلان ئەمە بێ، چ لە زیندان بێ یان نا، دەتوانێ تێڕوانینی خۆی دژ بە دەوڵەت دیاری بکا؟

بێگومان. ئەگەر لە چنگی دەوڵەت دابی، ناتوانی لە دەرەوەی داخوازییەکانی دەوڵەت شتێک بڵێی. قسەکانت لە گەڵ بۆچوون و تێڕوانینەکانی دەوڵەتدا دەگونجێن. دەوڵەت پێت ناڵێ «ئەمانە و ئەمانە بڵێ»، بەڵام تۆ دەزانی دەوڵەت چی گەرەکە و بە چی بێزار دەبێ و بە گوێرەی ئەمە هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکانت دیاری دەکەی.

**چ هۆکارێک دەتوانێ لە ئارا دابێ، بۆ ئەوەی سەرکردەیەکی وەک ئۆجەلان بەو خاڵە بگا؟**

من هەر لە دەسپێکەوە هەوڵی ئەوەم داوە بڵێم ئەم پەیوەندییە لە سەر بناغەیەکی هەڵە دامەزراوە. دەبوو گرنگی بە بەدەپە درابا.

**بە رای ئێوە، ئەو پێشاژۆیەی ئێستا، ئەگەر بەم شێوازە بەردەوام بێ، بە چ ئەنجامێک دەگا؟**

دیارە من ئومێدم بەو چاوپێکەوتنانە نییە. پێموانییە ئەنجامێکی ئەرێنی لێ بکەوێتەوە. لە سەر ئەو بڕوایەم دەوڵەت نیازێکی ئەوتۆی نییە بۆ ئەوەی کێشەکە چارەسەر بکا. سەرۆک وەزیر، دەڵێ کێشەی کورد بوونی نییە. ئەگەر وابێ لە سەر چ مژارێک چاوپێکەوتن ئەنجام دەدەن؟ مژاری چاوپێکەوتن، وازهێنانی پەکەکەیە لە چەک. پێموانییە لە بەرامبەردا شتێک بدرێ. دواجار سەرۆک وەزیر دەڵێ، کێشەکە چارەسەر کرا.
ئەوەی راستی بێ، ئۆجەلان لە تێزی کۆنفدرالیزمی دیموکراتیکدا، دەست لە سنوورەکانی دەوڵەت — نەتەوەی کوردستان وەرنادا کە بە سەر چوار دەوڵەتدا دابەش کراوە، بەڵام دەڵێ ئەم سنوورانە مایەپووچ دەکا و لە رێگەی تەگبیری سیاسی و سۆسیۆ - ئابوورییەوە سەر لە نوێ دایاندەڕێژێتەوە.

«با تورکیا پارچە نەبێ، ئێران، ئێراق و سووریا پارچە نەبن!»، باشە ئەی کوردستان پارچە بێ؟ یان باشترە بپرسین، کوردستانی پارچەکراو و دابەشکراو هەر بەمجۆرە بمێنێتەوە؟ دەبێ مەبەست ئەوە بێ؟ تێڕوانینێکی چەوتە. هۆکاری سەرەکی چارەسەرنەبوونی کێشەی کورد تا رۆژی ئەمڕۆ، ئەوەیە کە کوردستان پارچە بووە و دابەش کراوە. تۆ دەبێ باش لەم راستییە تێبگەی. وەها کارەساتێک چلۆن بە سەر کوردان هاتووە؟ ئەم کارەساتە چۆن توانیویەتی تا رۆژی ئەمڕۆ بەردەوام بێ؟ تۆ ئەمڕۆ بەجۆرێک هەڵسوکەوت دەکەی وەک بڵێی ئەم مژارە بوونی نییە، لێ فاکتەری سەرەکی و دیاریکەرە.

**ئەگەر گەلان مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەیە، کوردەکان ناتوانن جگە لە دەوڵەت — نەتەوە، فۆرمۆلێکی تر هەڵبژێرن و داوای بکەن؟**

دەوروبەری مانگێک لەمەوپێش، فەلەستین ستاتۆی دەوڵەتی چاودێری لە نەتەوە یەکگرتووەکان وەرگرت. هەموو کەسێ چەپڵەی بۆ ئەم بڕیارە لێدا. لە تورکیاش راستەکان، چەپەکان و لیبراڵەکان چەپڵەیان لێدا. فەلەستین بوو بە

«۲۳هەمین دەوڵەتی عەرەب» یان «۲۰۹هەمین دەوڵەتی نەتەوە یەکگرتووەکان». بەڵام کە نۆرە دەگاتە کوردان، دەڵێن «دیارە دەوڵەت شتێکی باش نییە، دەوڵەت خراپە». ئەمە تێڕوانینەم پێ ئەخلاقی نییە.

**بە رای ئێوە، ئۆجەلان دەیەوێ چ بکا؟**

عەبدوڵا ئۆجەلان دەبێ بزانێ کە گیراوە. بەدەپە دەبێ بزانێ ئۆجەلان دەست بە سەرە. باڵی ئەورووپای پەکەکە، بەڕێوەبەرانی لە قەندیل و کۆنگرەی کۆمەڵگای دیموکراتیک دەبێ بزانن ئۆجەلان گیراوە. سەرنج راکێشانی بەردەوامی دامودەزگاکانی پەکەکە بۆ سەر ئۆجەلان، جۆرێک لاوازییە. هەروەها ئەگەر ئۆجەلان هەڵوێستێکی لەمجۆرە نیشان بدا کە «حەتمەن من دەبێ لە ریزی پێشەوە بم»، ئەوەش خۆی لاوازییە.

**پێتان وایە پەکەکە، ئەگەری فەرمانی پاشەکشە بۆ دەرەوەی سنوورەکان لە لایەن ئۆجەلانەوە پیادە دەکا؟**

نابێ فەرمانێکی لەو چەشنە بدرێ ئەگەر هیچ دەسکەوتێکی نەبێ. هەموومان دەزانین کاتێک سەرۆک وەزیر ئەردۆغان، باس لە فەلەستینیەکان، موسڵمانەکانی بۆسنی و کۆماری تورک نشینی باشوری قوبرس دەکا، داوای چ جۆرە ماف و ئازادییەکیان بۆ دەکا. دەبێ پرسیار بکرێ بۆچی ئەو ماف و ئازادییانە بۆ کوردان بە رەوا نابینێ. بەرزکردنەوەی هەندێک هەنگاوی حکومەتی ئاکەپە لەم رووەوە، بۆ نموونە کردنەوەی تەڕەتە شەش، هەنگاوێک نین کە بچووک نیشان بدرێن. بەڵام با لە بیرمان نەچێ کە تەنانەت لە ئێراقی سەدام حوسێندا ئەم جۆرە ماف و ئازادییانە پتر بوون.

**بزووتنەوەی کورد داوای خۆسەری دیموکراتیک دەکا. ئەگەر ئەم خۆسەرییە پێک بێ، ئاخۆ کێشەی کوردەکان چارەسەر نابێ؟**

نەخێر. تۆ ئەگەر بڵێی «دەوڵەتم ناوێ»، ناتوانی ببیتە خاوەنی. بەڵام ئەگەر داوای دەوڵەتت کرد، لە پێناو بەدیهاتنی تێکۆشان دەکەی. لە کاتێکدا کێشەی کورد بەو رادەیە قورسە، دابەزین لە ویستی دەوڵەت – نەتەوە تەنیا و تەنیا لە کوردایەتیت دادەبڕێ. بە هیچ کوێ ناگەی. لە لایەک بیر لە رێگە چارەیەک بۆ کێشەکانی دونیا دەکەیەوە، بەڵام هاواری هەموو بەیانییەکی مناڵانی کورد بەردەوامە کە دەڵێن «تورکم، هەقدارم... بوونم پێشکەش بە بوونی تورک بێ». سێ لە چواری ئەندامانی مەجلیسەکانی شارەوانی هی تۆیە بەڵام ناوی شاعیر، نووسەر و سیاسەتمەدارانی کورد لە سەر جادەکان نانێی. شتێکی جوانە مرۆڤ یۆتۆپیای هەبێ، بەڵام نابێ لە دۆخە کۆنکرێتەکانیش داببڕێ، نابێ بە جۆرێک هەڵسوکەوت بکرێ وەک ئەوەی بوونیان نییە.

**پێتان وایە کوردەکان دەوڵەتی سەربەخۆیان گەرەکە؟**

دەبێ بیانەوێ.

**ساڵی ٢٠٠٩، ئۆجەلان بەمجۆرە وڵامی قسەکانی ئێوەی دابۆوە: «ئیسماعیل بێشکچی لە نووسینەکەیدا دەڵێ چل میلیۆن کورد هەیە و پێویستە کوردەکانیش دەوڵەتێکی خۆیان هەبێ. دەوڵەتگەرایانە نزیکی رووداوەکە دەبێتەوە. من لێی تێدەگەم، نیازپاک و دروستە. پەیامی ئەوە دەدا کە دەبێ داوای دەوڵەت بکەی، بەڵام بە تەواوی لە مەبەستی من تێناگا کە چیم دەوێ. دەوڵەت ئازادی بۆ گەلان ناهێنێ.»**

تێڕوانینێکی هەڵەیە. تۆ دەڵێی «دەوڵەت ئازادی بۆ گەلان ناهێنێ» بەڵام لە تورکیا، ئێران، ئێراق و سووریاش دەوڵەت هەن. تۆ لە بەرامبەر ئەم دەوڵەتانە چۆن بەرگری لە ماف و حقووقەکانی خۆت دەکەی؟ ١٦ی مارسی ١٩٨٨، سەدام حوسێن لە هەڵەبجە کوردەکانی ژینۆساید کرد. ئەودەم ٥٣ ئەندامی کۆنفرانسی ئیسلامی لە کوەیت کۆبوونەوە. لە بەلاغی کۆتاییدا، تەنانەت ئاماژەیەکی بچووکیش بە هەڵەبجە نەکرابوو. بەڵام بولغارستان مەحکووم کرابوو چونکە ناوی تورکەکان دەگۆڕێ، یۆنان مەحکووم کرابوو چونکە رێگە نادا تورکەکانی رۆژئاوای ‹تراکیا›، ئەلفوبێی تورکیا بە کار بێنن. ئەمانەش خۆ دەوڵەتن! بە گازی ژاراوی هەزاران مرۆڤ دەکوژرێن، بەڵام دەنگێ لە هیچ کەس نابیسی. بە مەبەستی تێکۆشان لە پێناو ئەم ئاریشانە، تۆش پێویستت بە وەها قەوارەیەک هەیە. ئەگینا مەحکووم بە شکست دەبی.

**بەڵام کوردەکان بە هۆی نەویستنی دەوڵەت، بێ دەوڵەت نەماونەتەوە. ئەو هێزەیان نییە...**

منیش لە بەر ئەم هۆکارە باس لە پێویستی دەرک کردن بە کۆالیسیۆنی هێزە نێونەتەوەییەکان دەکەم کە ساڵانی ١٩٢٠ بەملاوە دامەزراون. دۆخی باو بچووکترین ستاتۆی بە کوردەکان نەداوە. ساڵانی ١٩٢٠ کوردستان بۆ جاری سێهەم لەت کرا و بە سەر وڵاتانی ناوچەکەدا دابەشکرا. یەکەمجار کوردستان لە سەدەی ١٦ و لە شەڕی نێوان شا ئیسماعیل و یاڤوز سوڵتان سەلیمدا لەت کرا. جاری دووهەم لە چارەگی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا، چەند بەشێکی باکووری کوردستانی ئێران، لە ئەنجامی شەڕەکانی نێوان ئێران و رووس، کەوتە ژێر کۆنترۆڵی رووسیاوە. لە ئەنجامی ئەم سی ساڵ شەڕەی دواییشدا، عەشیرەتەکان و بنەماڵەکان لەت و پەت بوون. وەک دەبینین برایەک بوو بە جاش و ئەوی تر بە گەریلا. واتە نەتەوەیەک، ئەگەر لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووی خۆیدا، ببێتە ئامانجی لەتبوون و دابەشین، ئەوا بێ راوەستان رەوشێک دەخولقێنێ کە خۆی، خۆی بەرهەم دێنێ. ئەگەر تۆ بەردەوام ببیتە ئامانجی لەتبوون، پارچەکردن و دابەش بوون،



سەرچاوە Serchawe

بێگومان لاوازییەک لە تۆدا هەیە. هێزەکانی دوژمن کەڵک لەم لاوازییە وەردەگرن. کوردەکان دەبێ بەم ڕاستییە بزانن. کوردەکان دەبێ بیر لەوە بکەنەوە کە بۆچی ناویان تەنیا بە ‹تیرۆر› دەناسرێتەوە.

**باس لە جۆرێک ڕێککەوتن دەکرێ لە چاوپێکەوتنەکانی میت - ئۆجەلاندا...**

بەڵام سەرۆک وەزیر دەڵێ لەم پێڤاژۆیەدا کێشەی کورد بوونی نییە. ئۆپەراسیۆنەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان درێژەیان هەیە. ئەگەر وابێ ئەم ڕێککەوتنە چییە؟ کە کێشەکە بەو رادەیە گەورەیە، سەرۆک وەزیر نابێ وا بە ئاسانی بڵێ «کێشەی کورد بوونی نییە».

**دەگوترێ ئیتر سەردەمی ماڵئاوایی کردنە لە چەک. ئێوە تێکۆشانی چەکداری پەکەکە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

پەیوەندی بە هەڵوێستی دەوڵەتەوە هەیە. ئایدیۆلۆژیای فەرمی دەوڵەت زۆر ڕوون و ئاشکرایە. ئایدیۆلۆژیای فەرمی ناگۆڕدرێ. ئێوە هێشتا ناتوانن ناوێک لە مناڵەکانتان بنێن کە پیتگەلی واو، خێ، قێی تێدا بە کار هاتبێ. دەوڵەت وەک نەتەوە دان بە گەلی کورد دانانێ بەڵام دان بە عەبدوڵا ئۆجەلان دادەنێ. لە گەڵ ئۆجەلان دەپەیڤێ. گەلۆ ناکۆکییەک لێرەدا بەدی ناکرێ؟ دەبێ خودی سەرۆکی پەکەکە عەبدوڵا ئۆجەلان، بەدەپە، باڵی ئەورووپای پەکەکە، بەڕێوەبەرانی پەکەکە لە قەندیل، کۆنگرەی کۆمەڵگای دیموکراتیک، کەجەکە و سەرجەم دامودەزگاکانی کورد ئەم ناکۆکییە ببینن. هەروەها میدیای تورک، نووسەران و لێکۆڵەرانی تورکیش.

**بەڵام حکومەت دەڵێ، ئەگەر چەکەکان دابنرێن، ئەمجۆرە مەسەلە ‹لاوەکی›یانە چارەسەر دەبن...**

لە نێوان ساڵانی ١٩٩٩ بۆ ٢٠٠٤ گەریلا لە دەرەوەی سنوورەکان بوو. چەکەکان بێدەنگ ببوون. بەڵام ئەوکات دەوڵەت هیچ هەنگاوێکی بەرز نەکردەوە و ئێستاش هیچ هەنگاوێک نانێ. دەیەوێ بڵێ «کێشەی کورد بوونی نییە، کێشە چەکەکانی نێو دەستی پەکەکەن.» پاشان دەڵێ «ئێستا تەرەتە شەش هەیە، بنەماڵەی گیراوان دەتوانن بە زمانی خۆیان بئاخفن. ئەم ئاستەنگییە بچووکانە هەبوون، ئەوانیشمان هەموار کرد. چ کێشەیەکمان نەماوە.»... لە کاتێکدا کێشەکە هەیە و زۆر قورسیشە.

**بە بۆچوونی ئێوە، سیاسەتی درێژ مەودای دەوڵەت لە مەڕ کورد چۆنە؟**

سیاسەتی سەرەکیی دەوڵەت ئاسیمیلەی کوردەکان و بە تورک کردنیانە، وازیشی لەو سیاسەتە نەهێناوە. هۆکاری سەرەکی ئاستەنگی ئانەوە لە بەردەم پەروەردە بە زمانی زگماکی هەر ئەوەیە. دژ بە ئاسیمیلاسیۆن، کوردەکان پێویستە بە تەگبیر بن.

ئۆجەلان بەردەوام دامەزرێنەرانی ئانارشیست وەک باکونین، کرۆپۆتکین یان پروودۆن وەک چاوگە دێنێتەوە و مرۆڤایەتی بەرەو دامەزراندنی دونیایەکی بێ دەوڵەت و بێ دەسەڵات هان دەدا. کوردەکان ئەزموونی دەوڵەتیان نییە، بەڵام بۆ نموونە دەسەڵاتداری کوردستانی عێراق، بە تایبەت لە لایەن کوتلە هەژارەکانی کوردەوە رەخنەی لێدەگیرێ. دانی مافە فەرهەنگیەکان بە گەلێک، نایەتە واتای چارەسەرکردنی کێشە چینایەتیەکانیان. جا لە بەر ئەمە ئایا ئۆجەلان بە وێناکردنی رزگارییەکی بێ دەوڵەت، شۆڕشگێڕتر نییە؟

نەخێر. بۆچوونێکی ئاوا، لەم کەشوهەوایەدا تەنیا خزمەت بە ئایدیۆلۆژیای فەرمی دەوڵەت دەکا. دابەش نەکردنی داهاتی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی یەکسان، لە بەردەم تێکۆشانی خودی کوردەکان دەبێتە ئاستەنگ. بەڵام کوردەکان بەر لە هەرشتێ پێویستە کێشەکانیان لە گەڵ عەرەب، تورک و فارس یەکلا بکەنەوە.

هەم پەکەکە و هەم دەوڵەت دەڵێن «ئیتر با ئاشتی بە دی بێ». بە رای ئێوە هەر دوو لا باسی یەک ئاشتی دەکەن؟

دەوڵەت دەڵێ «با پەکەکە واز لە چەکەکانی بێنێ و پاشەکشە بکا»، هەروەها پێی وایە جگە لەمە کێشەیەکی دی لە ئارادا نییە. مەبەستی دەوڵەت لە ئاشتی ئەمەیە. پەکەکەش پێداگرە لە سەر مافە میللی و دیموکراتیکەکان. مەبەستی هەر دوو لا سەبارەت بە ئاشتی جیاوازە. کە باس لە دانوستان دەکرێ، ئەوا هەوڵ دەدرێ ئەم دوو بۆچوونە جیاوازە بسەپێنرێ.

بە رای ئێوە دەسەپێنرێ؟

زۆر ئەستەمە. پێموانییە لە کورتخایەندا ئەنجام بە دەست بێنێ. دەوڵەت وەها نیازێکی نییە.

ئەگەر لە ئاوێنەی قۆناغی مێژووییەوە سەیری بکەین، بە رای ئێوە رۆژێک کوردستان دادەمەزرێ؟

بەڵێ، گرنگ تێگەیشتنە. کاتێک تێگەیشتن و وشیاری پێش بکەوێ، ئەوا هەرگیز ناڵێی «نامەوێ»، دەتەوێ. ئەگەر بێت و بشتهەوێ، بە دەستی دێنی. لە راستیدا کوردەکان دەبوایە لانیکەم داکۆکییان لە قەوارەیەکی سیاسیی وەک فیدراسیۆن کردبا. دەبێ گەریلا هێزی ئەمنی و ئاسایشی ئەم فیدراسیۆنە بێ.

سەرچاوە ویبلاگی دەردە کوردە - ڕێکەوتی: ١٤ی فێبریوێری ٢٠١٣

---

## وتووێژێک لە گەڵ ئیسماعیل بێشکچی



**گولای ئاڵتان - ڕۆژنامەی ئاکشام**

**لە تورکیەوە، سەلاحەدین بایەزیدی**

**ئیسماعیل بێشکچی**، نووسەر و سۆسیۆلۆگ لەو یەکەمین ناوانەیە لە سەر مەسەلەی کورد کە ڕۆژەڤی بەردەوام گەرمی تورکیایە، لە دەرگاکەی دەدرێ. بەڵام ماوەیەکی درێژ بێدەنگ بوو. ئەو کاتانەی مەسەلەی لێژنەیەک لە «مرۆڤە ژیرەکان» مشت و مڕی گەرمی لە سەر بوو ویستمان بێشکچی بدوێنین؛ پاشان خەڵاتی ٢٠١٢ی دەزگای ‹هرانت دینک›ی پێ بەخشرا، یەکەمجار بوو خەڵاتێکی نێونەتەوەیی پەسند دەکرد و لە مەراسیمی وەرگرتنی خەڵاتەکە دا پەیامی گرنگی پێشکەش کرد، بەم بۆنەوە دیسان داواکاریەکەمان بۆ وتوێژ خستە ڕوو و دواجار بێشکچی قەبوڵی کرد. کەسێکە ڕێزی یەکسانی هەیە هەم بۆ ئەوانەی بۆچوونەکانی وەردەگرن، هەمیش ئەوانەی تەواو دژی ئەو بیر دەکەنەوە.. هیچ حەز ناکا لە دەرەوەی بابەتەکان و بە تایبەت لە سەر خۆی قسە بکا. ئیسماعیل بێشکچی سۆسیۆلۆگ کە بە نووسراو و لێکۆڵینەوەکانی لە سەر کێشەی کورد ناسراوە، شەش جار براوەتە گرتووخانە و لە سەر یەک ١٧ساڵ لە گرتووخانە دا ماوەتەوە. دەتوانین بڵێین سەرەڕای ئەوەی لە هەموو قۆناغەکان دا کتێبەکانی قەدەغە کراون، بەڵام خاوەنی زیاتر لە ٣٠ کتێبە. هێشتاش مەسەلەی هەڵگرتنی قەدەغە لە سەر کتێبەکانی بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە...

**گولای ئاڵتان**: پرۆژەی «کرانەوە بە ڕووی کورد» کە لە لایەن حکومەتەوە پێشکەش کرا، زۆر کەس و لە ناویاندا ئێوەشی هیوادار کرد... ئەو ئاستەی ئەمڕۆ «کرانەوە» پێی گەیشتووە، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: بەرنامەی «کرانەوە بە ڕووی کورد» لە مانگی ژوئیەی ٢٠٠٩ زۆر کەسی هیوادار کرد. بەڵام ئەم هیوایە کورتخایەن بوو. حکومەت دوا بەدوای ڕەخنە و تۆمەتبار کردنەکانی سوپا، جەهەپە و مەهەپە پاشەکشەی کرد. هەڵبەت وازهێنان لە خەباتی چەکداری و کرانەوەی ڕێگەی ئاشتی گرنگە، بەڵام ئاشتی چۆن سەقامگیر دەبێ؟ لە گەڵ چ لایەنێک لە شەڕ دابی، دەبێ لە گەڵ ئەو لایەنە دابنیشی. ئاشکرایە حزبی ئاشتی و دیموکراسیش لەو ڕووەوە ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە.

**گولای ئاڵتان**: ئەی لێدوانەکانی سەرۆک وەزیر ڕەجەب تەیپ ئەردۆغان سەبارەت بە پرسی کورد لە کۆنگرەی ئاکەپە لە ٣٠ سێپتامبر چۆن دەبینی؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: سەرۆک وەزیر لە کۆنگرەدا سەبارەت بە پرسی کورد هیچی نەگووت. لەو نامیلکانەی ئەو رۆژەش بڵاو کرانەوە، لە ناو قسە گشتیەکان دا، زانیارییەک بەدی ناکرێ. دروشمی برایەتی، دەستەواژەیەکی دەستکردە کە دووڕویانە هەوڵی شاردنەوەی پەیوەندییەکان دەدا.. کوردەکان ئیتر لەمە تێگەیشتوون. رستەگەلی وەک «یان ئەم وڵاتەت خۆش بوێ یان جێی بێڵە» هێشتا لە بیر نەکراوە. سەرۆک وەزیر لە هەککاری گووتی «یان ئەم وڵاتەت خۆش بوێ یان جێی بێڵە» پاش ئەوەی لە بەرامبەر حزبی ئاشتی و دیموکراسی دەنگێکی کەمی بەدەست هێنا. لە گەڵ ئەوەشدا ئاشتی وەک پێداویستیەک خۆی دەسەپێنێ. ئەو کات دانوستانی راستەوخۆ لە گەڵ پەکەکەش دێتە رۆژەڤەوە.

دیارە زۆرترین باس و گفتوگۆکان لە چوارچێوەی «دانوستان» دەخولێنەوە.. ئێوە لە ساڵانی رابردوو دا گوتتان پێویست ناکا حکومەت لە گەڵ ئۆجەلان چاوپێکەوتن ئەنجام بدا، حکومەت بۆ بابەتی واز هێنان لە چەک، با لە گەڵ دەتەپە دابنیشێ. بەڵام دەتەپە دەیگووت دەبێ ئەم مەسەلەیە راستەوخۆ لە گەڵ ئۆجەلان تاوتوێ بکرێ. لە لایەکی دیکەوە کاتێک حکومەت لە ئۆسلۆ لە گەڵ پەکەکە لە سەر مێزی گفتوگۆ دانیشت، پێداگرانە داوای لە بەدەپە دەکرد ‹پەکەکە شەرمەزار بکە و لێی دوور بکەوە، ئەگینا وەک بەردەنگ حیسابت بۆ ناکەین›. ئەم ناکۆکیە بە چ شێوەیەک دەبێ لێک بدرێتەوە؟ یاخود ئەوە بۆ ئێوەش جۆرێک ناکۆکی دەگەیەنێ؟

بێگومان ئەمە ناکۆکیە. لێرە دا خاڵێک زۆر گرنگە. لە گەڵ کێ بە شەڕ هاتووی، دەبێ لە گەڵ ئەو دا ئاشت بیتەوە. دانوستانی راستەوخۆی حکومەت لە گەڵ پەکەکە دەکرێ بخرێتە رۆژەڤەوە. کوردەکان لە گەڵ میت نا، بەڵکو لە گەڵ حکومەت دەبێ چاوپێکەوتن ئەنجام بدەن. حزبی ئاشتی و دیموکراسی، پەکەکە و سەرجەم گرووپەکانی تریش دەبێ راستەوخۆ لە گەڵ حکومەت چاوپێکەوتن ئەنجام بدەن.

**گولای ئاڵتان**: کاتێک باسی چارەسەری دەکرێ، یەکسەر رستەی «با چەکەکان بێدەنگ بن» دێتە سەر زمان یا خود کۆمەڵێ سەردێڕی وەک «مافی دەستوری» و «خۆسەری دیموکراتیک»... بەداخەوە گفتوگۆکان لەو بازنەیە دا خول دەخۆن و گەیشتوونەتە بن بەست. ئاخۆ ئێوە نەخشە ڕێگەیەکی ئەلتەرناتیڤتان هەیە؟ لە کوێوە دەبێ دەست پێ بکرێ؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: نابێ قەت لە بیرمان بچێ کە کێشەکە چۆن دەستی پێکرد. فاکتەری سەرەکی، زەوت کردنی مافی کوردەکانە کە لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمارەوە دەستی پێکرد. لەم روانگەوە، ئەگەر لێژنەی کەسانی ژیر یاخود دامودەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی داوا لە پەکەکە بکەن واز لە چەک بێنێ، هەڵەیە. بەڵکو پێویستە بانگەوازی ئاڕاستەی حکومەت و دەوڵەت بکەن بۆ ئەوەی دان بە مافە سروشتیەکانی کوردان دابنێ. خاڵی تر ئەوەیە کە ئەو ماف و ئازادییانەی

سەرۆک وەزیر بە شێوەیەکی لیبڕاوانە بۆ فەلەستینیەکان، موسڵمانەکانی بۆسنی و کۆماری تورکی باکووری قوبرس باسیان دەکا، با لانیکەم بەشێکی بچووک لەو مافانەش بۆ کوردان رەوا ببینێ. کورد ئاگاداری ئەم پەیوەندییانە هەن.

**گولای ئاڵتان**: ئێوە دەڵێن کوردەکان لە دنیا دا خاوەن هیچ ستاتۆیەکی سیاسی نین. گەلۆ پێتان وایە بەڕێوەبەرایەتی هەرێمی کوردی لە باکووری عێراق قەوارەیەکی سیاسی نییە؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: هەڵبەت بەڕێوەبەرایەتی هەرێمی کوردستان، جۆرێک ستاتۆیە. ساڵی ٢٠٠٣ دواجار ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێرشی سەربازی کردە سەر عێراق. ئامانجی سەرەکی ئەمریکا لەو هێرشە روون و ئاشکرایە و بێگومان مەبەستی ئەوە نەبووە کە بڵێ "با چاکەیەکیش دەرهەق بەم کوردانە بکەم"، بەڵام رووخانی رژێمی سەدام حوسێن، هەڵوەشانەی حزبی بەعس و موخابەرات و هەروەها لە نێوچوونی مەترسی چەکی کۆمەڵکوژ رێگەی بۆ کوردەکان خۆش کرد. عێراقی فیدراڵ، بە هەڵوێستی پیداگرانەی کوردەکان دامەزرا. ئەمە نەک تەنیا بۆ کوردەکان، بەڵکو لە ژیانی سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی، پێشکەوتنێکی گرنگە. کوردەکان و کوردستان، ساڵانی ١٩٢٠، واتە سەردەمی دامەزراندنی کۆمەڵەی نەتەوەکان، دابەش بوون و پارچە پارچە کران. لە راستیدا زەبرێکی گەورە بوو وە جەستەی کورد کەوت. هێزە ئیمپریالیستەکانی ئەو دەم، بریتانیای گەورە و فەرەنسا بوون. لە دامەزراندنی ستاتۆ دا، کورد و کوردستانیان بێ ستاتۆ هێشتەوە. ٨٠ بۆ ٨٥ ساڵ دوای ئەم ساتەوەختە، هێزێکی تری ئیمپریالیستی واتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، رێگەی بۆ کوردەکان خۆش کرد بۆ ئەوەی ببنە خاوەن ستاتۆ کە دەبێ ببێتە مژارێکی گرنگی فەلسەفەی مێژوو و سیاسەت.

**گولای ئاڵتان**: ئاخۆ کوردەکان دەوڵەتیان گەرەکە؟ زۆر کەسایەتی یان حزب و رێکخراو لە لایەن خۆیانەوە وڵامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە.. بەڕای ئێوە کێ دەبێ وڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: دەکرێ بەمجۆرە وڵام بدرێتەوە. لە ٢٧ ئەندامی یەکێتی ئەورووپا، ژمارەی دانیشتوانی وڵاتانی وەک لوکزامبورگ، قوبرس و مالتا دەوروبەری نیو میلیۆنە. لە ٤٧ ئەندامی کۆنسەی ئەورووپا، دەوڵەتانی وەک لیخن شتاین، ئاندۆرا، سان مارینۆ و مۆناکۆ، ژمارەی دانیشتوانیان دەوروبەری ٤٠ تا ٥٠ هەزار کەسە. لە دنیا دا لەوانەیە ٤٠ دەوڵەتێک هەبن کە ژمارەی دانیشتوانیان خواروی میلیۆنێکە. تەنانەت هەیە ژمارەی دانیشتوانی دە هەزار، پانزە هەزارە. بەڵام ژمارەی کوردەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چل میلیۆنە و بچووکترین ستاتۆی سیاسیان نییە کە لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان دا بە کەڵک بێ. ئەشێ بە شێوەیەکی جیاواز لێکۆڵینەوە لە سەر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بکرێ. ئەمە نیشان دەدا لە سیستەمی نێونەتەوەیی دا پێکهاتەیەکی ئانتی کورد دروست بووە. لێرە دا، دەبێ لێکۆڵینەوە لە سەر ئەوە بکرێ کە ئەم

پێکهاتە ئانتی کوردە چۆن دروست بووە و پەرەی سەندوە. لە بری ئەوەی پرسیار بکرێ ‹کوردەکان دەوڵەتیان گەرەکە یان نا› وروژاندنی پرسیارێکی بەمجۆرە گرنگە کە ‹ئاخۆ بۆچی تا رۆژی ئەمڕۆ کوردەکان نەبوونەتە خودانی دەوڵەت؟›

**گولای ئاڵتان:** سەبارەت بە پرسی کورد، خاڵێک کە دەبێتە جێگەی رەخنە، پێکهاتەی عەشیرەیی ئەو کۆمەڵگەیەیە. تێزی دکتۆڕاکەشتان لە سەر ئەمەیە. لەمدواییانە دا ئێوە چ گۆڕانکارییەکتان لە پێکهاتەی عەشیرەیی کوردەکان دا بینیوە؟

**ئیسماعیل بێشکچی:** ئەوەی کە کوردەکان لە ئاڵوگۆڕە نێونەتەوەییەکان دا نەبوونەتە خاوەنی ماف، پەیوەندی بە پێکهاتەی عەشیرەییەوە نییە. عێراق، ئوردون، سوریا، فەلەستین و لوبنان کە ساڵانی ١٩٢٠ دامەزران، هەموویان لە سەر بنەمای عەشیرەتەکان دامەزران. لە هێرشی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ سەرعێراق بینیمان. پارێزەرانی نزیکی سەدام حوسێن و پارێزەرانی کۆمار هەموویان عەشیرەی تکریت بوون. لە ئانالیزە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی لیبیا دا دەستەواژەی ‹عەشیرەتەکانی لایەنگری قەزافی› و ‹عەشیرەتەکانی دژ بە قەزافی› زۆر بە کار دەبرێ. بەڵام بۆ نموونە لە باکووری کوردستان پێکهاتەی عەشیرەتەکان لە مێژە چارەسەر کراوە.

**گولای ئاڵتان:** گەلۆ هەست ناکەن نەتەوەپەرستی کوردی گەشەی سەندوە؟

**ئیسماعیل بێشکچی:** بەڵێ، گەشەسەندنێکی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە و بە خاڵێکی ئەرێنی دەزانم. چونکە نەتەوەپەرستی تورک، رەگەزپەرستە. بە کوردەکان دەڵێ ‹ئاسیمیلەت دەکەم و دەتکەمە تورک›. لە بەرامبەر دا، کوردەکان دەڵێن ‹وەک کورد دەژیم، کولتور و زمانە چەوسێنراوەکەم دەبوژێنمەوە و دەمەوێ بە زمان و فەرهەنگی خۆمەوە بژیم›. نەتەوەپەرستی کورد، لە سەر بنەمای دژایەتی لە گەڵ نکۆڵی، توانە و ئاسیمیلاسیۆن پەرەی سەند، بۆیە ناوەڕۆکەکەی بریتی نیە لە هەوڵدان بۆ داگیرکردنی خاکی ئەوانی تر و ئاسیمیلە کردنی کەسانی غەیرە کورد. رێزی بۆ هەموو نرخ و مافێک هەیە.

**گولای ئاڵتان:** رۆژنامەنووس محەمەد عەلی بیراند، لە وتوێژێک دا لە گەڵ رۆژنامەی ‹تەرەف› باسی لە ‹شەڕی نێوخۆیی کوردەکان› کرد. بەڕای ئێوە گریمانەیەکی وا لە ئارا دا هەیە؟

**ئیسماعیل بێشکچی:** لە سەر ئەو بڕوایە نیم پێکدادانێکی وا دروست بێ. کوردەکان ئیتر ئەو هۆکارانەیان بۆ دەرکەوتووە کە بۆچی ساڵانی ١٩٢٠، لەت لەت و دابەش کران و نەبوونە خاوەنی هیچ ستاتۆیەک. ئەم زانستە کۆمەڵایەتی و مێژووییە دەبێتە هۆی پێشکەوتن و لێک تێگەیشتنیان. ئێستا ئیتر کوردەکان زۆر باش لە نیازی وڵاتانی زاڵ بە سەر کورد تێدەگەن.



سەرچاوە
Serchawe

**گولای ئاڵتان**: لە چەند مانگی رابردوو دا، چارەسەری لیژنەی ‹مرۆڤانی ژیر› خرایە بەر باس. ئایا ئەم رێگەیە دەسکەوتێکی لێ شین دەبێ؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: بە رای من ئەو قسانەی دەیکەن، گرنگە. هەڵەیە ئەگەر بانگەوازی ئاراستەی کوردەکان بکەن و پێیان بڵێن ‹دەستبەرداری چەک بن›. ئەوان دەبێ بانگەوازی ئاراستەی دەوڵەت و حکومەت بکەن.

**گولای ئاڵتان**: لە هەندێک ماڵپەڕی خەبەری راپرسی کرا و پرسیارێکی بەو شێوەیە خرایە روو کە ‹بە رای ئێوە کێ دەبێ لە لیژنەی مرۆڤە ژیرەکان دابێ؟›. ناوی ئێوە لە ریزی یەکەم دابوو. ئەگەر بە شێوەیەکی رەسمی ناوتان بێتە رۆژەڤەوە، ئایا وەک ‹مرۆڤی ژیر› دەبنە بەشێک لە پلانی چارەسەری؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: نەخێر. بێگومان هەر چەشنە هەوڵدانێک لە پێناو چەسپاندنی ئاشتی هەنگاوێکی گرنگە. هەوڵ و تێکۆشانی مرۆڤە ژیرەکانیش گرنگە، بەڵام من وەک تاکەکەس نامەوێ بچمە ناو رێکخستنێکی بەم چەشنەوە.

**گولای ئاڵتان**: ئەوە راستە کە پەکەکە ویستویەتی بێدەنگتان بکا؟ لە بەر ئەوەیە وەک ‹رۆشنبیران›ی دیکەی کورد دەنگتان نابیسین یان میدیا لە بەرامبەر ئێوە هەڵوێستێکی تایبەتی هەیە؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: بێدەنگی، قسەکردن و نووسین پەیوەندی بە ئیرادەی خودی مرۆڤەوە هەیە. ئەگەر مرۆڤ شتێکی پێ بێ بۆ گوتن، هەوڵ دەدا بیهێنێتە زمان.
لە لایەکی دیکەوە بۆ نموونە وەک ‹رۆشنبیرێک کە دەوڵەت پشتیوانی لێدەکا› باس لە کەماڵ بورکای دەکرێ. بە واتایەکی دیکە رۆشنبیرەکان بە دوو دەستەی نزیک بە حکومەت و دوور لە حکومەت دابەش دەکەن. ئەو تەوسیفە چۆن لێک دەدەنەوە؟
هەڵبەت رۆشنبیر لە دۆخی بەرهەڵستکار دایە. بەڵام ئەگەر بێت و هەندێک لە هەنگاوە پۆزەتیڤەکانی حکومەت باس بکا، راست نیە ئەگەر بەو کەسە بڵێین ‹لایەنگری حکومەت›. جگە لەمە، کەماڵ بورکای، رۆشنبیرێکی رێزدار و سیاسەتمەدارێکی هێژایە.

**گولای ئاڵتان**: ئێوە دەڵێن ئامانجی سەرەکی کودەتاکانی سالانی ٦٠، ٧١ و ٨٠ کوردەکان بوون.. بەڵام گوتاری زاڵ و باو ئەوەیە کە دەڵێ ‹ئامانجی کودەتای ١٢ی سێپتامبر کوردەکان نەبوون و رووداوەکانی گرتووخانەی دیاربەکر، پەکەکەی هێنایە بوون. چۆن بۆچوونەکەتان شی دەکەنەوە کە پێچەوانەی ئەمەیە؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: فاکتەری سەرەکی سەرجەم کودەتا سەربازییەکانی تورکیا، کێشەی کوردە. هەرچەند وا نەگوتراوە و بە ‹ئاسایشی نەتەوەیی، نیزامی گشتی› لێک دراوەتەوە. بێگومان فاکتەری دیکەش هەبوون، بەڵام هیچکات باس لە مژاری کورد نەکراوە. زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانیش پشتیان بە بابەتی کورد نەبەستوە. هۆکار، نکۆڵی کردنە. بە هۆی سیاسەتی نکۆڵی، مژاری کورد تێکەڵ بە ئانالیزە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان نەکراوە. لە لایەکی دیکەوە، ئەوانەی باسیان لێوە کردوە رووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی و ئیداری قورس بوونەتەوە. ئەم بۆچوونە پێویستە پاڵپشت بە دیاردەی دەوڵەمەند تویژینەوەی لە سەر بکرێ. لەمبارەوە شتێکی گرنگ کە بمانەوێ پێوەی زیاد بکەین، ئەوەیە: عەسکەرەکان کودەتایان کردوە، بەڵام سڤیلەکانیش بۆ نموونە راگەیاندن، زانکۆ و بەشێکی بەرچاو لە پرۆفیسۆرەکان بە شێوەیەکی زەق پشتیوانیان لە کودەتاکان کردوە.

**گولای ناڵتان**: بە هۆی ئەو نووسینە زۆرانەی ئەمرۆ چیتر تاوان نایەنە ئەژمار، ١٧ ساڵی رەبەقتان لە گرتووخانە تێپەڕاند... ئەو ئاستەی ئەمڕۆ پێی گەیشتووین، لە روانگەی ‹ئازادی›یەوە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: ئەمڕۆکەش نزیکەی سەد رۆژنامەنووس لە گرتووخانە دان. بێگومان ئەمەش خاڵێکی نێگەتیڤە لە ئازادی رادەربڕین و ئازادی رۆژنامەنووسی دا. نزیکەی هەشت هەزار ئەندامی کەجەکە لە زیندان دان. هێشتاش لە بەردەم پەروەردە بە زمانی زگماکی بەربەست دروست دەکرێ. لە هەندێک زانکۆ، بە هۆی ئەوەی کەسانی ئاکادیمیسیەن باسی کوردەکان و کێشەی کوردیان کردوە، گرێبەستەکەیان نوێ ناکرێتەوە. ئەمانە پێشهاتی نەرێنین. تا ئێستا سەبارەت بە رۆبۆسکی (رۆژی ٢٨ی دێسامبری ٢٠١١ لەو گوندە، هاوڵاتیانی سڤیل بە فڕۆکە بۆردومان کران) راگەیەندراوێک نەدراوە کە مرۆڤ قایل بکا و لاگری لە بەرپرسێکی پۆلیس کە پێشتر جەللاد بووە و بەرزکردنەوەی پلەکەی شتێک نییە لە بەر چاوان ون بێ. حکومەت لەم بوارانەوە دەبێ هەنگاوی ساغڵەم بەرز بکاتەوە. دۆخێکی ناشیاوە لە کاتێکدا هێشتا کار بە یاسای تێکۆشان دژی تیرۆر دەکرێ و بیرورا سانسۆڕ دەکرێ.

**گولای ناڵتان**: بۆچی ئێستاشی لە گەڵ دابێ کتێبەکانتان قەدەغەن، ئەو قەدەغەیە بۆ هەڵنەگیراوە؟

**ئیسماعیل بێشکچی**: دەزگای ئەمن بۆ ئەوەی سەر لەنوێ هەندێک لە کتێبەکانم لە بازاڕ کۆ بکاتەوە، پەنای بۆ سەردۆزگەر بردوە. یەک - دوو کتێب هەیە کە دەیانەوێ لە بازاڕ دا نەمێنێ و جارێکی تر قەدەغە بکرێن. پێموایە تا ئێستا دادگاکان سەبارەت بەم داواکارییە شتێکیان نەکردوە.

سەرچاوە ویبلاگی دەردە کوردە - ڕێکەوتی: ٢٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢



سەرچاوە Serchawe

**ئیسماعیل بێشکچی**: **مەرجی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی ویستی کوردە بۆ سەربەخۆی و هەڵسوکەوتکردنییەتی بە گوێرەی ئەو ویستە**



سەرچاوە
Serchawe



**ڕۆشنا عەلی**

**لەیادی ڕۆژی ڕیفراندۆم بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکرتی کوردستان پانێڵێکی بەناوی (ڕیفراندۆم دەسکاریکردنی پۆزەتیڤانەی مێژوو)سازکرد، کە تیایدا ئیسماعیل بێشکچی بیرمەند و کۆمەڵناس و دۆستی گەلی کورد یەکێک بوو لە بەشدار بووانی پانێڵەکە، بەڵام لەبەر دۆخی تەندروستی نەیتوانی ئامادە بێت، تەنها بەکورتە ڤیدیۆیەک کەتایبەت بەو یادە تۆمارکرابوو بەشداریکرد. لەبەر گرنگی وتەکانی بێشکچی وەک هەمیشە ڕۆژنامەی خەبات بە پێویستی زانی دەقی وتەکەی وەک خۆی بڵاو بکاتەوە:**

**خاڵێکی وەرچەرخان**

**ڕیفراندۆم لە 25 - 9 - 2017 ئەنجامدراو لەسەدا 93 %ی خەڵک دەنگی پێدا ئەمە خاڵێکی گرنگی وەرچەرخان بوو بۆ کوردستان بێگومان تەنها بۆ کوردستانی باشور نەبوو، بەڵکو بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستانیش ڕوداوێکی زۆر گرنگ و مێژوویی بوو بووە هۆکاری دروستبوونی جۆش و خرۆشێکی زۆر گەورە، حکومەتەکانی عێراق و ئێران و سوریاش دژی بوون، مانگێک دوای ڕیفراندۆمەکە لە 16ی ئۆکتۆبەر چەکدارانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق هێرشیان کردە سەر کەرکوک و شەڕ لە کەرکوک ڕویدا، ئەو هێزانەی پێشمەرگە کەبەرپرسی پاراستنی کەرکوک بوون سەر بە یەکێتی نیشتمانی بوون لەجیاتی پاراستنی کەرکوک لەکەرکوک کشانەوە بۆیە چەکدارانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق بە ئاسانی چوونە ناو کەرکوک و کەرکوکیان داگیرکرد.**

**داواکاری جەماوەر**

لەگەڵ ئەمەشدا لە ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستاندا کاریگەری خۆیان زیاد کرد تا ئەو ڕۆژە ناوچە دابڕێنراوەکان لە شەنگال تا خانەقین و باشوری خانەقینیش لەدەست کورد دا بوون، بەڵام دوای ئەم ڕووداوانە ئەو ناوچانەش کەوتنەوە دەست سوپاو چەکدارانی حەشدی شەعبی دوای لێدوانەکانی بەڕێزمەسعود بارزانی لە ٧ی حوزەیران ئێران ،تورکیاو عێراقیش باسیان لەوە کرد کە دژی ڕیفراندۆمەکەن لەگەڵ ئەمەش ئەمریکا، ئەڵمانیا، ڕوسیا، فەرەنسا و بەریتانیاش باسیان لەوەکرد ئێستا کاتی ڕیفراندۆم نییەو لە دژی وەستانەوە، بەڵام تا 25ی ئەیلولی 2017 سەرەڕای ئەو مشومڕانە جەماوەرێکی یەکجار زۆر هەبوو کە داوای ڕیفراندۆمی دەکرد لە باشورو باکورو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان وپێیان وابوو کە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ کوردستان زۆر باش دەبێت،بەڵام هێرشی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق لە 16ی ئۆکتۆبەر بۆ سەر کەکوک کشانەوەی هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە بەرپرس بوون لە پاراستنی کەرکوک بەبۆچوونی من پەڵەیەکی ڕەشە لەسەر مێژوو تا ئەو ڕۆژە هەولێرو سلێمانی و دهۆک بە گوێرەی دەستوری عێراق کە لەساڵی 2005 ئامادە کرابوو وەکو هەرێمی کوردستان پێناسە کرابوون،هاوکات ناوچە دابڕێنراوەکانیش کورد تیایاندا باڵا دەست بوو، بەڵام لە 16 - 17 ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2017 کە پەڵەی ڕەشە لە مێژووی کوردستان ئەو ڕووداوە ڕوویداو دۆخەکەی گۆڕی.

## مەرجی دەوڵەتی سەربەخۆ

ئەوەی گرنگە ئەوپرسیارەیە کە دەوڵەتی کوردی چۆن دروست دەبێت؟ دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی یەک مەرجی هەیە ئەوەش ئەوەیە کە کورد بۆ خۆی داوای ئەمە بکات ئێران، تورکیا، عێراق و سوریا لە دژی ئەمەن ئەمریکا، ئەوروپا و وڵاتانی دیکی ڕەنگە دژی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بن بێگومان ئەمە کێشەیەکی گەورەیەو پێویستە کورد ڕووبەڕووی بێتەوە، بەڵام مەرجی تاقانەی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی ویستی کوردو سووربوونی کوردە لەسەر دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی و هەڵسوکەوتکردنی کوردە بە گوێرەی ئەو ویستە، پێویستە جارێکی دیکە سەیری 16ی ئۆکتۆبەر بکەین دوای لێدوانی بەڕێز مەسعود بارزانی لە ٧ی حوزەیران و پشتیوانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو لێدوانەو پشیتیوانیکردنی لە ڕیفراندۆم بەمانای ویستیان بۆ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بوو، بەڕێز مەسعود بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بە لێدوانەکانی خۆیان داوای دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دەکەن، بەڵام ئەوانەی 16ی ئۆکتۆبەریان دروستکرد ئەوەیان سەلماند کە دەوڵەتی سەربەخۆیان ناوێت ئەمە لە کاتێکدایە مەرجی تاقانەی دەوڵەتی کوردی یەکگرتن و یەکدەنگی کوردە پێویست بوو ئەوانە وەک چۆن بۆ مووچە بەبەردەوامی خۆپیشاندان و ڕێپێوانیان دەکرد بۆ ڕیفراندۆمەکەش بەبەردەوامی خۆپیشاندان و ڕێپێوانیان کردبا، بەڵام بەشێک لە یەکێتی ئەمەی نەکرد ئەگەر دەوڵەتتان نەبێت باش بزانن کە نابنە خاوەنی هیچ شتێیەک کورد پێویستە لەمە تێبگات، دەوڵەتت نەبێت ئازادیت نابێت ئەوەی ئازادیت دەپارێزێت دەوڵەتە دەوڵەتت نەبێت ئازادیت نییە، سەیری وڵاتانی کەنداو بکەن ژمارەی دانیشتوانیان ناگاتە ١

ملیۆن ،بەڵام ئەمانە دەوڵەتن کەچی کورد زیاتر لە 50 ملیۆن کەسەو هێشتا نەبووەتە خاوەنی دەوڵەت ئەو دەسکەوتانەی کەلە ماوەی 20 ساڵی ڕاپەردوو بەدەست خراون لەسایەی هەرێمی کوردستانەوە بەدەست هاتوونەو پێویستە گرنگییان پێبدرێت بیانپارێزین.

جەمعییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەرەتای ساڵی 1920 کاندا دامەزرا، بەڵام هەر لەو سەردەمەدا دەبینین کە کوردستان و کوردیش پارچە دەکرێت و ئەمەش گورزێکی گەورەیە بۆ سەر کورد هەرچەند هەوڵدان بۆ دروستکردنی جەمعییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەبوو، بەڵام زوڵمێکی زۆر لە کوردو کوردستان کرا لە ساڵی 1920 پێویستە کورد هەست بەمە بکات بپرسێت ئەم ناهەقییەو ئەم زوڵمە چۆن و بۆچی لەمن کراوە؟

سەرژمێری لە ڕابردوو و ئێستادا، لە ساڵی 1945 لەگەڵ دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان زۆربەی زۆری وڵاتانی ئەفریقیایی کە داگیرکرابوون و بوون بە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان بەڵام زوڵم و ناهەقی لەسەر کوردو کوردستان هەر بەردەوام بوو، کوردستان و گەلی کورد لەسەر چەند دەوڵەت پارچە کراون دەوڵەتەکانیش نکوڵی لە هەبوونی کوردستان و گەلی کورد دەکەن، لە ساڵی 1970 کاتێک مەلا مستەفا بارزانی ڕێکەوتنی ئۆتۆنۆمی لەگەڵ صدام حسین ئیمزا کردووە بە گوێرەی ڕێکەوتنەکە سلێمانی و هەولێرو دهۆک وەک هەرێمی ئۆتۆنۆمی پێناسە کراون و بەشەکانی تریش کە لە کوردستان دابڕێنراون، گوایە کەلە ماوەی دووساڵدا سەرژمێری دەکرێت و ئەگەر ژمارەی کورد زیاد بوو ئەوا دەخرێنە سەر هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردی ،بەڵام ئەگەر عەرەب زیاد بوو ئەوا لەسەر بەغدا دەبن، بەڵام ئەو سەرژمێرییە سەرەڕای هەوڵی کورد ئەنجام نەدراو دواتر دووبارە شەڕ دەستی پێکردەوە.

با سەیری دەستووری ساڵی 2005 بکەین لەوێش مادەی 140 هەیە، بەڵام دۆخەکە هەروەکو ڕابردووە باس لەوە دەکرێت کەلە ناوچە دابڕێنراوەکان سەرژمێری دەکرێت ئەگەر ژمارەی کورد زیاد بوو ئەوا دەخرێتە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام ئێران، سوریا، تورکیا قبوڵ ناکەن ئەو سەرژمێرییە ئەنجام بدرێت، پێویستە کورد بیر لەپرۆسەی سەربەخۆیی بکاتەوە خۆی لە دەست و پەنجەی عەرەب و تورک و فارس ڕزگار بکات، ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە بۆ کورد، کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندە کورد پێویستە بیر لەوە بکاتەوە کە بۆخۆی سوود لەم دەوڵەمەندییانەی کوردستان وەربگرێت لەکاتی بەرقەراری لەگەڵ بەغداد و وڵاتانی دیکەش پێویستە کورد گرنگی بەوەبدات کەپێویستە خودی کورد سوود لەو دەوڵەمەندییانە وەربگرێت بەڕای من ڕادەستکردنی ئەو دەوڵەمەندییانە بەبەغداد هەنگاوێکی هەڵەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەبات - ڕێکەوتی: ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣




سەرچاوە
Serchawe

# گەشتەکەی ئیسماعیل بێشکچی لە باوەڕەوە بۆ زیندان



سەرچاوە
Serchawe




**نەجات نوری**

**هەرکاتێک پرسەکە لەسەر کورد و کوردستان بێت من ئامادەم ... بێشکچی**

**لە نێوان کتێبێکی (654) لاپەڕەیی دا کە دەکاتە یادەوەریەکانی (ئیسماعیل بێشکچی) و (محەمەد عزەدین) لە تورکییەوە کردوویەتی بە کوردی لەم ڕۆژانەدا بڵاوکراوەتەوە، بە تورکیش ساڵی 2021 بێشکچی لە تورکیا بڵاویدەکاتەوە، هەڵوێستە گرنگەکانی خۆی تێدا ڕادەگەیەنێت و لە هیچ شتێکی خۆی تا ئەم تەمەنەی پەشیمان نییە و بێ دابڕان کۆڵ لە هەڵوێستەکانی خۆی نادات.**

**ئیتر خوێنەرانی ئێمە بەو حەقیقەتە گەورانە دەگەن کە ڕەنگە بەر لەم کتێبە لە دوورەوە شتێکی کەمیان دەربارەی باوەڕ و ئەخلاقی بێشکچی بیستبێت، بە خوێندنەوەی ئەم یادانە ورد ورد ئێمە دەکەوینە ناو ئازار و باوەڕی ئەو بیرمەند و ڕۆشنبیرە تورکانەوە کە لە قووڵایی دەوڵەتی تورکیاوە لە ساڵی چلەکانەوە بۆ هەڵماڵینی ئەو پەردە ڕەشانەی دادرابوونەوە بەسەر بوونی کورد دا، دێن بە نووسین و لێکۆڵینەوە و وانە گوتنەوە و دەیان ڕێگای تر هەموو تەمەنی خۆیان بە ڕاستی دەبەخشن و سڵ لە هیچ هۆکارێکی گرتن و ئازار و دەرکردن و ڕاوەدوونان ناکەنەوە.**
**ئیسماعیل بێشکچی کە ئێستا تەمەنی 83 ساڵە، پیاوە کورتە باڵاکە، بریمەندێکی دەگمەن و هەڵکەوتووی تورک، هەر لە تەمەنی لاویەوە پایەکانی دەوڵەتی تورکی بۆمبڕێژ کردبوو، ساڵانێک بەشێکی زۆری ناوەند و دادگاکانی ئەو وڵاتەی بە خۆیەوە سەرقاڵکردبوو، هەموو سیاسی و ڕۆشنبیرە تورکەکانی هێنابووە سەر گوێگرتن و خوێندنەوەی وانە و کتێبەکانی، 32 کتێب لەبارەی کوردبوون و ڕەوشتی دەسەڵاتی کاربەدەستانی تورکیاوە بۆ ڕووداوە جۆر بە جۆرەکان دەنووسێت و بە دوای**

یەکدا هەموویان قەدەغەدەکرێن، ئەم بیرمەندە تورکە ئاوا تەمەنی بە کورد دەبەخشێت و ڕێگای باوەڕ و کتێب و زیندان دەگرێتەبەر و 17 ساڵ لە تەمەنی لە زیندانەکانی تورکیادا بۆ خستنە ڕووی ناسنامەی کورد لە باکوری کوردستان دا دەباتە سەر، بوونی ئەو مرۆڤانەی کە دەزانن دەوڵەتەکەیان بەردەوام نەتەوە و ئاین و بیر و باوەڕەکانی ناو خۆیان وەلاوەدەنێن و لە ڕێگای ستەمکاری و جەنگ و وێرانبوونەوە دەیانەوێت ئەو پرسە گرنگانە کۆتایی پێ بهێنێت

بەڵام کەسانی وەکو بێشکچی ناتوانن لەئاست ئەم تاوانە گەورانەدا بێدەنگبن، لێرەوە ئێمە بە باوەڕی کەسانی وەکو بێشکچی دەگەین کە هەموو تەمەنی خۆیان بە کوردبوون و ڕاستکردنەوەی هەڵەی زەقی کاربەدەستانی خۆیان دەبەخشن، بیر و ئەخلاقی مەزنی بێشکچی بەراورد بە ئەخلاق و بیری ئەو بەناو ڕۆشنبیر و سیاسیە کوردانەی کە بێدەنگن لەئاست تاوانەکان دا یان دەبنە داردەستی تورک بۆ سەرکورتکردنی گەلەکەی خۆیان، دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە بێشکچی بۆتە ئەو قەڵا گەورەیی بە نوکی پێنووسەکەی ئەمانەی ڕاماڵیوەتە ناو زبڵدانی مێژووە.

ئەم کتێبە وەکو یادەوەری کتێبێکی مەزنە بۆ گەیشتن بە گەلێک پرس کە دەبێت لێوەی بە هەڵوێست و باوەڕی زۆرکەس دا بچینەوە بۆ پرسی کوردبوون و ئەو ڕەشەکوژیانەی کە لە هەر لە سەرەتایی دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیاوە دژ بە ئیرادە و باوەڕی کورد لە باکورد هاتۆتە کایەوە. یادەکانی بێشکچی گەشتێکی پڕ لە ئازار و مەرگەساتە بەناو زیاتر لە حەفتا ساڵ لە دەسەڵاتداری تورک و هەڵوێستی زۆر لە کاربەدەست و ڕۆشنبیرە هاوبیرەکانی بێشکچی یە لە قۆناغە جیا جیاکانی تورکیادا.

مەزنی بێشکچی لەوەدایە لەم کتێبەوە بەو ڕاستیانە دەگەین کە لە هەر شارێکی تورکیادا لەکوێ ناوەندێکی کوردی یان بارەگای ڕۆژنامە و گۆڤارێک یان ڕێکخراوێکی کوردی هەبووبێت ئەم پیاوە مەزنە بەبێ سڵەمینەوە سەردانی کردوون و بە نووسین و وتار و پێشنیاری گرنگ گرنگ هاوکاری تەواوی کردوون و لە هیچ گرتن و ئاگادارکردنەوەیەک لەو قوناغە پڕ لە ترسانەدا سڵی نەکردۆتەوە و لەسەر هەڵوێست و ئەخلاقی خۆی وەکو بیرمەندێکی گەورە درێژەی بە باوەڕ و بیری خۆی داوە.

ئەم کتێبە وەکو یادەوەری ناخوێندرێتەوە، بەڵکو خوێندنەوەیەکی وردی بیری ئیسماعیل بێشکچی و گەلێک کەسی تر کە ئێمە لە نێوان بەشەکانی دا بە ناسین و باوەڕیان دەگەین بۆ پرسی کوردبوون و دەسەڵاتی تورک لە زۆر قۆناغی جیا جیادا، کتێبێکی گرنگە بۆ هەڵسەنگاندنی باوەڕی گەلێک لە حزب و گروپ و کەسایەتی لە حەفتا ساڵی ڕابووردووی تورکیادا وەکو تورک، ئاشنابوونە بە ناوی دەیان ڕۆشنبیر و سیاسی و گۆڤار و ڕۆژنامە و گروپ و جوڵانەوەی کورد لە تورکیادا، ناساندنی ئەو گەلەیە وەکو گەلی کورد لە ژێر ڕەفتاری دەسەڵاتی جۆراو جۆری تورک دا لە حەفتا ساڵی



سەرچاوە
Serchawe

ڕابووردوودا، کتێبەکە لەوەدا گرنگی زۆر زیاتر دەبێت ناسنامەی بەشێکی ئەو گیراوە کوردانەمان لە گرتووخانەکانی تورکیا بە بیروباوەڕی جیا جیاوە پێ ئاشنادەکات.

ئەوەی لەم یاداشتانەی بێشکچی دا هەیە گەڕانەوەیە بۆ هەڵوێست، لێرەدا هەڵوێستی بەشێکی زۆری نووسەران و ڕۆشنیران و مامۆستایانی زانکۆ و ئەندامانی هێزە ئەمنی و سەربازیەکان بە تورک و کوردیانەوە وەکو یەک دژ بە کورد کە دەیان ساڵە کاردەکەن بۆ دەخرێتە ڕوو، بێشکچی لەگەڵ زۆر هەڵوێست و بیری جیا جیادا چ وەکو هاوڕێ تورکەکانی خۆی لە زانکۆ و چ وەکو کوردەکان لە زۆر قۆناغ دا بەریەک دەکەوێت، لە نێوان خۆی و ئەو کەسانەدا هەمیشە دژواریەکی گەورە هاتۆتە کایەوە و زۆری ئەو کەسانە لە هەڵوێستەکانی ئەم هەڵهاتوون لە ترسی گرتن و لێپرسینەوە و لە هاوڕێیەتی بۆ هەمیشە دابڕاون و پشتیان تێکردووە، کەچی خودی بێشکچی لە کوێ کۆڕوکۆبوونەوە دەربارەی کوردبوون لە تورکیا لە سازکرابێت ئەم لەوێبووە و هیچ درێغی نەکردووە لە وتنی ڕاستیەکان و لەسەر ئەمەش بەردەوام قوربانی بە ژیانی داوە و لەگەڵ دەسەڵاتدارەکان دا هەمیشە پێکیانداداوە.

**ئەم پەرتووکە وەکو یادەوەری لەسەر ئەم سێکایەگرنگە کاردەکات:**

- ئەو تورکانەی ناتوانن لە کورد بوون نەدوێن.
- ئەخلاقی ڕۆشنبیران و مامۆستایانی زانکۆ و سیاسیەکان دژ بە کورد.
- ئەو کوردانەی لە کوردبوونی خۆیان دابڕاون و پشتیان کردۆتە ناسنامەی خۆیان.

لە ڕێگەی ئەم سێ خاڵەوە لەم کتێبەدا ئیسماعیل بێشکچی خاڵ بە خاڵ لەگەڵ هەڵوێستەکانی خۆی دا ئێمە بەرەو ئەو کەلێن و دابڕانە گەورانە دەبات کە نوخبەیەکی تورک وەکو کەسانی سیاسی و ڕۆشنبیر و سەربازوی خستویانەتە نێوان تورک و کوردەوە لە تورکیادا، بێشکچی پشت بە دەیان وێنە و بەڵگەو دۆکۆمێنت، دێت ناوەندە گرنگەکانی تورک یەک بە دوای یەکدا سەرقاڵ دەکات و ڕایاندەچڵەکێنێت، دەیەوێت بیانهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئاوڕێک لە هەڵە کوشندەکانی خۆیان لە مێژووی تورکیادا لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و مێژوویەوە بدەنەوە و ئەو هەڵە گەورانە کە بۆتە بارگرانی گەورە بۆ تورک و کورد لەو وڵاتەدا بەرەو ئاقارێکی تازە بەرن و زەبری هێز و گیانی قین و قڕکردن وەلاوەبنێن و دان بەو حەقیقەتانەدا بنێن کە هیچ هێزێک ناتوانێت بوونی کورد لە تورکیادا بسڕێتەوە.

بەمەش ئیسماعیل بێشکچی دێت هەموو تەمەنی خۆی بۆ ئەم پرسە تەرخان دەکات، وەکو بیرمەندێکی مەزن کە لە نێوان لاپەڕەکانی ئەم یادانەدا ئەو هەڵوێستە گەورانەی خۆیمان بۆ دەخاتە ڕوو، لەگەڵ هەر بەشێکی کتێبەکەی دا قۆناغێک لە

قۆنـاغە مەترسیدار و پـڕ لە مەرگەسـاتەکانی ژیـانی خـۆی و کـورد و تورکمـان بە چەپ و ڕاسـتیانەوە لە سـەر دەسـتی دەسـەڵاتدارانی تورکیـادا بـۆ دێنێـتە بەر بـاس و گفتووگـۆ... بەمەش ئێمە لەگەڵ کتێـبەکەدا زۆر زیـاتر لەوەی ئیسماعیل بێشکچی مـان ناسیوە دەناسین و دەزانیـنن کە لەنـاو تورکەکانـدا چەنـد بیرمەنـدی وەکو بێشکچی هەن و ژیـانی خۆیـان بـۆ ناساندنی کورد و ئەم پرسە گرنگە تەرخانکردووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەرمان نیوز - ڕێکەوتی: ٣١ی جوولای ٢٠٢٢

---



## خەلیل عەبدوڵڵا

د.ئیسماعیل بێشکچی، زانا و بیرمەندێکی کۆمەڵناسی تورکە، بەهۆی هەڵوێست و بەرهەمەکانییەوە، لە سەرانسەری گۆی زەویدا وەک  سیمبولی ئازایەتی و ئازادیخوازی و داکۆکیکاری سەرسەختی گەلی کوردستان ناسراوە.

بێشکچی زیاتر لە17 ساڵی تەمەنی لە کونجی زیندانەکانی تورکیادا بەسەر بردووە، لە زیندان ئازاری قورسی جەستەیی و دەروونی دراوە، چەندین سزای دیکەی دارایی دراوە، بەڵام هەموو ئەوانە کۆڵیان پێنەداوە، خۆی گوتەنی لەپێناوی پرسی ڕەوای گەلی کوردستاندا زیاتر سوور بووە لە سەر بیروبۆچوونەکانی، ئەو بەتەنها لەرێی هزر و قەڵەمەکەیەوە، چۆکی بەو دەوڵەتە گەورەیە داداوە، ناچاری کردووە تاڕادەیەک واز لە سیاسەتی نکۆڵیکردن و سڕینەوەی گەلی کوردا بهێنێ، بەناچاری دان بەوەدا بنێ کە لە تورکیا بێ لەگەلی تورک، گەلێکی دیکە بەناوی کورد هەیە.

## بەڵێنی داوە

کتێبی (بیرەوەرییەکان) کە لە نووسینی (د.ئیسماعیل بێشکچی)یە، لەنێوان ساڵانی (2019 - 2020) ئامادە کراوە و ساڵی 2021 بەزمانی تورکی بڵاو کرایەوە، ڕۆژنامەنووسی بە ئەزموون (محەمەد عیزەدین) بەکوردییەکی شیرین و پاراو وەرگێڕاوە و کۆتایی مانگی ئایاری ئەمساڵ بڵاو کرایەوە و کەوتە بەر دیدەی خوێنەران.

ئەم کتێبە کە 654 لاپەڕەیە، تەنها بیرەوەرییەکانی ناو زیندان دەگێڕێتەوە،  هەروەک بێشکچی خۆی لەپێشەکی کتێبەکەدا

باسی دەکات، لەم کتێبەدا باسی بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی و گەنجی نەکردووە، بەڵێنی داوە ئەو قۆناغانەی تەمەنی، لە دووتوێی کتێبێکی دیکەدا بخانە ڕوو.

بێشکچی، ئەم کتێبەی پێشکەش بە خاتوو (لەمان بێشکچی) هاوسەری کۆچکردووی کردووە، کە لە 12ی نیسانی 2021 ماڵئاوایی لەژیان کردووە.

وەک دەڵێن لە پشت هەر پیاوێکی مەزنەوە، ژنێکی مەزن هەیە، بێگومان، لەمان بێشکچی قەڵایەک بووە لە پشت د. ئیسماعیل بێشکچییەوە، لەبارەی هاوسەرەکەیەوە، بێشکچی دەڵێ: (هێزی من لە هەموو ئەو ڕووداو و زوڵم و زۆرەی بەهۆی نووسین و کتێبەکانمەوە بەسەرم هاتوون، هەر لەئامادەکردنیان و بڵاوکردنەوەیانەوە و کاردانەوەکانیدا، لەسایەی لەمان بێشکچیی هاوژینم بووە، ئەو گوڕوتینی پێبەخشیم بەسەر زوڵم و ناهەقییەکاندا سەربکەوم، ئەو بەرگەی زۆر ڕووداوی گرت، وایکرد ئەو ڕووداوانە تێپەڕن، بۆیە کتێبەکەم پێشکەش بەو هاوسەرە خۆشەویستەم دەکەم).

بێشکچی، لەوڵاتێکدا دەژیا، کە ئایدۆلۆژیای فەرمیی دەوڵەت، باڵی بەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا کێشابوو، رای ڕەسمی دەوڵەت ئەوە بوو کە لەتورکیا یەک گەل و نەتەوە هەیە، هیچ گەل و نەتەوەیەکی دیکە نییە، ئەم ئایدۆلۆژیا رەسمییە، باڵی بەسەر هەموو وڵات و تەنانەت زانکۆ و ناوەندەکانی دیکەی رۆشنبیری و توێژینەوەدا کێشابوو، هیچ راو دەنگ و نووزەیەکی پێچەوانە نەبوو، هەموو لەگەڵ ئایدۆلۆژیای فەرمی بوون و جەختیان لەسەر ئەو سیاسەتەی دەوڵەت دەکردەوە. بێشکچی، دوای تەواو کردنی خوێندنی زانکۆ، بۆ خزمەتی سەربازی چووە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا، ئەو کە بەچرای زانستی کۆمەڵناسی مێشکی رۆشن بوبۆوە، لەو ناوچەیە، شتێکی دیکەی جیاوازی لەرای رەسمیی دەوڵەت بینی، ئەو لە نزیکەوە خەڵکێکی دیکەی بینی کە زمان و کەلتوور و جلوبەرگیان جیاوازە لە خەڵکی تورک، ئەوان گەلێکی دیکەن، تەنانەت لەزمانی تورکەکانیش تێناگەن و پێویستیان بە وەرگێڕە.

## ئەو راستییەی سەلماند



سەرچاوە
Serchawe




ئەو بابەتە سەرنجی بێشکچی راکێشا و بووە مەراق و خولیای، کەخزمەتی سەربازی تەواو کرد، چووەوە زانکۆ، ئەو پرسەی کردە بابەتی توێژینەوەی زانستیی نامەکانی ماستەر و دکتۆرا، ئیدی پرسی کورد بووە خەون و خولیای و خۆی بۆ تەرخانکرد، لەبەر رۆشنایی چرای زانستدا، بەهێمنی ئەو راستییەی سەلماند، کە گەلێکی دیکەی جیاواز هەیە و نابێ نکۆلی لێبکرێ و هەوڵی توانەوەی بدرێت.

ئەو بۆچوونانەی کە بە وتار و کتێب و لێکۆڵینەوەی زانستی پێشکەشی کرد، وەک بۆمبای سەردەم دەنگی دایەوە، وەک خۆی باسی دەکات، بۆچوونەکانی ئەو بە بۆمبرێژکردنی پایەکانی دەوڵەت لەقەڵەم درا.

**ئیدی لەسزای ئەوەدا وەک هەنگاوی یەکەم لە زانکۆ دەرکرا و بە یەکجاری دوور خرایەوە.**

لەشەست ساڵی رابردوودا، دادگاکانی ئاسایش و سەربازی وڵات بەدوایەوە بوون، زیاتر لە ١٧ ساڵی تەمەنی لەو دیوی شیشی زیندانەکانەوە بەسەر برد، لەسەر وتارێک کتێبێک زیندانی دەکرا و حوکم دەدرا، ئازاد دەکرا، لەسەر نامەیەک، وتارێک، کتێبێکی دی، لێدوانێک، کۆڕێک، دەستگیر دەکرا و حوکمی دیکەی بەسەردا دەدرا، ئەو زیاتر لەنیو سەدە لەزیندان و بەرێی زیندان و دادگاوە بوو، ئیدی زۆربەی بەڕێوەبەرانی زیندان، دادوەرەکان، زیندانییەکان دەیناسی، ئەو هیچ زەبر و زەنگ و سزاو ئازاردانێکی جەستەیی و دەروونی، کۆڵیان پێنەداو لەسەر بیروباوەڕی خۆی سوور بوو، ئەو بەهێمنی و لێکدانەوەی زانستیی بەڵگەدار، کۆڵی بەوان دا و ئەو دەوڵەتە گەورەیە هاتە سەر ڕوانینەکانی ئەو و دانی بەوەدا نا گەلێکی دیکە هەیە.

بێشکچی، خولیای خوێندنەوە و نووسین بوو، تەنانەت لە ناو زیندانە تاریکەکانیش، وێڵی دوای کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە بوو، لەم زیندان بۆ ئەو زیندان دەیگواستنەوە، هەندێ جار دەیناردنەوە بۆ ماڵەوە.

لەدەرەوەی زیندان، بواری زیاتری بۆ خوێندنەوە و نووسین هەبوو، خولیا و ئاشقی ئەو بوارە بوو، لەم کتێبەدا شتێکی خۆش باس دەکات، دەڵێ: ئێوارەیەک پارەی کڕینی ڕۆژنامەیەک و پارەی پاسەکەم پێبوو، ڕۆژنامەیەکم کڕی، دواتر ناوونیشانی وتارێکی ڕۆژنامەیەکی دی، سەرنجی ڕاکێشام، ئەویشم کڕی و پارەی پاسەکەم پێ نەما، بڕیارم دا بەپێ بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام لەشانسی من، کردی بە باران و تۆفانێک نەمتوانی بەپێ بڕۆمەوە، چوومە عیادەی دکتۆرێکی هاوڕێم پارەم لێوەرگرت بۆ گەڕانەوە.

بێشکچی، لەزیندان دەیان کەسایەتیی سیاسی و ڕووناکبیری ناسی، زیندان بۆ ئەو بوو بە قوتابخانە و ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوانتر کرد و وەک ئازادیخوازێک بووە جێی ڕێزی ڕێکخراوەکان و ئازادیخوازانی جیهان.

ئەو دەرگای وڵاتانی ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و چەندین وڵاتی دیکەی بۆ واڵا بوو، بەرێزەوە پێشوازیان لێدەکرد و بەتاسەوە گوێیان لە بیرو بۆچوونەکانی دەگرت، لەدوو زانکۆ دکتۆرای فەخری پێدرا.

ئەو بوو بەباڵوێزی ناساندنی پرسی کورد لەسەرانسەری جیهاندا، ئەوەی ئەو بیرمەندە تورکە بۆ کورد کردوویەتی شتێکی ناوازەیە، شێرکۆ بێکەس وتەنی: نموونەی وەک بێشکچی، کە هەموو ژیانی پێشکەش بەگەلی کورد کردووە، لەناو نەتەوە سەردەستەکاندا دەگمەنە، بێشکچی وەک پیاوی داستانە گەورەکان، هەتا هەتایە بەپیرۆزی لەناو دڵ و دەروون و ویژدانی گەلی کوردستاندا دەمێنێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٣ی جوونی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## چوار کتێبی ئیسماعیل بێشکچی بە کوردی بڵاودەکرێنەوە




**بەرگی هەر چوار کتێبەکە**

**رووداو**

**چوار کتێبی نووسەر و کۆمەڵناسی بەنێوبانگی تورک، ئیسماعیل بێشکچی، کە لەلایەن چوار وەرگێڕی کوردەوە لە زمانی تورکییەوە کراونەتە کوردی، لەلایەن (وەقفی بێشکچی)یەوە لە هەرێمی کوردستان چاپ و بڵاوکرانەوە.**

ئەم چوار کتێبە لێکۆڵینەوەی مەیدانی، کۆمەڵایەتی و مێژوویین سەبارەت چۆنیەتی داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان و، میکانیزم و ڕێگەکانی درێژەدان بە داگیرکردنی کوردستان کە لەلایەن د. ئیسماعیل بێشکچییەوە بە ڕێبازی ئەکادیمی ئەنجامدراون. خوێندنەوەیان زۆر پێویستە بۆ ناسینی کۆمەڵگەی کوردستان لەوکات و ئاراستە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کۆلۆنیالێکراوی ئێستای کوردستان.

**کتێبەکان بریتین لە:**

**١- لەبارەی کۆمەڵگەی کورد.**
**٢- تیرۆری دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.**
**٣- نامە بۆ یونسکۆ.**

٤- دابەشکاریی ئیمپریالیستی لەسەر خاکی کوردستان.

**کە لە زنجیرە کتێبەکانی نووسەرن، لەلایەن وەرگێڕانی کورد (سەردار عەزیز، محەممەد عیزەددین، بەکر شوانی و فەرهاد چۆمانی) لە تورکییەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی و لەلایەن وەقفی بێشکچییەوە چاپ و بڵاوکراونەتەوە.**

**کتێبی (لەبارەی کۆمەڵگەی کورد)** کە چاپە کوردییەکەی لە 260 لاپەڕە پێکدێت، بۆ یەکەم جار لە مانگی نیسانی ساڵی 1993 چاپکراوە. کتێبەکە لەلایەن نووسەری کورد سەردار عەزیز کراوەتە کوردی.

سێ وتاری یەکەمی کتێبەکە، پەیوەندییان بە بەیاننامەیەکەوە هەیە لەبارەی (سەمیناری گەشەکردنی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان لە تورکیا). دوای ئەو سێ وتارەش، وتارەکانی (دواکەوتوو هێشتنەوەی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ) و (ئەو داینامیکانەی کاریگەرییان لەسەر گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی رۆژهەڵات دادەنێن) دێن.

**کتێبی (تیرۆری دەوڵەت لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست)**، کە لەلایەن محەممەد عیزەددینەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، لە 180 لاپەڕە پێکدێت. چاپی یەکەمی بە زمانی تورکی لە ساڵی 1991 بڵاوکراوەتەوە، کە لە 7 بەش پێکدێت؛ باسی تیرۆر، کوشتن، کۆمەڵکوژیی کورد، کێشەی کورد، کەرکووک، سرووشتی تیرۆری دەوڵەت لە کوردستان و چەندین بابەتی دیکە دەکات.

**کتێبی سێیەمیش بەناوی (نامە بۆ یونسکۆ)** کە لەلایەن نووسەر بەکر شوانی لە تورکییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، لە 112 لاپەڕە پێکدێت. لە "بڕیارەکەی جڤاتی گشتیی یونسکۆ گونجاو نییە" دەکۆڵێتەوە، کە لە دۆسیەی ژمارە 1981 - 586ی دادگەی سەربازیی فەرمانڕەوایی دەریای و دەسەڵاتی سەربازیی گۆڵجوک وەرگیراوە و بۆ یەکەم جار بە زمانی کوردی لە ساڵی 1983 لە ستۆکهۆڵم بڵاوکراوەتەوە. ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی گرنگە لەڕووی بەکارهێنانی رێبازی زانستی بۆ رووداوێکی بەرجەستە کە نەهێشتنی زمانی کوردییە و قەدەخەکردنی پەروەردەیە بە زمانی کوردی لە تورکیا، داوا لە یونسکۆ دەکات مافی کورد بۆ خوێندن بە زمانەکەی دابین بکات .

**کتێبی (دابەشکاریی ئیمپریالیستی لەسەر خاکی کوردستان)** کە لەلایەن فەرهاد چۆمانی وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردی، لە ساڵی 1992 بە زمانی تورکی لە تورکیا چاپکراوە. ئەم کتێبە باس لە هەوڵەکانی ساڵانی 1915 - 1925 کەمالیستەکان دەکات بۆ چەواشەکردنی کورد، بەناوی دامەزراندنی کۆمارێک بۆ کورد و تورک، هەروەها ئەو کۆبوونەوە سەرەتایی و بێسەروبەرانەی کەمالیستەکان کە دوایی ناوی کۆنگرەی گەورەیان لێناون .

بەڵگەنامە و گفتوگۆکانی ئەوکات دەخاتەڕوو و شرۆڤەیان دەکات. د.ئیسماعیل بێشکچی سەبارەت ئەو قۆناخە دەڵێت، "لەنێوان ساڵانی 1915 - 1925 لەسەر خاکی کوردستان هەوڵێکی ئیمپریالیستی وەگەڕخراوە بۆ دابەشکردنی خاکی کوردستان. کۆنفرانسی لۆزان بەڵگەنامەیەکە بۆ چەسپاندنی ئەو دابەشکارییە ئیمپریالیستییە. کەمالیستەکان لەو دابەشکارییەدا پشکێکی گەورەیان بەر دەکەوێت. ئەمەشیان بەهاوئاهەنگی لەگەڵ ئیمپریالیزمی بەریتانی و ئیمپریالیزمی فەرەنسی بەدەستهێنا. بەم شێوەیە بەشێکی گەورەی وڵاتی کوردستان کەوتە نێو کۆماری تورکیاوە کە تازە دامەزرابوو. بەهۆی ئەم دابەشکارییە، تورکیا کوردستانێکی هەیە، عێراق، ئێران و سووریاش کوردستانێکیان هەیە، کەچی کورد کوردستانیان نییە".

**هەر چوار کتێبەکە لە کتێبخانەکانی هەرێمی کوردستان دەست دەکەون.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣**



لەسەر مافی کورد خەڵاتێکی زۆر کراوە، لەلایەن وڵاتانی دەروە، بەڵام ئەو پاداشت و خەڵاتانەی ڕەتکردووەتەوە، وەک خۆی دەڵێت: چونکە ئەو وڵاتانە چەک دەفرۆشن بە تورکیای داگیرکەر.

ئیسماعیل بێشکچی لە ساڵی ١٩٣٩ لە (ئیسکلیب) لە نزیک پارێزگای (کۆرم) لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی هەر لەو شارە تەواو کردووە.

بڕوانامەی لیسانسی لە زانکۆی ئەنقەرە و پلەی دکتۆراشی لە زانکۆی ئەتاتورک لە ئەرزرووم وەرگرتووە، بێشکچی لە کاتی خزمەتی سەربازیدا لە نێوان ساڵانی ١٩٦٢ - ١٩٦٤ی.ز لە ناوچەکانی (هەکاری) و (بەدلیس)، گەلی کوردی ناسیووە، وەک بێشکچی خۆی دەڵێت:

(کە گەیشتینە باکووری کوردستان بۆ تەواوکردنی خزمەتی سەربازی، بە چاوی خۆم نەتەوەیەکم دیت، کە زمان و مێژوو و دابوونەریتیان لە گەڵ ئێمەی تورک زۆر جیاوازە، ئەو گەلە ئەو ناوە هەڵناگرنە خۆیان، کە ئێمە پێیان دەڵێین (تورکی شاخاوی)، ئەوان بە خۆیان ناڵێن تورکی شاخاوی، بەڵکوو شانازی بە کورد بوونی خۆیانەوە دەکەن.)

لەو دەمەوە بێشکچی هەموو توانا و هزر و چالاکی زانستی خۆی تەرخان کردووە لە پێناو گەلی کورددا بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و داکۆکی کردن لە سەر مافی نەتەوایەتی و دیموکراتیەت و تایبەتمەندیی شارەستانییەتی گەلی کورد، هەوڵی ئەوەی داوە کە ڕۆشنبیرانی تورک لەو ڕاستییە بگەیەنێت کە زۆرینەیان نکۆڵی لێدەکەن، وەک چۆن دەوڵەتی تورک، چەند سەدە و چەند دەیەیکە دژی دۆزی کورد دەوەستێتەوە، بە ئاگر و ئاسن.



سەرچاوە
Serchawe

**تا ئێستا لەو ڕێگایەدا (٣١) توژێنەوەی بڵاو کردووەتەوە و زۆرێک لە کتێبەکانی لە کاتی چاپکردنیدا دەستیان بەسەردا گیراوە و قەدەغە کراون.**

ئەو کتێب و تویژینەوانە، وای لە بێشکچی کردووە، کە کۆنترین بەندی سیاسی ناو دەوڵەتی تورکی عیلمانی و دیمۆکراتی بێت، چونکە بەوە تاوانبار کراوە کە بە نووسینەکانی دەستدرێژی کردووەتە سەر کەرامەت و شەڕەفی دەوڵەتی داگیرکەری تورک و داکۆکی کردووە لە دۆزی کورد، کە تورکیا دۆزی کورد بە کارێکی دژی بە یاسا دەزانێت و نابێت کەس لەسەر ئەو بابەتە تەنیا بە وشەیەکیش قسەیەک بکات.

**بەڵام بێشکچی دەڵێت:** من خەباتی ئاشتیانە دەکەم، تا ڕێگەم پێ بدەن گفتووگۆی زانستییەکانم ئەو کارە نایاساییانە ڕاپێچ بکەن کە سانسۆر دیاناوە لە پێناو پاراستنی دەوڵەتی داگیرکەری تورک، ئەویش بە پشت بەستن بە دەربڕینی وتەی سەربەست و پاراستنی مافی مرۆڤ.

کۆی حوکمی دەستبەسەرکردنی ئیسماعیل بێشکچی لە لایەن تورکیای داگیرکەرەوە (دوو سەدە و نیوە) لەسەر ئازادی و دیموکراتی مافەکانی گەلی کوردە کە بۆی براوەتەوە، زۆرێک ڕۆشنبیر لە ناو تورکیا و وڵاتانی دەرەوەدا داکۆکی لە بێشکچی دەکەن و خۆپیشاندان و ناڕەزایی ئەنجام دەدەن دژ بە دەوڵەتی داگیرکەری تورک.

**بێشکچی بەهۆی نووسینەکانییەوە پاداشت و خەڵاتێکی زۆر کراوە، لەلایەن وڵاتانی دەروە، بەڵام زۆری ئەو پاداشت و خەڵاتانەی ڕەتکردووەتەوە وەک خۆی دەڵێت:**

**چونکە ئەو وڵاتانە چەک دەفرۆشن بە تورکیا و تورکیاش دژی کورد بەکاری دەهێنێت، هەروەها دەڵێت باشترین ڕێگا بۆ کۆڵۆنیاڵکردنی گەلێک، ڕێگا گرتنە لەو گەلە کە بیەوێت کەلەپوور و زمانەکەی گەشە بکات و بەکاری بهێنێت.**

**لێکدانەوەی وشەکان:**

**نکۆڵی**: ئینکار کردن

**لیسانس**: بڕوانامەی بەکالۆریۆس کە دەدرێت بە دەرچووانی کولێژەکان.

**سانسۆر**: چاودێری کردن لە لایەن حکوومەتەوە، ڕێگەگرتن لە بڵاو کردنەوە.



سەرچاوە Serchawe

**عیلمانی**: سیاسەتی جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت.

**دۆز**: مەسەلە – پرس.

**کۆلۆنیاڵ**: داگیرکردن، سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیەک.

سەرچاوە: ماڵپەری خۆرهەڵات - ڕێکەوتی: ١٤ی جانێوێری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## زانکۆی سەلاحەدین بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بەخشیە بیرمەندی گەورەی تورک ئیسماعیل بێشکچی



ئێوارەی 28ی ئایاری 2014 لە سەنتەری رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی زانکۆی سەلاحەددین لە شاری هەولێر، بە ئامادەبونی فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ئەندامانی سەرکردایەتی و عەلی حوسێن بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکاتی کوردستان و یوسف محەمەد سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێرو سکرتێرو نوێنەرانی پارتە سیاسیەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی زانکۆو کەسایەتیە رۆشنبیریەکانی کوردستان و موسا ئەحمەد جێگری سەرۆکی دەزگای خێرخوازی بارزانی، هەروەها هەندێکیان بە بروسکە بەشداربون لەوانە عەلی قازی محەمەد سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان. زانکۆی سەلاحەددین بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بەخشیە دکتۆر ئیسماعیل بێشکچی گەورە نوسەرو ئەکادیمی و کۆمەڵناسی تورک، شیاوی باسە بێشکچی لەسەر بانگهێشتی دەزگای خێرخوازی بارزانی هاتۆتە هەرێمی کوردستان و بڕیاریشە لەچەند رۆژی داهاتوو ژمارەیەک سمینار لە زانکۆو ناوەندە رۆشنبیریەکان ساز بکات. نیوسەدە بەرگری لە کوردلە مەڕاسیمەکەدا سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەددین دکتۆر ئەحمەد ئەنوەر دزەیی وتارێکی پێشکەش کرد کە لە بەشێکی دا هاتووە: ئێمە لە ئەنجومەنی زانکۆ ئەمساڵ بیرمان لەوەکردەوە کە چۆن رێز لە ماندوبوون و کارە جوانەکان و هەوڵە بێوچانەکانی دکتۆر بێشکچی بگرێن، کە لەماوەی نیو سەدە زیاترە بە نوسین و توێژینەوەکانی بەرگری لە مافەڕەواکانی گەلی کورد کردووە، ئەوەبوو لە کۆبونەوەی ژمارە(٤)ی ئەنجومەنی زانکۆی سەلاحەدین، لە دانیشتنی رۆژی 3ی شوباتی 2014 بە کۆی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەن بڕیارماندا بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بە "ئیسماعیل بێشکچی" بیرمەندو کۆمەڵناسی تورک و دۆستی گەلی کورد بدەین، بۆ ئەم مەبەستەش لێژنەیەکمان لە

ئەندامانی ئەنجومەن راسپارد بۆ ئەم مەبەستە لیژنەکە کۆنوسی خۆی پێشکەشکردو ئاڕاستەی وەزارەتی خوێندنی باڵاکراو بە سوپاسەوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی بالا وتوێژینەوی زانستیەوە پەسەندکرا. لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەددین سوپاسی(دەزگای خیرخوازی بارزانی) دەکات  کە هەماهەنگیان لەگەڵ وەقفی بیشکچی کردووە بۆ بانگهێشتکردنی ئەو دۆستە خۆشەویستەی گەلی کورد. تێکۆشانی بێشکچی لە رووی زانستەوەسەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین ئەوەی گوت: هەڵبەتە ئێمە لە دەزگایەکی ئەکادیمی و زانستی بروانامەی لەو جۆرە وا بە ئاسانی نادرێت بە هەموو کەسێک، بێگومان لەلای ئێمە بەخشینی بروانامەی دکتۆرای فەخری بە گەورە ئەکادیمی تورک  ئیسماعیل بێشکچی زۆر گرنگەو بۆنەیەکی ئەکادیمی خۆشەو شانازی بەو کارەشمان دەکەین، چونکە بێشکچی شایانی زۆر لەوە گەورەترە بۆی بکرێت، چونکە ئەو ژیانی خۆی بۆ ماوەی زیاتر لە 50 ساڵ لە شەستەکانەوە تاوەکو ئێستا کە تەمەنی گەیشتۆتە 75 ساڵ بۆ کورد تەرخانکردووەو رووبەروی دژواری و ئاستەنگی گەورە بۆتەوە و هێندە بە ژیانێکی سەخت تێپەریوە لە پێناو گوتنی راستەقینە یاساکانی ژیان، کەچی هەر خۆڕاگربوە و چیایەک بووە لە متمانەبەخۆبون و ئاسمانێک هیوا بووە کە ئومێدی بەکورد بەخشیوە، چونکە لە زەمەنێکدا بێشکچی بەرگری لە کورد کردوە، کە کورد هەموو دەرگاکانی لێداخرابوو، کەچی بەرێزیان هیوای بۆ دەچنین، باخچەی خۆزگەو بەختەوەری ئایندەی بۆ دروست دەکردین، بێشکچی سەرباری ئەوەی لە رێگەی تۆژینەوەکانیەوە بە زانستی شیکردنەوەی کردوە کە دەبێت کورد مافی سروشتی خۆی پێ بدرێت و ستەمی لێنەکرێت، ئاواش خەباتی کردوە تا هزری سوکایەتی و پلەبەندی نەتەوەیی لە مێشکی تاکی نەتەوەی کورد بسڕێتەوە، تێکۆشانی بێشکچی لە رێگەی زاستەوە بە فیرۆ نەرۆیشتوەو دوای 50 ساڵ ئێستا بەرهەمەکەی دەدورینەوە، ئەورۆ فەلسەفەی نەتەوەی تورک و دەسەڵاتدارانی تورکیا گۆڕاوە، هۆشیاری پێکەوەژیان و رێزگرتن لە نەتەوەکان بەرەو پێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە، ئەوەتا جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی بە فەرمی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بە جلی کوردی سەردانی (ئامەد)ی کرد و لەبەردەم سەرۆک وەزیرانی تورکیا بەڕێز رەجەب تەیب ئەردۆگان بە زمانی کوردی قسەی کرد، ئەمە سەرەرای ئەوەی ماوە ماوە سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان رێزدار نێچیرڤانی بارزانی سەردانی تورکیا دەکات.پەیکەرێکی لەبەردەم قەلای هەولێر بۆ بێشکچی دزەیی لە درێژەی وتارەکەیدا دەڵێت:  ئێمە لە زانکۆی سەڵاحەددین لە روانگەی ئەکادیمیەوە بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بە بێشکچی بە گەورەترین دەستکەوت دەزانین، بەڵام دەکرێت لێرە لەم کەرنەڤاڵە ئەکادیمی و نەتەوەییەدا پێشنیار بکەین پەیکەرێک لە بەردەم قەڵای هەولێر بۆ گەورە بیرمەندی تورک دروست بکرێت، چونکە ساڵانێکی زۆرە وەک قەڵا پارێزەری گەلی کورد بووە و ئێستا تەمەنی بەرەو هەڵکشان دەچێت تا بەچاوی خۆی بیبینێت خەباتی ئەو بۆ نەتەوە ستەملێکراوەکە، خەباتێک بووە بەرهەمی هەبووە، تا بە چاوی خۆی ببینێت گەلی کورد ئەمەکدارە بۆی.ئەو بڕوانامەیە زۆر بە نرخەدوای وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرای فەخری دکتۆر ئیسماعیل بێشکچی لە وتارێکی گرنگ و مێژووییدا گوتی: ئەمڕۆ لێرە بڕوانامەی دکتۆرای فەخری لە زانکۆی سەلاحەددین وەردەگرم، زۆر خۆشحاڵم، بەرێز سەرۆکی زانکۆ، بەرێزان بەخۆشەویستیەوە سڵاوم هەیە، هاوڕێیان ئەو بڕوانامەی دکتۆرا فەخرییەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و زانکۆی سەلاحەددین بۆ ئێمە زۆر بە نرخەو پارێزگاری لێدەکە. ئەگەر رەخنەی ئازادانە هەبێت زانکۆکان پێشدەکەونئیسماعیل

بێشکچی ئەوەشی گوت: هاورێیان دەمەوێت لەسەر زانست، لەسەر دەستەواژی زانست قسە بکەم، هەندێ شت بڵێم، بەرهەمهێانی زانست گرینگترین شتە، بەرهەمهێنانی زانست، ئازادی رادەبڕین هەبێت، بۆ کۆمەڵگە گرنگە، ئەگەر رەخنەی ئازادانە هەبێت لەو کۆمەڵگەیەدا، ئەوا زانکۆکان هەر بەراستی دەتوانن بگەڕێن بەدوای حەقیقەت دا، بەڵام لە هەموو شوێنێکی جیهان، بەم شێوەیە نیە لەبەسەرەو تا مەغریب، هەموو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئازادی رادەربڕین تەسکراوەتەوەو رێی لێگیراوە، کەچی لە هەموو ئەو وڵاتانەش زانکۆ هەیە، مانای ئەوە نیە زانست بەرهەمدەهێنرێت و زانست پێشدەخرێت، لەم دەوڵەتانە، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئیسرائیلی لێدەرچێن، ئازادی رادەربڕین سنووردارکراوە، لە هەمو ئەو 57 وڵاتەی ئەندام لە کۆنفرانسی ئیسلامی ئازادی رادەبڕین سنووردار کراوە، هەبوونی زانکۆ مانای ئەوە نیە بەدوای راستی دەگەڕێن، ئەی چییە ئەو رێگە خۆش دەکات، لە هەر ئەو 57 وڵاتە ئەو شتەی گرنگە نیە، ئازادیە، ئەو شتەی رێگەی ژیانی خەڵک و بڕیاری ئایندەی لێدەدرێت، ئەو ئایدۆلۆژیایە رەسمیەیە کە دەوڵەتەکان هەیانە، ئایدۆلۆژیەکی ئاساییە نیە، ئایدۆلۆژیای دەوڵەتەکە لە رێگەی سزاوە دەیکات بە ئایدۆلۆژیای هەموو کەسێک، دەبێت ئایدۆلۆژیای فەرمی رەخنەی لێبگرێ. لە زانست لە راستی، تەنها یەک پێوەر هەیە لە زانست ئەویش پێوەری راستی داتاو زانیاری یە.جیاوازی زانست لە رۆژهەڵات و رۆژئاواڵە وتارەکەیدا بێشکچی ئاماژەی دا: لە رۆژهەڵات و رۆژئاوا جیاوازی هەیە لە رۆژهەڵات قورئان و فیهە و فەرمووده لەچوارچێوەی ئەمانە پێی دەگوترێت زانست لە رۆژئاوا زانست لەسەر زانستە ژینگەیی و سروشتیەکان هەیە، لە کەنیسەکان زانست هەیە، لە کەنیسەکان چۆن کار لەسەر بەراز دەکرێت و لە کوێ دەژی و چۆن نەوە دەخاتەوە، بەڵام لە رۆژهەڵات دەڵێ خواردنی بەراز حەرامە، لە رۆژهەڵات بۆ نمونە باسی ماسی دەکرا ئایا خواردنی ماسی گوناهە یا نا؟ بەڵام لە کلێساکان کارلەسەر ئەوە دەکەن چۆن دەژێت و چۆن نەوە دەخاتەوە، بۆ نمونە با بیر لە سەدەی 16هەم بکەینەوە کۆمەڵێ بەدوادچوونی نهێنی هەیە لەسەر خوێن راهیبەکان، کاریان لەسەر دەکرد، لێکۆڵینەوەیان دەکرد، بهڵام بەهۆی ئەوەی پێچەوانەی رێساکانی کەنیسە بوون ئەوکەسانە سوتێنرا، کوژران بۆ نمونە ساڵانی 1600 هەرچەندە ئەوانە راهیب بوون، بەڵام لە کلێسەکان ویستویانە لێکۆڵینەوەی زانستی بە نهێنی بکەن کەچی ئەمیان بەسەرهاتووە.لە رێگەی رەخنەی زانستیەوە پێشکەوتن لە رۆژئاوا هاتۆتە بەرهەم ئەو کۆمەڵناسە ناودارەی تورک دەڵێت: سەرۆکی زانکۆی ئەنکەرە شتێکی وای بۆ باسکردم، کاتێ سەردانی زانکۆیەک لە ئیتاڵیا دەکات، خوێندگەیەکی نیشان دەدەن لە ناوەڕاستی ژووری خوێندنەکە تەنها یەکە مێز هەیە وەک مۆزەخانە وایە، سەرۆکی زانکۆی ئەنکەرە دەپرسێت ئەمە چ جۆرە خوێندنگەیەکەوە وڵامی دەدەنەوە لێرەدا لەو ژووردەدا پەروەردەو خوێندنی نهێنی هەبووە لێکۆڵینەوە کراوە لەسەر ژیانی مرۆڤەکان لەسەر ئاژەڵەکان، کە لەوێدا راهیبێک لە هەمان کاتدا مامۆستایە وانە بە راهیبەکانی دیکەی گوتۆتەوە، بەڵام ئەمە نهێنی بوە و کەنیسە رێگەی نەداوە، بەمشێوەیە لە رۆژئاوا زانست پێشەوەچووە، ئەو ئازادبونە بەمشێوەیە بوە، بەمجۆرە هاتۆتەکایەوە، ئەو رەخنانەی دژی کەنیسە دروست بووەو بەرهەمەکەی ئازادی بوە، بۆ نمونە لە کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستە بە فەرمی رەخنە لە ئایدۆلۆیای فەرمی دەوڵەت بگیرێت، ئەمە هەوڵە بۆ ئازادی زانکۆکان و ئازادبونی زانکۆکان، بێگومان ئازادی رادەبڕین شتێکی بنەڕەتیە، ئەو ئازادیەش تەنها بۆ زانکۆکان نیە بۆ هەموو کۆمەڵگە گرنگە، ب ئەمەش پێویستە

گرنگی دەستوور هەبێت، ئەگەر لەو سیستەمە ئازادی ڕادەربڕین نەبێت ئەوا ئازادی ئەکادیمی بەهیچ شێوەیەک نییە، ئەگەر هەش بێت سنووردارە. بۆچی موستەعمەرەی کوردستان دروست نەکراوبێشکچی لە درێژەی وتارەکەیدا دەڵێت: بە کورتی دەمەوێت لەسەر بابەتێک قسە بکەم، کۆمەڵێ پرسیار بێنمە ڕۆژڤەوە لە کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمدا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کاتێ خاکەکەی دابەشکرا، چونکە دەوڵەتی عوسمانی دۆڕاوە وەک ئەڵمانیاو وڵاتەکانی دیکە بوە خاکی وڵاتە براوەکان، ئەم خاکانە دابەش دەکرێت بەسەر بەریتانیا و فەڕەنسا و ئیتاڵیا، بۆ نمونە میزۆپۆتامیاو خاکەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یاخود ئەو خاکەی لەلایەن عوسمانیەو داگیرکرابو وەک عێراق و ئەردەن دروست دەکرێت کە پەیوەستە بە بەریتانیا، سووریا و لوبنان پەیوەست بوون بە فەرەنسا، لێرەدا کێشەیەکی گەورە هەیە بۆچی دەوڵەتی کوردی دروست نەکرا، عێراق و سووریاو لوبنان و فەڵەستین دروست دەکرێت. بۆچی موستەعمەرەی کوردستان دروست نەکراوە؟

بەهەرحاڵ سالانی 1918 - 1919 لە باشووری کوردستان شێخ مەحمودی بەرزنجی خەباتی هەیە لە چواردەوری خەباتی کوردانە هەبوو شێخ مەحمود دەیگوت: پاشای کوردستانم، بەریتانیاو فەرەنسا و وڵاتە ئیمپرالیستەکا نەک ڕێگەیان نەداوە بە کوردستان دەوڵەتی سەرخۆی هەبێت، بەڵکو بە پێچەوانە ڕێگەیان نەداوە دەوڵەتێکی کوردستانی موستەعمەرەش دروست بکرێت، کەچی کوردستان پارچە پارچەکراوە، دوای ئەوەش سیاسەتی نکۆڵیکردن پەیڕەوکراوە، زمانی کوردی و کلتووری کوردی نکۆڵی لێکراوە، ئەمە کێشەکی زۆر گەورەیە ساڵی 1920 بۆ کوردەکان زۆر گرنگە، پێویستە وەڵامی لۆژیکی بدۆزینەوە. سێیەم دابەشکردنی کوردستانکۆمەڵناس و بیرمەندی تورک ئەوەشی گوت:لە ساڵی 1920 ئەمە سێیەم پارچە پارچەکردنی کوردستانە، بۆیە دەبێت لەو بارەوە پێویستە چۆن بیربکەینەوە، مانای ئەوەی کوردەکان لاوازیان هەیە، هێزە دوژمنەکان سوود لە لایەنی لاوازی کورد دەبینن، خاکی کوردان بەش دەکەن، بۆیە پێویستە لەسەر ئەمە زۆر بە قوڵی بیربکەینەوە، دەبینین لە ڕۆژئاوا ئەم کارانەی لەسەر کورد و کوردستان دەوروژێنرێت چۆن دەکرێت باسی کوردستانی تورکیا دەکرێت، باسی کوردستانی عێراق و دوای ئەوە سووریاو ئێران، بەڵام ئەو پرسیارە نەکراوە بۆچی کوردستان دابەشکراوە؟

ئایا لایەنە لاوازەکەی کوردان چییە؟ کوردەکان چ لایەنێکی لاوازیان هەیە کە بەردەوامی وا دەکرێت خاکەکەیان پارچە پارچە بکرێت، پێویستە ئەم پرسیارە لەلایەن ئەکادیمیە ڕۆژئاوایەکان بکرێت. کورد پێویستی بە زانست هەیە مێژوونوسی ناوداری تورکی ئەوەشی گوت: کوردەکان زۆر پێویستیان زانست هەیە، سەبارەت بە ساڵی 1920 پرسیاری وا بکرێت وڵامەکەی بدۆزرێتەوە، کاتێ کۆمەڵەی نەتەوەکان دروست دەکرێت، بۆئەوی نەتەوەکان مافی چارەی خۆنووسیان بۆ دەسەبەر بکرێت، لەم کاتەیە کوردستان پارچە چارچە دەکرێت کەچی کۆمەڵەی نەتەوەکان ناتوانێت ئاشتی بەرقرار بکات، کاتێ ناتوانێ ئاشتی نێودەوڵەتی دروست بکات و ناشتوانێت ڕێگە لە دەستپێکردنی جەنگی جیهانی دووەم بگرێت، بەڵام لەم کاتەیە دوای جەنگی جیهانی دووەم پێویستیەک دروست دەبێت لە 1945 نەتەوە یەکگرتوەکان دروست دەکرێت، لە دوای جەنگی جیهانی دووەم لە رووی سیاسیەوە لە جیهان گۆڕانکاری گەورە دروست بوو بۆ نمونە کە هەموو ئەفریقیا ئیستعمار بوو

لە ساڵی 1960 بەدواوە یەک بە یەک سەربەخۆییان خۆیان دەستکەوت، لە پێش جەنگی جیهانی دووەم تەنها دووە دەوڵەت سەربەخۆ بوو، ئەمڕۆ 57 دەوڵەتی سەربەخۆ هەیە، بەڵام لەو کاتەوە لە کوردستان هیچ شتێک نەگۆڕاوە، لە هەموو لایەکی جیهان گۆڕانکاری دروست بوە ئەمانە پێویست دەکات بە شێوەیەکی تەندروست بەدواداچونی بۆ بکرێت لەبەر ئەمە دەبێت بتوانن لێکۆڵینەوە و رەخنە لە ئایدۆلۆژیای فەرمی بگرن، ئەگەر ئێوە پێشنیار بخەنەر بەردەم وڵات بۆ نمونە زانستە کۆمەڵایەتیەکان ئەو کەسانەی گرنگی بە بابەتی ئێوە دەدات، دەبێت بتوانێت بە ئازادی خۆی رەخنە لەم پێشنیارانەی ئێوە بگرێت، بەڵام ناتوانێت سزاتان بدات لەسەر پێشنیارەکان، ئەمەی دەمویت بڵێم ئایدۆلۆیای فەرمی رخنەت لێناگرێت لەسەر پێشنیارەکان، بەڵام سزات دەدات، زانست بەمشێوە گەشە ناسەنێت، وڵاتی زانستی بەمشێوەیە پێشەوە دەچێت کە پێویستە ئازادی فەراهەم بکات، ئازادی رادەربڕین پشتگیری لێبکرێت، ئەمانە وتنی ئاسانە بەڵام جێبەجێکردنی لەوانەیە قورس بێت، جێبەجێکردنی ئەم بۆچوونانە بەشێوی داینامیکە، ئازادی بیروڕا دەبێت بە دامودەزگایی بکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی زانکۆی سەلاحەدین - ڕێکەوتی: ١٢ی گەلاڕێزان ٢٠١٤



سەرچاوە Serchawe

## ئیسماعیل بێشکچی بۆ رووداو: ئێستا کاتی سەربەخۆیی کوردستانە






**زنار شینۆ**

**بێشکچی بۆ رووداو: ئەنجامی گشتپرسی ٨٠% بێت تورکیا پەسندی دەکات**

**ئیسماعیل بێشکچی لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ رووداو باسی گشتپرسی دەکات و دەڵێت، ئێستا کاتی سەربەخۆیی کوردستانە و هێشتا کاتەکەشی دواکەوتووە. دەشڵێت گەل و حکومەتی تورکیا گشتپرسی پەسند دەکەن ئەگەر دەنگی "بەڵێ" لە ٨٠% یان کەمتریش بێت.**

ڕۆژی دووشەممە 28 - 8 - 2017 پرۆفیسۆر ئیسماعیل بێشکچی، نووسەر و کۆمەڵناسی ناسراوی تورکیا و دۆستی کورد سەردانی ئۆفیسی رووداوی لە دۆسلدۆرف کرد، ستافی رووداو هەندێک لایەنی کارەکەیان لە ئەڵمانیا و ئەورووپا بە بێشکچی ناساند.

## سەربەخۆیی کوردستان زۆر دواکەوتووە

دوای سەردانەکەی، لە لێدوانێکدا بۆ رووداو لەبارەی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان و هەڵوێستی تورکیا، بێشکچی گوتی: "با بڵێین لە گشتپرسیی 25ی ئەیلوولدا نزیکەی لە 80%ی دەنگەکان ئەرێنی بوون، واتە (بەڵێ) بوون. ئەنجامێکی وەها بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن کۆمەڵگەی تورکییەوە پەسند دەکرێت. ئەنجامدانی گشتپرسی لەلایەن کوردەوە، هەروەها بەدەستهێنانی ئەنجامێکی وەها دۆخێکی پەسندکراو بەدوای خۆیدا دەهێنێت. ئەگەر بە شێوەیەکی دیکە روونی بکەینەوە.. بۆچوونی گەلی تورک لەگەڵ بۆچوونی دەوڵەتی تورکیا جیاواز نییە. دیاریکەری هەست و بیری خەڵک، دەوڵەت و میدیای تورکییە، لەکاتێکدا دەوڵەت بۆچوونی میدیای تورکی دیاریدەکات. بە بڕوای من، ئەگەر جاروباریش دەوڵەت بڵێ ئێمە دژی گشتپرسین و ئەوە بیرۆکەیەکی باش نییە، بەڵام ئەگەر لە 80% یان کەمتریش، ئەگەر ئەنجامێکی وەها هاتە ئاراوە، ئەوکات دەوڵەتیش پەسندی دەکات. گەلیش.... لێرەدا ئێمە باسی گەلی تورک دەکەین، بێگومان کۆمەڵگەی کوردی (لە باکووری کوردستان) دەمێکە بەشێوەیەکی ئەرێنی لە گشتپرسی دەڕوانێت."

## دەرکردنی بڕیاری گشتپرسی لە ٢٥ی ئەیلوولدا زۆر بەهادارە

لە وەڵامی پرسیارێکدا لەبارەی ئەوەی ئێستا کاتی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانە، ئیسماعیل بێشکچی گوتی "ئەسڵەن کاتییەتی، هەتا دروستترە بڵێین دۆخێکی زۆر دواکەوتووە، ئەوە کێشەیەکە کە دەبوو لە ساڵانی بیستەکان چارەسەر بکرایە. بۆ نموونە کاتێک عێراقی سەر بە بەریتانیای گەورە دامەزرا و ئوردن و فەڵەستین دامەزران، هەروەها سووریا و لوبنانی سەر بە فەرەنسا دامەزران، دەبوو کوردستان دابمەزرایە، واتە لە 1920ەکاندا. با بڵێین عێراقی سەر بە ئینگلتەرا یان سووریای سەر بە فەرەنسا، کە دوو دەوڵەتی داگیرکراو بوون، با بڵێین دەوڵەتی کوردستانی سەر بە ئینگلتەرا، دەوڵەتێکی داگیرکراو، بەڵام ئەوکاتە رێگەیان نەدا، واتا رێگەیان بە بە دەوڵەتێکی کوردستانی کۆلۆنیش نەدا، کوردستان تەنانەت بەو شێوەیەش رێگەی پێنەدرا. ئێستا کە دەڵێن کاتیەتی، بەڵێ زۆریش دواکەوتووە لەم کارە."

## زۆر هەڵەیە کە دەگوترێت کاتی نییە. باشە ئەی کەی کاتیەتی؟

بێشکچی گوتیشی "ئێستا ئەگەر سەیری کوردی جیهان بکەین، 50 ملیۆن کەسن، ژمارەی کورد لە جیهاندا 50 ملیۆنە، بەڵام



سەرچاوە Serchawe

لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا نوێنەری نییە، لە کۆنفرانسی ئیسلامیدا نوێنەری نییە. ناتوانێ نوێنەرایەتیی خۆی بکات. لە ئۆڵۆمپیادە جیهانییەکاندا ناتوانێ بەشداری بکات. باشە تۆ 50 ملیۆنیت، لەکاتێکدا ژمارەی دانیشتووانی لە خوار ملیۆنیش هەن بۆ نموونە کوەیت، قەتەر و بەحرەین، ئەمانە دەوڵەتی بچووکن. کەچی باس لە داهاتووی کورد دەکەن و داهاتووی دیاری دەکەن، باس لەوە دەکەن کە کوردان خاوەنی چی بن و خاوەنی چی نەبن، پێویستە کورد لە بابەتی بەڕێوەبردنیشدا چالاکتر و تۆکمەتر بن. هەڵبەتە کاتییەتی. ئەمە هەڵسەنگاندنێکی زۆر هەڵەیە کە دەگوترێت کاتی نییە. باشە ئەی کەی کاتیەتی؟ دۆخێکی نادیارە و گوزارشت لە راکردن لە بابەتەکە دەکات، هەڵبەتە دەرکردنی بڕیاری گشتپرسی لە 25ی ئەیلوولدا زۆر بەهادارە. هەروەها جێبەجێکران و بەڕێوەچوونی ئەمە زۆر گرنگە. لێرەدا بێگومان ئێران چی دەڵێ عێراق چی دەڵێ، ئەمریکا چی دەڵێ؟ ئەوان هەرچی دەڵێن با بیڵێن، ئەوە گرنگە کە کوردان چی دەڵێن؟ پێداگریی کورد لەم بابەتەدا گرنگەدا."

**ئێران، عێراق و ئەمریکا چی دەڵێن با بیڵێن، ئەوە گرنگە کە کورد چی دەڵێت؟**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو – ڕێکەوتی: ٢٨ی ئاگۆستی ٢٠١٧**

---

## ئیسماعیل بێشکچی: کوردستان پۆلۆنیای رۆهەڵاتی ناوەڕاستە



**نووسەری ناوداری تورک و دۆستی کورد (ئیسماعیل بێشکچی)، تازەترین وتاری خۆی لەبارەی پەیوەندی نێوان جۆ بایدن و هەرێمی کوردستان بڵاو کردووەتەوە. ئەو پێی وایە دەبێت کورد دڵخۆش بێت بایدن دەبێتە سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چونکە کاتێک لەگەڵ سەرۆک بارزانیدا کۆ بووەتەوە لە ٢٠١٥، بە ئاشکرا پێی گوتووە**

**"لە تەمەنی من و تۆدا دەوڵەتی کوردی دەبینین".**

بێشکچی لەم وتارەیدا، باس لە گوتەیەکی بایدن دەکات، کاتێک لە ٢٠٠٢ لەناو پەرلەمانی کوردستان لە وتارێکدا درکاندی، ئەویش "کوردستان پۆڵۆنیای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە". ئەمەی خوارەوە تەواوی وتارەکەی بێشکچییە.

ئەم گوتەیەی سەرەوە، گوتەی جۆ بایدنی سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکایە لە ٣ - ١١ - ٢٠٠٢؛ جۆ بایدن لە ٢٠٠٢ ئەوکاتەی سیناتۆر بوو و بەرپرسی کۆمیسیۆنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێس بوو، لە پەرلەمانی کوردستان وتارێکی پێشکەش کرد. بایدن بەسەر زاریدا هات و گوتی "کوردستان پۆلۆنیای رۆهەڵاتی ناوەڕاستە".

گوتەی "کوردستان پۆلۆنیای رۆهەڵاتی ناوەڕاستە" لەبارەی کورد و کوردستانەوە زمانێکە بۆ بنەمای کێشەکە، بۆیە زۆر گرنگە و گوتەیەکی زۆر تەندروستە. بەرهەمهێنانی ئەو گوتەیە، لێکچواندنی پۆلۆنیا و کوردستانە.

**دەتوانین ئەم گوتەیە پێچەوانە بکەینەوە "پۆڵۆنیا کوردستانی ئەورووپایە".**

پۆڵۆنیاش وەکو کوردستان، لە مێژوودا زۆر جار دابەش کراوە، نموونە لە ١٨٧٠دا بەشێکی پۆڵۆنیا سەر بە ئیمپراتۆری نەمسا ـ مەجەرستان بوو، بەشێکیشی سەر بە ئیمپراتۆری رووسیا بوو و بەشێکیشی لەژێر داگیرکاری ئیمپراتۆرییەتی ئەڵمانیا بووە.

لەم قۆناغەدا جیاوازی گرنگ لە نێوان پۆڵۆنیا و کوردستان ئەمەیە، پۆڵۆنیا چەندین جار بووە بە دەوڵەت و پاشان هەڵیانوەشاندووەتەوە، بەڵام کوردستان جارێ نەبووە بە دەوڵەت کەچی رووبەڕووی هەمان سیناریۆ بووەتەوە.

لە بیرەوەرییەکانی (Madame Curie 1867_1934)، "وڵاتی من پۆڵۆنیا، لە ١٨٧٠دا لە ژێر داگیرکاری ئیمپراتۆرییەتی رووسیا بووە"، باس لەوە دەکات ئەو ناوچەیەی لێی لە دایک بووە لەژێر داگیرکاری رووسیا بووە. (Madame Curie 1867_1934) لە ساڵی ١٩٠٣، هەروەها مامۆستاکەی هێنری بیگرل (1852 - 1908)، هەروەها هاوسەرەکەی بە ناوی پیەر کووری (1859 - 1906) بە یەکەوە بوونە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵی فیزیا. هەروەها (Madame Curie) لە ساڵی ١٩١١ بە تەنیا بووەتە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ لە بواری کیمیا (١).

بایدن لە ٢٠٠٢ کاتێک لەناو پەرلەمانی کوردستان وتارێکی پێشکەش کرد، ئەمەی گوت: "ئێوە بە درێژایی مێژوو لە ژێر داگیرکاری (فارس، عەرەب، تورک) بوونە. لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمیش، قەدەری ئێوە کەوتە ژێر دەستی دەوڵەتە گەورەکان و وڵاتێکیش دروست بوو بە ناوی عێراق. ئێمە هاتووین تا قبوڵی ئەوە بکەین ئێوەی کورد ئازار و مەینەتی زۆرتان بینیوە و، هەر زۆر لەمێژ نییە لە لایەن سەدام حوسێنەوە، منداڵ و ئافرەت و گەنجەکانتان کیمیاباران کرا و هەروەها کۆمەڵکوژ کران."

بایدن باسی لەوەش کرد، منداڵانی کورد، وەکوو باب و باپیریان دووچاری ئازار و مەینەتی زۆر بوونەوە و، هەروەها ئەو سەردانەشی بۆ هەولێر بە گرنگ وەسف کرد و گوتی: "ئەو ئازارەی کوردستان بینیویەتی، بنەمایەکی مێژوویی هەیە، هەروەها کوردستان پۆڵۆنیای رۆژهەڵاتی ناوڕاستە".

**تەمەنی ئێمە بایی ئەوەی تێدا ماوە دەوڵەتی کوردی ببینین**

لە ٢٠١٥ کاتێک جۆ بایدن جێگری سەرۆککۆماری ئەمریکا باراک ئۆباما بوو، لە هەولێر لەگەڵ سەرۆک بارزانیدا کۆبوونەوەیەکیان کرد؛ ئەوکات سەرۆک بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو و، لە رێگەی بایدنەوە پەیامێکی بۆ ئۆباما

نارد و گوتی "کورد گەیشتووەتە ئەو ئاستەی خۆی قەدەری خۆی دیاری دەکات و ریفراندۆم دەکات بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بە شێوەیەکی ئاشتیانە"

**بایدن لەو چاوپێکەوتنەدا لەگەڵ بارزانی پێی گوت "بەڕێز سەرۆک بارزانی دڵت ئاسوودە بێت، تەمەنی من و تۆ بایی ئەوەی تێدا ماوە دەوڵەتی کوردی ببینین".**

گوتەی "کوردستان پۆڵۆنیای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە" بۆ کورد و رابردووی کوردستان گرنگ و خوێندنەوەیەکی بە سوودە. لەم رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، لە نزیکهەڵاتدا، بۆ کوردەکان و دابەشکاری کوردستان و پارچە پارچەبوونی، هەڵسەنگاندنێکی بەمانایە.

ئەگەر بایدن و دۆناڵد ترامپ لەگەڵ یەکتریدا هەڵبسەنگێنین، دەبێت قبوڵ بکرێت بایدن بۆ داهاتووی کورد بەڵێنی گرنگی داوە، بەڵام ترامپ ٣ جاران بەرامبەر کورد و کوردستان سیاسەتێکی دژە کوردی پەیڕەو کرد. لە ١٦ی ئۆکتۆبەر و هەروەها لە مانگی یەکی ٢٠١٨ کاتێک رێگەی دا لە چوارچێوە ئۆپەراسیۆنی (چڵە زەیتوون) عەفرین داگیر بکرێت. جاری سێیەمیش گڵۆپی سەوزی بۆ تورکیا پێکرد تا (ئۆپەراسیۆنی کانی ئاشتی) جێبەجێ بکات لە مانگی ١٠ی ٢٠١٩.

دۆناڵد ترامپ، لەو سەردەمەی بە کوردی دەگوت هاوپەیمانی بەهێز، کاتێک کورد بە توندترین شێوە رووبەڕووی گروپە تیرۆرستیەکەی داعش دەبوونەوە، بەڵام ئەو هاوپەیمانەی بە تەنیا بەجێ هێشت و سەربازەکانیشی لە سووریا کشاندەوە، بۆیە دەبێت ترەمپ لەو چوارچێوەیەدا بخوێنینەوە.

گوێبیستی گوتەی (کوردستان پۆڵۆنیای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە)، پرسیارێکە گرنگی پێ دراوە و خوێندنەوەی بۆ کراوە و لێکۆڵینەوەی بۆ کراوە، ئینجا بەرهەم هاتووە. رەنگە دۆستایەتی جۆ بایدن و مەسعوود بارزانی ئەم قۆناغە زیاتر بباتە پێشەوە، بەڵام دۆناڵد ترامپ هیچ گرنگییەکی بەو کێشەیە نەداوە.

دۆناڵد ترامپ کاتێک لەبارەی کورد و کوردستانەوە بڕیاری دەدا، زیاتر لەگەڵ کێدا لەوڕووەوە گفتوگۆی دەکرد؟

ئەم وتارە لە ٢٦ - ١١ - ٢٠٢٠ لە ماڵپەڕی (ilkehaber.com)دا بڵاو کراوەتەوە.

(١)bk Eva Curie ،Marie Curie ،Cev.Mebrure Sami Koray ،Remzi Kitabevi ،1946 ،Istanbul

٢٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

## ئیسماعیل بێشکچی: ئەو گۆڕانکارییانەی لە جیهان ڕوو دەدەن، سوودیان بۆ کورد دەبێت




بیرمەند و دۆستی کەیسی کورد لە جیهان ئیسماعیل بێشکچی، باسی چەندین پرسی ڕۆژەڤ دەکات لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا و دەڵێت، ئەو گۆڕانکارییانەی لە جیهان ڕوو دەدەن، زیاتر سوودیان بۆ کورد دەبێت و هاوکات گوتیشی، هەوڵە دیپلۆماسییەکانی سەرۆک مەسعوود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی و مەسروور بارزانی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ناوچەکەدا، بوونەتە جێگای سەرسووڕمانی تەواوی کوردان و، بەردەوامبوونی ئەم هەوڵانەش زۆر گرنگ و جێی بایەخن."



ئیسماعیل بێشکچی  لە هەڤپەیڤینێکدا بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەبارەی بەزاندنی سنووری هەرێمی

کوردستان لەلایەن تورکیا و بوونی پەکەکە لە ناوچە شاخاویەکانی هەرێمی کوردستاندا، گوتی" ناکرێت هەرێمی کوردستان ببێتە مەیدانی شەڕی هێزەکانی تورکیا و پەکەکە و بە هۆی هەبوونی پەکەکەشەوە، تورکیا ئێستا سنووری بەزاندووە، بۆیەش ئەمە هەڵەیە، ناکرێت عێراقیش تەنیا ئیدانەی بکات، دەبێ عێراق سەروەرییەکەی بپارێزێت، چونکە تورکیا دەیەوێ سنوور داگیر بکات و پەپەکەش دەیەوێ تورکیا بخزێنێتە نێو خاکی هەرێمی کوردستانەوە.

بێشکچی پەیوەست بە سنووری ماددەی 140و ئەو ناوچانەی کە پێشمەرگەیان لێ نەماوە گوتی" لەو ناوچانەی کە پێشمەرگەیان لێ نەماوە، ڕۆژانە خەڵک ئەشکەنجە دەدرێ و دەغڵودانی هاووڵاتیان دەسووتێندرێ و هاووڵاتیانی کوردیش لە لایەن داعشەوە دەڕفێنرێن و هێزە عێراقییەکانیش ناتوانن کوردەکان بپارێزن، بۆیە پێویستە پێشمەرگە بگەڕێتەوە ئەو ناوچانە.



ئیسماعیل بێشکچی، پەیوەست بە تێڕوانینی ئێستای جیهان بەرامبەر هەرێمی کوردستان، دەڵێت" وڵاتانی جیهان بایەخ بە هەرێمی کوردستان دەدەن، ئەو گۆڕانکارییانەی لە جیهانیش ڕوو دەدەن، زیاتر سوودیان بۆ کورد دەبێت و هەوڵە دیپلۆماسییەکانی سەرۆک مەسعوود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی و مەسروور بارزانی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ناوچەکەدا، بوونەتە جێگای سەرسووڕمانی تەواوی کوردان و، بەردەوامبوونی ئەم هەوڵانەش زۆر گرنگ و جێی بایەخن.



لە کۆتاییشدا بێشکچی گوتی" بەدەستهێنانی مافەکانی کورد لە ڕێگای دیپلۆماسی و سیاسییەوە زۆر گرنگە، سەرۆک مەسعوود بارزانی لەم ڕووەوە کەسێکی بێوێنەیە و ڕۆڵی لەم پرۆسەیەدا زۆر گرنگە، سەرۆک بارزانی لە تەواوی کوردستان و لای وڵاتانی جیهانیش سەرکردەیەکی گرنگ و جێگای ڕێزە، بۆیە پێویستە کوردی هەر چوار پارچە سوود لە هەڵوێست و بۆچوونەکانی وەربگرن و هەوڵەکانی سەرۆک بارزانی بەرز بنرخێنن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان - ڕێکەوتی: ١٨ی ئاگۆستی ٢٠١٨

---

## دکتۆرای فەخری دەبەخشرێتە ئیسماعیل بێشکچی



وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ڕێزو پێزانین ئاراستەی کۆمەڵناس و نوسەری ناسراوی تورک ئیسماعیل بێشکچی دەکات، کە ماوەی زیاتر لە نیو سەدەیە لەڕێگای نوسین و بەرهەمە زانستیەکانی ژیانی خۆی تەرخانکردوە بۆ داکۆکیکردن لە ڕاستی و پشتیوانیکردنی دۆزی ڕەوای گەلی کورد، هەروەها زانکۆی دهۆکیشی ڕادەسپێرێت ئامادەکاری بکات بۆ پێدانی دکتۆرای فەخری بە (ئیسماعیل بێشکچی.(

د.ئارام محەمەد قادر وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بە ئامادەبونی بریکاری وەزارەت و سەرۆکی زانکۆی دهۆک و ڕاوێژکارو بەڕێوەبەرانی گشتی، پێشوازی لە کۆمەڵناس و نوسەری ناسراوی تورک ئیسماعیل بێشکچی و وەفدی یاوەری کرد.

لە دیدارێکدا وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، خەبات و تێکۆشانی ئیسماعیل بێشکچی لە داکۆکیکردن لە گەلی کوردستان و دۆزی ڕەوای کورد بەرز نرخاند، بۆ ئەمەش ئاماژەی بە هەڵوێست و نوسین و بەرهەمەکانی بێشکچی کرد، کە لە ڕێگەی توێژینەوەکانی بە شێوازێکی زانستی و ئەکادیمی، بەرگری لە مافەکانی گەلی کوردستان کردوە. بۆ ئەمەش وتی:
هەمو وشەیەکی نێو کارو بەرهەمە زانستییەکان و قوربانییە مەزنەکانی بێشکچی بەرز دەنرخێنین، بە چاوی ئەمەک و پێزانینەوە لێیان دەڕوانین، هیوای تەمەنی درێژو تەندروستی باشی بۆ دەخوازین.

هەر لە دیدارەکەداو لە پێناو بەرزنرخاندنی هەوڵ و ماندوبون و شەونخونیەکانی بۆ داکۆکیکردن لە دۆزی ڕەوای گەلی

کوردستان، د.ئارام محمد قادر، سەرۆکی زانکۆی دهۆکی ڕاسپارد ئامادەکاری پێویست ئەنجامبدەن، بۆ پێدانی دکتۆرای فەخری بە کۆمەڵناس و نوسەری ناودار ئیسماعیل بێشکچی.

وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ڕاشیگەیاند: سێنتەری بێشکچی لە زانکۆی دهۆک بۆ لێکۆڵینەوەی مرۆڤایەتی لەڕێگەی توێژینەوەو بابەتە زانستی و ئەکادیمییەکانی کاری بۆ پێشخستنی ئاستی زانکۆو بیروبۆچون و گەیاندنی پەیامە ڕاستەقینەکان کردووە. بۆیە پەرەپێدانی سێنتەری بێشکچی و کارکردن لەسەر هەڵوێستە نیشتیمانیەکانی لەپێناو دۆزی کورد ئەرکی سەرەکیمانە.

لەلایەن خۆشیەوە ئیسماعیل بێشکچی، سوپاسی وەزیری خوێندنی باڵاو پشتیوانیەکان کردو جەختی لە گرنگی کارکردن لەسەر سێکتەری خوێندنی باڵاو بایەخدان بە پرسە زانستییەکان و چارەسەرکردنی پرسی کورد بەشێوازێکی ئاشتییانە و دادپەروەرانە کردەوە.



خاک - وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم

## پەیکەرێک بۆ ئیسماعیل بێشکچی دادەنرێت



بە ئامادەبونی فواد حوسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی وخالید دۆسکی وەزیری رۆشنبیری و لاوان و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێرو پرۆفیسۆر ئیسماعیل بێشکچی و چەندین بەرپرسی حزبی و حکومی مەراسیمی کردنەوەی وەقفی بێشکچی لەشاری هەولێر بەرێوەچوو.

لە مەراسیمەکەدا چەندین وتار پێشکەش کران و ئاماژە بەرۆڵی بەرچاوی پرۆفیسۆر ئیسماعیل بێشکچی کرا لەنوسینی مێژوو بڵاو کردنەوەی چەندین کتێب بەزمانی لاتینی .

هاوکات خالید دۆسکی وەزیری رۆشنبیری و لاوان لەوتارێکیدا وێرای دەست خۆشی لە پرۆفیسۆرو مێژوونوس و بەرز نرخاندنی کارو نوسینەکانی پرۆفیسۆر وەزیری رۆشنبیری رایگەیاند: جێگای رێزە لەشاری هەولێر ئەم وەقفە بکرێتەو، چونکە کردنەوەی ئەم وەقفە رێگامان نیشان دەدات بۆ بەرەنگار بونەوەی بیری توند رەوی، بەتایبەت بۆ ئێستا چونکە پێویستە بەرەی بیر فراوانتر بکەین بۆ ئەوەی هاوشانی پێشمەرگە بە بیر روبەرووی تیرۆر و بیری تونرەوی ببینەوە بۆ لەناو بردنی تیرۆر و تیرۆرستان .

وتیشی: ئێمە وەک وەزارەت پاڵپشتی جدی ئەم وەقفە دەبین بۆ سەرکەوتن و بەردەوام بونی هەرچی پێمان بکرێت درێغی ناکەین ،هەر لە میانی وتارەکەشیدا وەزیری رۆشنبیری و لاوان رایگەیاند ئێمە وەک وەزارەت ئەم پرۆتۆکۆڵە زیندودەکەینەوە و کاری پێدەکەین کە لە ساڵانی رابردوو واژوو کراوە بۆ وەرگێرانی بەرهەمە چاپکراوەکان لە شیوەزاری سۆرانی بۆ کرمانجی و وەبە پێچەوانەشەوە.

**وەزیری رۆشنبیری وتیشی: وەک وەزارەتی رۆشنبیری لە داهاتوودا پەیکەرێک بۆ نوسەر و مێژوو نوس و روناکبیر ئیسماعیل بێشکچی دادەنێن لە کوردستان.**

لە کۆتایی مەراسیمەکەشدا نوسەرو مێژوو نوس ئیسماعیل بێشکچی لەوتارێکدا ئاماژەی بەپێویستی یەکبونی هەرچوار پارچەی کوردستان کردوو رایگەیاند پێویستە کورد لە هەر شوێنێک بێت کار بۆ چەسپاندنی مافەکانی خۆی بکات و وتیشی کردنەوە ئەم وەقفەمان لە شاری هەولێر بە گرنگ زانی چونکە شاری هەولێر پێویستی بە زانست و رۆشنبیری زیاترە بۆیە دەبێت جدیتر کاری بۆ بکرێت،ئەمە وێرای ئاماژە کردن بە رۆشنبیری کورد و کوردستان لە مێژوودا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی PUKmedia - ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥

# کورد لۆجیاو بێشکچی



**بورهان شێخ ڕەئوف**

دوای ئەوەی کتێبی کورد لۆجیام خوێندەوە 421 لاپەڕە چاپی یەکەم 2014 لە نووسین وەرگێڕانی نووسەرجەلال زەنگابادی بە زمانی عەرەبی کە هەوڵێکی باشە بۆ ئاشناکردنی خوێنەرانی عەرەب بە کوردلۆجیا، بە شێوەیەکی گشتی کتێبەکە پێک هاتووە لەسەرەتایەک لە کوردلۆجیاو چۆنیەتی سەرهەڵدانو گەشەکردن و ڕۆڵ و ئاسۆکانی بەردەمی و کورتەیەک لە کوردلۆجی ئەڵمانی و ڕوسی و سۆڤیەتی و ئیتالی و پۆلەندی و تورکی و کازاخستانی و لە گەڵ چەند نمونەیەک لەکاری کوردلۆجیەکان و هەروەها چەند چاوپێکەوتن و ووتووێژێک لە گەڵ کوردلۆجیەکاندا و ئەلبومێکی وێنەو نەخشە و بەرگی کتێبەکان و وێنەی گشتی.

بەڵام لە گەڵ ڕێزو خۆشەویستیم بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی کەناویان لەو ئینسکلۆپیدیاکورتە ی کوردلۆجیادا هاتووە کەهەموویان خزمەتی گەورەیان بە مێژوو کەلتوری کورد کردووە لە ووتارێکی واکورتدا باس ناکرێت، بەڵام ئەوەی سەرنجی زیاتر ڕاکێشام و گەورەترین خزمەتی بە کوردو کێشە ڕەواکەی کردووە هەوڵ و کۆشش و گیانفیدایيە سەرسەخت و کۆڵنەدەریەکانی گەورە بیرمەندو زانای کۆمەڵناسی تورک دکتۆر ئیسماعیل بێشکچی یە، هەر لەوکاتەی کە بۆ یەکەم جار کوردی دی و کوردی ناسی لەساڵی 1962 - 1964 لەکاتی بە جێهێنانی خزمەتی سەربازی لە هەردوو ولایەتی بەدلیس و هەکاری لە باکوری کوردستان کە لەڕاگەیاندنەکانی دەوڵەتی تورکیادا بە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەنازۆڵ ناودەبرێت کاتێک

گەیشتە ئەوێندەری واتە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەنازۆڵ بینی گەلێک هەیە زمان و مێژوو داب و نەریتیان جودایە لە تورک هەتا ئەو ناوەشی کە پی ی دەڵێن تورکی کێوی ناوی خۆیان نیە ئەوان کوردن،

بەڵی ناسینی کورد لەلایەن بێشکچییەوە وەکو دۆزینەوەی جیهانێکی وون بوو کە هەموو حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی تورکیا هەر لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیەوە و دواتریش بە تایبەتی لە سەردەمی کۆماری دا هەموو هەوڵ و تواناکانیان خستبووە کار بۆ توانەوەی کوردو نەهێشتنی هیچ سیمایەکی نەتەوایەتیان و لەناوبردنی هەرشتێک کە پەیوەندی بە مێژوو کەلتورو زمانی کوردیەوە هەبێت، بەڵی بێشکچی لە ئاوا ژینگەو کەشێکدا وەدەرکەوت کە بیرو بۆچوونی شۆڤینی فاشیستی باڵی بەسەر تەواوی دامودەزگاکانی دەوڵەتدا کێشابوو، ئەمیش بەتەنیا بە گژ ئایدیولوجیای فەرمی دەوڵەتدا چووەو و ژیانی خۆی تەرخانکرد بۆ ئابڕوبردن و ڕیسواکردنی هەموو ئەو کردەوە ناهەقیانەی دژ بە کوردو هەموو کەمە نەتەوە و ئاینەکانی تر لە تورکیادا دەکرا.

بەڵی لە بارودۆخێکدا کە ووشەی کوردو کوردستان قەدەغەبوو چ بە نووسین وچ بە ووتن لەوەتەی کۆماری تورکیای شۆڤێنی دامەزرابوو سەرپێچیکار (**هەڵبەتە لە دیدی حکومەتی تورکیاوە**) تووشی لێپێچینەوەی یاسایی و غەرامەو زیندانی دەبوو، بێشکچی لە ئاوا دۆخێکدا وەکو ڕۆشنبیرێکی بە هەڵوێست و پەروەردەکراو وەکو لێکۆڵیارێکی پاک و بێگەرد بەتەنها بەرەنگاری بیری شۆڤێنی تورکی بووەوە و لایەنگری لە بوونی گەلی کوردو هەسەلە ڕەواکەی دەکرد بە ئیرادەو عەزمێکی پۆڵاییینەوە کە کاربەدەستانی تورک نەیان توانی پەشیمانی بکەنەوە سەرەڕای ڕاوەدوونان ولێپێچینەوەو برسی کردن و دەربەدەری وزیندانیکردنی دەجار زیاتر بە شێوەیەک کە 17 ساڵی تەمەنی لە زینداندا بردەسەر تا بووە یەکێک لە سمبوولە هەردیارەکانی زیندان و ڕای ئازاد لە تورکیاو جیهانیشدا. بەڵی بێشکچی سەلماندی لە چەند دەیەی ڕابردوودا چ دڵسۆزێکی زانست وڕاستیە وئامادەیی بێسنوورو لە ڕادەبەدەری هەیە بۆ ئەوەی قوربانی بدات لە پێناویدا هەر ئەو بوو ووتی ((**چ شتێک جوانترە لەوەی لە پێناوی زانست و ڕاستیدا تێبکۆشیت و قوربانی بدەیت لە پێناوی سەروەریاندا**)) تاوەکو جارێکیان لە وەڵامی ڕۆژنامە نووسێکدا ووتی ((**تورکیا زیندانێکی گەورەیە:جیاوازی چیە لەیەکی لە ژووری زیندانەکاندا بیت یان لە دەرەوەی**)) هەتاوەکو کاربەدەستانی تورک ناچاربوون مل کەچی ئیرادەو عەزمی پۆلایینی بێشکچی ببن و ئازادی بکەن کەهاتە دەرەوە لە وەڵامی ڕۆژنامە نووساندا ووتی بەرنامەو پرۆگرامم هەرئەوەیە بەرگری و داکۆکی و نووسین لەسەر کوردو کێشە ڕەواکەی دەکەم، پارێزەرەکەی ویستی قایلی بکات کە ئەو لێدوانە نەدات لەبەردەم دادگادا کە هەر ئەو کاتە دەرچووبوو لە زیندان پی ی ووت ئەزیزم هیچ هەڵەیەکم کردووە؟؟ ووتی من تابمێنم داکۆکی لە ڕاستی دەکەم و هیچ شتێک لەوە جوانتر نیە و کاردەکەم لە پێناو بەدی هاتنیا.

خاڵێکی تری لێکچوون لە نێوان ماندێلا و بێشکچی دا هەیە ئەگەر نیلسۆن ماندێلا خەڵاتی ئەتاتورکی ڕەتکردەوە

لەبەرئەوەی لە تورکیادا مافەکانی گەلی کورد زەوتکراوە، ئەوا بێشکچیش خەڵاتی دامەزراووەی وەقفی ڕادەربڕینی ئازادی ئەمریکی رەتکردەوە کە بەهاکەی 10 هەزار دۆلاری ئەمریکی بوو لە کاتێکدا لە زیندانی بەیرەم پاشای ئەستەمبوڵ بوو بۆ جاری دووەم خەڵاتەکەیان بۆ ناردەوە قایل نەبوو وەری بگرێت بە نامەیەکی درێژ وەڵامی دانەوە کە هەوڵدەدەم چەند پەرەگرافێکی پوخت و جوان وپرواتای لێرادە بنوسم کەنامەکەی بۆ بەڕێز گارا لاماراش نوسیوە وادیارە سەرۆکی وەقفەکەیە دەڵێت: کێشەی کورد مەسەلی ئازادی نوسەرێک یان کتێبێک نیە مەسەلەی نەتەوەیەکە کە ژمارەیان زیاتر لە 30 ملیۆن کەسە لە رۆژهەلاتی ناوەڕستدا مەسەلەی گەلێکی گەورەیە، مەسەلەی گەلێکە کە بەشبەش کراوەو هەموومافە دیموکراتیەکانی لێزەوتکراوە بۆیە بەم حاڵەوە کێشەی کورد کێشەی هەموو مرۆڤایەتیە بەتەنها کێشەی کورد نیە، کورد ئێستە بە چەکی قەدەغەکراوی کیمیاوی قڕ دەکرێن، کوردناچاردەکرێن بە زۆر پیسایی (گوو) بخۆن، مرۆڤ لە هیچ کوی ی ئەم جیهانەدا بەم شێوە دڕندانەو وەحشیانە ڕەفتاری لە گەڵدا نەکراوە نە لە تورکیا نەلە ترکستان نە عەرەبستان ونە لە ئەفریقیای باشور ونەلە تشیلی بۆیە پێویستە مرۆڤ رووبەرووی ئاوا ستەمێک ببێتەوە، کورد هەمیشە بەر شاڵاوو سزای وادەکەون کە شەرمەزارییە بۆ مرۆڤایەتی، بۆیە ئەگەر ئەمریکا پشتیوانی ئەو حکومەتو ڕژێمانە دەکات کە ڕەفتاری وا لە گەڵ خەڵکیدا دەکەن پێویستە گەلی ئەمریکا هەست بە شەرمەزاری بکات.

من ویستم بەکورتی بوارەکانی هاوکاری نێوان هەردوو حکومەتی تورکیاو ئەمریکا ت بۆ باس بکەم لە پێناو هێشتنەوەی دۆخی ئێستای کوردستان وەکو خۆی، هەرچەندە من باش دەزانم ئێوە حکومەتی ئەمریکا نین بەڵکو ئێوە ڕێکخراوێکی مرۆڤدۆستی کاران لەهەمان کاتیشدا چاودێری پێشێلکاریەکانی مافی میلەتان دەکەن لە هەموو جیهاندا، هەروەها ڕادەی یارمەتیەکانتان دەزانم بۆ ئەو نووسەرانەی کە لەژێر هەڕەشەی تیرۆرو تۆقاندندان بە هۆی بیروڕاکانیانەوە بەهەر هۆیەکەوە هەبێت، هەروەها دەزانم دامەزراوەکەتان چەند ڕاسگۆو کاریگەرە لەو بوارانەدا بۆیە دەخوازم ببینم ئەو کاریگەری و ڕاستگۆییە بەکاربهێنن بۆ ڕەخنە گرتن لە سیاسەتی ئەمریکا ی یارمەتیدەر ی کۆلۆنیالیستی و کۆنەپەرستی و ڕەگەزپەرستی.

### بەڕێز گارا لاماراش

لەبەر هەموو ئەو هۆیانەی کەلەسەرەوە بەکورتی باسمکردن زۆر هەست بە سەربەرزی وشانازی دەکەم بەو پشتیوانی و هەست و سۆزەتان بەرامبەرم، بەڵام بەهۆی پشتگیری حکومەتەکەتان لە حکومەتی کۆلۆنیالیست و ڕەگەزپەرستی تورکیا کە زوڵم وزۆر لە کورد دەکات ناتوانم خەڵاتە ماڵیە کەتان وەربگرم.

وە دەتوانن ئەم نامەیەو ئەو نامەیەش کە بۆ منتان ناردووە بڵاوبکەنەوە و بەردەوام بین لە ووتوێژو چاوپێکەوتنەکانماندا.

ڕێزو سەڵاوم دەنێرم بۆ ئێوەو برادەرانتان لە The fund for free Expression وە هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

**ئیسماعیل بێشکچی - ٢١ - ٥ - ١٩٩١**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی وتاری کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٤**



سەرچاوە Serchawe

# کوردەکان و مافی گەلان بۆ بڕیاردانی ئایندەی خۆیان



نووسینی ئیسماعیل بێشکچی*



گۆڕینی لە ئینگلیزییەوە: سابیر کەریم (ئوستралیا)

## بەشی یەکەم

کێشەی کورد یان کوردستان گرنگترین کێشەیە کە تورکیا ئەمڕۆ ڕووبەڕووی دەبێتەوە. ئەوەی ڕووخساری دەرەوەو ناوەوەی تورکیا و سیاسەتەکانی دیاریدەکات کێشەی کوردە. سەرۆک عەبدوڵڵا گویل لە هاوینی 2009 دا جەختی لەسەر ئەوە کرد کە کێشەی کورد کێشەیەکی گەورەی تورکیایە و پێش ئەوەی بە وردی سەرنج رابکێشێت بۆ سەر مەسەلەکانی دی. ئاشکرایە کە ئەمڕۆ ئاک پارتی فەرمانڕەوا زۆر لە نزیکەوە دەڕوانێتە کیشەی کورد و بایەخدانی زیاتری لە حکومەتەکانی پێشوو.

هەولدانەکەی بۆ بەرەو پێشبردنی سیاسەتێکی نوێ لە ژێر ناوی کرانەوە یان کرانەوەی دیموکراتی بەڕووی کوردا. گرنگە سەرنجدانی مێژوو ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین کێشەی کورد یان کوردستان. هەوڵەکانی کورد بۆ بڕیاردانی ئایندەی خۆیان بە بەکار هێنانی هێزە سەرکووتکراوان. دەوڵەتە سەرکەوتووەکان دوای شەڕی یەکەمی جیهان ئینگلتەرا، فەڕەنسا و ئیتالیا هەوڵی جددییانەیان دا بۆ دابەشکردنی کۆلۆنییەکانی دەوڵەتانی دۆڕاو، ئەڵمانیا و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. ئەمە یەکێکە لە بابەتە گرنگەکان کە لە کۆنگرەی ئاشتی پاریس لە کانوونی یەکەمی 1919 دا کە دەستی پێکرد و خرایە پێش چاو وە دروستکردنی کۆمەلەی نەتەوەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ بڕیارەکانییدا. دامەزراندنی ئینتیداب لە سەر ئەو ناوچانەی کە ئیمپراتۆریەکانی عوسمانی و ئەڵمانی دەستیان لێبەردابوو چارەسەرییەکی گرنگی کۆمەڵەی نەتەوەکان بوو. هەرچەندە ئینتیداب نموونەیەکی تایبەتی بەڕێوەبردن بوو، وەکو شێوەیەک لە داگیرکردن و کۆلۆنیالیزم، سەیردەکرا. ئینتیدابەکانی جۆری A لە سەر ئەو ناوچانە دامەزران کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لێیان کشایەوە. ئینتیدابەکانی جۆری B دامەزران بە مەبەستی دابەشکردنی کۆلۆنییەکانی پێشووی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا لە خوارەوەی ڕۆژئاوای ئەفریقیا. ئینتیدابەکانی جۆری C بە دابەشبوونی کۆلۆنییەکانی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا لە خوارەوەی ڕۆژئاوای ئاسیادا پەیدابوون. لە چوارچێوەی ئینتیدابەکانی جۆری A ئینتیدابی دەوڵەتانی عێراق، ئوردن و فەلەستین لە ژێرکۆنترۆڵی بەریتانیای مەزندا دروست بوون. ئینتیدابی دەوڵەتانی سوریاو لبنان لە ژێر کۆنترۆلی فەرەنسادا پێکهات . بەم جۆرە ئەو ناوچانەی کەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لێیان کشاوە لەلایان سەرکەو تووەکانەوە بەریتانیای مەزن و فەڕەنسا دابەشکران. لەم پرۆسەیەدا کێشەی سەرەکی کە ئێمە نیگەران دەکات ئەوەیە: لە بەرچی داخوازیەکانی کورد بۆ دەوڵەت قەبوولْ نەکرا لەو کاتەی هەوڵە گرنگەکان لە ژێر چاودێری کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی و دامەزراندنی پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکاندا دەدران ؟ لەو سەردەمەدا لە باشووری کوردستان شێخ مەحموود بۆ دامەزراندنی میرنشینێک لە کوردستاندا دەجەنگا. داوای لە بەریتانیای مەزن دەکرد کە دانیبپێدابنێن وەک شای کوردستان. بە دوور لە ڕەزامەندی لە سەر میرنشینێکی سەربەخۆ لە کوردستان، دەوڵەتە داگیرکەرەکانی ئەو ڕۆژە، بەریتانیای مەزن و فەڕەنسا تەنانەت قبووڵی کۆلۆنییەک (دەوڵەتی ئینتیداب) نەبوون لە کورستاندا. بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ژێر ئینتیداب لە کوردستاندا لە ژێر کۆنترۆلی بەریتانیای مەزن و فەڕەنسا بایەخێکی جددی پێنەدرا. لە جیاتی ئەوە کوردەکان و کوردستان دابەشکران، پارچەکران و پەرتکران. گومانی تێدانییە کە ئەوە بە بەکار هێنانی هێز ئەنجامدرا وە دژ بە خواست و ئیرادەی کوردەکان بوو. لە بەر ئەوە کوردەکان دژی بەریتانیای مەزن لە پێناوی دامەزراندنی میرنشینێک لە کوردستاندا شەڕیان دەکرد. شەڕی نێوان کوردەکان و بەریتانیای مەزن بەرەوپێش دەچوو و داخوازییەکانی کوردی ڕەتدەکردەوە. گەورەترین پرۆسە کە کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا لە 1920 ە کاندا دەستیپێکرد دابەشکردن و پارچەکردن و پەرتکردنی کورداکان و کوردستان بوو. دابەشبوونی کوردەکان و کوردستان لە ناوەڕاستی ڕۆژهەلاتی ناویندا گەورەترین و زۆرترین میراتی بە جێماوو فرەوانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانە. دەستەلاتە داگیرکەرەکان بە یارمەتی و هاوکاری خەڵکی ناوچەکە، تورکەکان، فارسەکان و عەرەبەکان ئەم کارەیان ئەنجام دا. ئەم دابەشبوونە، پارچەبوونە و پەرتبوونە کاریگەری ڕاستەقینەی دژواری لە کوردەکان کرد. ئەم

ڕووداوە هاوشێوەیە لە ووردو خاشکرنی پەیکەری هێسکی مرۆڤێک یان پلیشانەوەی مێشکی یەکێک. پاشان، ئەمانە دەبی ببنە پرسیارە سەرەکییەکان. هۆکارەکان چنە لە پشت ئەم سیاسەتە کە یاسایانە بۆ کورد بەکارهات؟ قۆناخەکان چ بوون کە وایان کرد ئەم سیاسەتە پێیاندا تێپەڕێت؟ ئەم سیاسەتە چۆن کارپێکراو بە پرۆسەکراو بوو؟ لەم تۆڕەی پەیوەندیەکاندا، بە درێژایی ئەم پرۆسانە لاینگرە گاریگەریەکان کێ بوون؟ گەڕان بە دوای وەڵامەکانی ئەم پرسیارانە پێویستە لەگەل تێگەیشتنی راستیە بابەتییەکان، سیاسیەکان و دیپلۆماسیدا. لە ئەنجامی کارەساتی شەڕی یەکەمی جیهاندا، هەروەها عەرەبەکانیش دابەشبوون، بەڵام ئەوان بە نارێکی تێکەڵی سەربەخۆیی نەتەوەیی یا دەوڵەتانی ژێر ئینتیداب بوون. لەلایەکی دی کوردەکانیش دابەشکران، کەرتوپارچە کران و بەش بەشی دەوڵەتانی بە ئینتیداب کراوی عێراق، سوریا بوون کە لە بن دەستی بەریتانیای مەزن و فەرەنسادا بوون ، بە دوای یەکدا، کۆماری تورکیا وەک بەردەوام بوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئیمپراتۆریەتی شای ئێران. لە 1920 کاندا، کوردەکان یەکێک بوون لە لایەنگرە کاریگەرەکەی مەسەلەکەدا، بەریتانیی مەزن کە عێراقی کۆنتڕۆڵ کردبوو، فەرەنسا کۆنترۆڵی سوریای کردبوو، کۆماری تورکیا و شای ئێران بەرهەڵستی و دژایەتیان دەکردن. ئەم چوار دەسەڵاتە، دەوڵەتە ستەمکارەکانی بەریتانیای مەزن و فەڕەنسا و دوو دەوڵەتە زلەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوین تورکیا و ئێران، سەرەڕای دووبەرەکیەکانیان، دژی کوردەکان یەکیان دەگرت و بە تەبایی کاریان دەکرد.

لەم پەیوەندیانەدا، پێویست دەکات بەباشی سەیری هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەت بکرێ. لە 1920 ەکاندا لە سەردەمی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا یەکێتی سۆڤیەت گرنگترین دەولەت بوو کە دەنگی بەرز دەکردەوە و دەدوا دەربارەی مافی گەلان لەبڕیاردانی دوا ڕۆژی خۆیاندا. لەگەل ئەوەشدا لە بەرامبەر ئەو دابەشبوونە، پارچەبوون و بەشکردنی کوردستان کە دژ بە خواست و ئارەزووی کوردەکان بوو بێدەنگ بوو. مۆسکۆ، وەک لەندەن و پاریس لە پەیرەوکردنی سیاسەتی دژ بە کوردەکاندا دەرکەوت. سەرەڕای ئەوە گرنگە جەخت لە سەر ئەم خاڵە بکرێت، هەروەها پێویستە توێژینەوە لەسەر ئەوە بکرێ کە لە بەر چی یەکێتی سۆڤیەت بە تەوافق کاری نەکرد لەگەڵ پرنسیپە جیهانیەکاندا. ئەو پرسیارە لە هەر کاتێک بی، لەبەر چی کوردستان وەک عێراق، ئوردن، فەلەستین، سوریا و لبنان دروست نەبوو؟ سەرسووڕهێنەرە، کە دەگوترێ "کوردەکان عورف و عادەتی دەرەبەگایەتیان هەبووە وەک هۆزەکان و شێخەکان لەگەڵ موریدەکانیان". چۆن کەسێک دەتوانی حکومەتێک دروست بکات بەم جۆرە عورف وعادەتانە؟ لە لایەکی دی، ئەم وەڵامە بێ ما نایەو جێ ی ڕەزامەندی نییە با بیر لە 1920 ە کاندا بکەینەوە، هۆزەکانی قۆناغی دەرەبەگایەتی، شێخەکان و مووریدەکانیان و میرەکان تا ئەوڕۆ لە نێو عەرەبەکاندا بوونیان هەیە. لە کەنداوی فارسەوە بۆ مەڕاکش 22 دەوڵەتی عەرەبی سەربەخۆ هەیە. کۆمکاری عەرەبی 22 دەوڵەتی ئەندامی هەیە. لە کاتی جاڕدانی دەوڵەتی فەڵەستین ئەوە بۆ 23 بەرز دەبێتەوە. بۆ چوونەکانی ئەو ڕۆژەی هێزە داگیرکەرەکانی دژ بە کورد، بەریتانیای مەزن و فەرەنسا، داواکاریەکانی تورکەکان و عەرەبەکان و فارسەکان سەلماندیان کاریگەری لەسەر پارچەکردنی کوردستان. سروشتی بۆچوونەکانی دژ بە کورد و داخوازییەکانی تورکەکان، عەرەبەکان و فارسەکان ئەو بابەتەن کە پێویستە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ.



سەرچاوە
Serchawe

هەروەها وودروو ویڵسن سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان دەربارەی مافی گەلان لە بڕیاردانی دوارۆژی خۆیاندا دواوەو لە 14 خاڵدا لە لایان ئەو پێشکەش کراوە، 12 یان دەربارەی مافی سەبەخۆیی ئەو خەڵکانە بوو کە لەسەر خاکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پێشوو دەژیان. سەرەڕای ئەو پرینسیپانە، لە 1920 ەکاندا کوردستان و کورد دابەشکران، پارچەکران و پەرتوبڵاوکران. زۆر گرنگە تەئکیدکردن کە کوردەکان و کوردستان ستاتۆی سیاسیان نییە. هەر کۆڵۆنییەک ئیعتراف بە ستاتۆیی کراوە. دارشتنەکانی وەک هیندستان کۆڵۆنی بەریتانیای مەزن، جەزایر کۆڵۆنی فەرەنسا، مۆزامبیق کۆڵۆنیای پورتوگال بەکار هاتوون بۆ دیاریکردنی ناسنامەی ئەو وڵاتانە. کۆڵۆنیەکە ناسنامەی، سنووڕێکی دیاریکراوی هەیە. لە ڕاستیدا، کۆڵۆنیەکە حکومەتێکیشی هەیە. دەسەڵاتی ئیمپیریالی داگیرکەر ئیعتراف بە سنوورەکانی کۆڵۆنییەکەی دەکات. هەروەها ستاتۆکەشی ئیعترافی نێودەولەتی پێکراوە. بۆ نموونە، لە دوای کارەساتەکانی جەنگی دووەمی جیهان، لە 1960 ە کاندا، کۆڵۆنییەکانی ئەفریقیا سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت بە گوێرەی دیاریکردنی سنوورەکان لە 1885 دا. ئەو گەلانەی لەو کۆڵۆنیانە دەژیان ئینگلیز، فەرەنسی یان پورتوگاڵی نەبوون و لەلایەن داگیرکەرەکان و حکومەتە ناوخۆیی یەکان قبوڵ کران. لەگەڵ ئەوەشدا، لە کوردستان هیچ لەو ڕووخسار و شێوانە بوونیان نییە. لێرەدا سنوورەکان، ناسنامەی کورد و ناوی کوردستان ئیعترافیان پێنەکراوە. تەنانەت کوردستان کۆڵۆنیش نییە. ئەوە بەتەواوی ڕوون و ئاشکرایە. بەڕاستی شتێکی وەک ئەوە لە هەموو جیهاندا بوونی نییە.

-----------

* نووسەر و لێکۆلەرەوەیەکی تورکە و بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستە سیاسیەکاندا هەیە، خاوەنی (٣١) بەرهەم و لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیە، ژمارەیەکیان دەربارەی کێشە ڕەواکەی گەلی کوردە کە مەبەست و سیاسەتی تورکە ڕەگەز پەرستەکان دەردەخات لە هەوڵدانیان بۆ تاواندنەوەیان. وە لە ساڵی 1971 وە کە ناو بە ناو زیندانیکراوە بە هۆی هەڵوێستە مرۆڤایەتییەکانییەوە، وە بیروباوەڕەکانییەوە بەرامبەر بە کورد، پازدە ساڵ و نیو لە زیندان ژیانی بەسەر بردییە. زۆر پاداشت و خەڵاتی کە لەلایان دەوڵەتان و ڕێکخراوەکانەوە پیشکەشی کراون ڕەتیکردنەوە بە هۆی هەڵوێستی ئەو لایەنانە لە کیشەی کورد. تەنیا ئەو خەڵاتەی کە پێشکەشی کرا لەلایەن حکومەتی نەرویژەوە مامەڵەی چەک لەگەڵ تورکیا ناکات.

٨ ی نۆڤەمبەری ٢٠١٠

## کوردەکان و مافی گەلان لە بڕیاردانی ئایندەی خۆیان

**(بەشی دووەم)**

لە دوای هەرەسهێنانی ئیمپرتۆریەتی عوسمانی ، تەنیا گەل کە مافی بڕیاردانی دوا ڕۆژی خۆی دەستگیر نەبوو کوردەکان بوون. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا ئەو گەلانەی لە ناو ئەو ئیمپراتۆریەتەدا کە دەژیان لە پێناو مافی بڕیاردانی داهاتووی خۆیاندا دەستیان بە تێکۆشان و خەباتکرد. لە جارێکی یەکەمی سەدەی نۆزدەمدا، گریکەکان ،پاشان ڕۆمانییەکان، کرواتییەکان، سربەکان و بولگارییەکان لە ئیمپراتۆریەتەکەدا جودابوونەوەو دەوڵەتە سەربەخۆکانی خۆیان دامەزراند. کاتێ شەڕی یەکەمی جیهانی دەستپێیکرد، عەرەبەکان و ئەلبانییەکان کەوتنە ناو خەبات و تێکۆشانەوە لە پێناوی سەربەخۆییاندا. تەنیا گەل کە لەسەر نیشتمانی باپیرانی دەژیا و نەیتوانی بڕیاری ئایندەی خۆیبدات کوردەکان بوون. زانراوە کە لەساڵی 1915 و پێشتریش، بۆ نموونە ئەرمەنییەکانی ڕۆژئاوای ئەرمینیا لە 1894 - 1895 وە لە 1909دا تووشی جینۆساید هاتن .هەروەها دەکرێ بگوترێ کاتێک ئەرمینیای ڕۆژهەڵات بوو بە بۆلشێڤیک (شیوعی) لە ساڵی 1920دا، ئەرمینیەکان هەلێکیان بۆ ڕەخسا بڕیاری دوارۆژی خۆیان بدەن. ئەوە ڕاستییەکە بە بۆلشێڤیک بوونی ئەرمینیا ڕێگای لە عوسمانییەکان گرت کە بیڕوخێنن. کوردستان:

کۆڵۆنییەکی لاوەکییە ئەورۆ پرسی کورد لە تورکیا گفتوگۆی لەسەر دەکرێ بەناوی دیتنەوەی (چارەسەرێک). لەگەڵ ئەوەی کە پێویستە بۆ چارەسەرێک و تێگەیشتنی ڕاستییە بابەتییەکان، سیاسییەکان و دیپلۆماسیدا توێژینەوەی سەربەخۆ بکرێ. سیاسەتەکانی دابەشکردن، پارچەکردن و پەرتکردن چۆن ڕوویاندا، ئەو ڕێگایەی بەکارهاتبوو، ئەو پارتییانە کێبوون کە ئەو سیاسەتەیان پەرەپێداو جێبەجێیان کردو ئەنجامەکانی ئەو جێبەجێکردنە دەبی بدرێتە بەر ڕەخنە و بە دەلیلی شیاو و گونجاو شانبەشان لەگەڵ بەڵگەی دەوڵەمەند بۆ پاڵپشتیکردن. لەم پرۆسەیەدا خاڵە لاوازەکانی کورد دەخرێتە پێش چاو هەروەها لەو لێکۆڵینەوەدا دەبی ببیتە بابەتێکی ڕاستەقینەی گرنگ. ئەگەر تۆ بوویتە ئامانج لە سیاسەتی "دابەشکردن، دەستبەسەرکردن و لەناوبردن" لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، ئەو کات ئاماژە ئاماژە بە خاڵە لاوازە مەترسیدارەکانی تۆ دەکات. مانای وایە کە دەستەڵاتە دوژمنکارەکانی دژی تۆ سوودمەند بوون لە ڕوودان و جێبەجێکردنی ئەو جۆرە سیاسەتە دا. پاش ئەوە دەبی خاڵە لاوازەکانی کورد بە ناوی زانستی مرۆڤ ناسیدا شرۆڤە بکرێ. دابەشکردن، پارچەکردن و پەرتکردنی کورد و کوردستان لە سەدەی بیستەمدا ئەوەی خوارەوەمان نیشاندەدا. کەینێ وڵاتێک یا کۆمەڵگەیەک لە هەندێ قۆناغی مێژووەکەیدا دەبیتە ئامانجی سیاسەتی دابەشکردن، پارچەکردن و پەرتکردن پاشان زۆر درێژە ناکێشی دەتوانی هەستیتەوە و یەکێتی بێنیتە دی. دابەشبوونەکە بەردەوام دەبی لەگەڵ بەرزبوونەوەی هەڵدێرەکە، توونتیژی و

باڵادەستیدا. پرۆسەکە بەردەوام دەبی لە دابەشکردنی هۆزەکان و خێزانەکاندا. تەنانەت براکانی ناو هەمان خێزان لەوانەیە لەدواییدا بەشداری گرووپە ڕکابەرەکان بکەن. هەروەها ئەرمەنیەکانیش گیروگرفتێکی لەو بابەتەیان هەیە، بەڵام لەلایەن کوردەکانەوە زۆر بە چڕتر تاقیکرایتەوە. ئەرمەنییەکان کە لە سەدەی 17 ە دا لە نێوان ئیمپڕاتۆریەتەکانی عوسمانی و فارسی دابەشکران، پاشان کەوتنە ناو مە وداکانی کارتێکردنی ئیمپڕاتۆریەتەکانی عوسمانی و ڕووسی، لە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی ناوەندیدا سەرنەکەوتن. ڕووسیای قەیسەری و حکومەتی عوسمانی هەموو هەوڵێکیاندا بەمەبەستی بەکارهێنانی ئەرمەنییەکان دژ بە یەکدی. یەکەم دابەشکردنی کاریگەری کوردستان لە نێوان هەردوو ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی و ئێرانیدا لە دەوروبەری 1514دا ڕوویدا. لە کۆتایی شەڕی نێوان سوڵتانی عوسمانی سەلیم ناسراو بە دڕندە و شا ئیسماعیلی ئێرانیدا، کوردەکان و کوردستان دابەشکران. ڕاستییەکە ئەوەیە کە هەردوولایان زۆر لە کوردەکانیان بۆ ناو گۆڕەپانی شەڕەکە هاندەدا کە مەودایەکی ڕاستەقینەی گرنگی ترە لە شەڕەکەدا .ئەم دابەشکردنە و هاوبەشبوونە بە دۆکۆمێنتکرا لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمدا بە تەوافق لەگەڵ پەیمانی قەسری شیرین لە 1639دا.

لە چارێکی یەکەمی سەدەی نۆزدەمدا، لە ئەنجامی شەڕی ڕووسی ئێرانی 1828 - 1829 دا، ئەو بەشەی کوردستان کە لە ژێر کۆنترۆڵی ئێرانیدا بوو کرا بە دوو بەشەوە . پارچەکەی باکووری هەرێمەکە کەوتە ژێر کۆنترۆڵی ئیمپڕاتۆریەتی ڕووسیاوە. لە سەدەی یازدەم و بەرەو پێشەوە، تەنانەت زووتریش ، کوردەکان و کوردستان لە قەفقاسیەوە بوونیان هەبووە. بۆ نموونە، حکومەتەکانی شەددادی و ڕەوادی ناو بەناو دەوڵەتە سەربەخۆکانیان پێکهیناوە. لە چارێکی دووەمی سەدەی نۆزدەمدا ئەو ناوچانە کەوتنە ناو ڕووسیای قیسەری لەلایەکی دی ئەو پرۆسەیەی کە بارووDۆخی ئەورۆی دروستکرد لەگەڵ ڕووخانی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهاندا پەیدا بوو. پەیمانی سایکس پیکۆ کە لە 16ی ئایاری 1916 دا لەلایەن بەریتانیای مەزن و فەڕەنسا واژۆکرا و ئیتاڵیاش لەخۆ دەگرێ لە ڕێگای پەیمانی سانت جین دو مورییَن لە 21ی نیسانی 1917 دا کاریگەری دابەشکردن، پارچەکردن و پەرتکردن نیشاندەدات. پەیمانی سیڤر کە پەیمانێکی بەرفرەوانە لە 10 ی ئۆگۆستی 1920 دا واژۆی لەسەر کرا. بەڵام، تەواو نەکرا و هەرگیز نەکەوتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئاماژە بەوە دەکات کە کوردەکان و کوردستان ڕووخساری پەیمانی سیڤرە کە شایەنی سەرنجدانە.

دواپین پەیمان لۆزان بوو کە لە 24 ی تەمموزی 1923 دا مۆرکرا. ئەوە ئەو پەیمانەیە کە دابەوشکردن، پارچەکردن و پەرتکردنی کوردەکان و کوردستانی بە فەرمی ناساند و بە بەڵگەیکرد.

ئەورۆ ژمارەی کوردان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا خۆی لە سەرەوەی 40 ملیۆن دەدات وە ئەوە ڕاستییەکە کە ئەوان بە بەردەوامی بە لایەنی کەم لە 4000 ساڵ پێش زاییندا لە نیشتمانی خۆیاندا ژیاون. هەروەها ئەوە ڕاستییەکە تورکەکان لە (ناوەڕاستی ئاسیاوە) لە سەدەی دەیەم و یازدەمی زاییندا هاتنە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. سەرەڕای ژمارەی زۆریان و



سەرچاوە Serchawe

نیشتمانێکی فرەوان، کوردەکان لەسەر شانۆی نێودەوڵەتیدا ستاتۆیەکی کەم بایەخیشیان نییە. کاتێ من ئەوە دەڵێم، من پێموایە کە ستاتۆیەکەی هەرێمی باشووری کوردستان لە عێراقدا هاتیتە ژیان و هێز و توانا دەستەبەر دەکات دەبی تێگەیشتن لێی جودا بی.

کوردەکان سەرەڕای ئەو ژمارە زۆرەیان لە نەتەوە یکگرتووەکاندا، لە ئەنجومەنی ئەوڕوپا، لە یەکێتی ئەوڕوپا یان لە کۆنگرەی دەوڵەتانی ئیسلامیدا ستاتۆیەکی بێبایەخیشیان نییە. باسکردنی کوردان تەنیا بەستنەوەیانە بە وشەی )تیرۆریزم) لەو گووتانەی وەک ئێمە تیرۆر لە ڕەگوڕیشەوەوە دەردێنین ، ئێمە تیرۆر ناهێڵین، هەر کاتێ ئاماژە بە وشەی تیرۆر بکرێ پەیوەستە بە کوردان.

بۆ نموونە، چەکدارێکی سووننە بە پشدێنێکی بۆمبڕێژکراو دەچیتە ناو مزگەفتێکی شیعە و خۆی لە ناو خەڵکەکە دەتەقێنیتەوە و 60 تا 70 کەس دەکوژێت و 150 تا 160ی دیکەش بریندار دەکات. پاش چەند ڕۆژێکی کەم چەکدارێکی شیعە هەمان تاوان دووبارە دەکاتەوە لە مزگەفتێکی سوونەدا. میدیای نێودەوڵەتی، میدیای تورکی بە چەشنی بەرهەڵستکاران ئاماژەیان پێدەکەن. هەروەها لە پاکستاندا ڕووداوەکانی لە بابەتی ئەوانە جێدەگرن. جیهانی ئیسلام لە ئیندۆنیزیاوە تا مەڕاکش بۆ نارەزایی دەربڕین دەربارەی چەند وێنەیەکی کاریکاتۆری سەبارەت بە موحەمەد پێغەمبەر ڕاپەڕی کە بە ئاشکرا ئەو جۆرە کردەوە توندوتیژیانە نیشاندەدات کە هەمووی زۆر ئاسایی بن

١١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٠

-------

## کوردەکان و مافی گەلان لە بڕیاردانی ئایندەی خۆیان

(بەشی سێیەم)

**بەراوردەکان:**

ئەورۆ 207 دەوڵەتی سەربەخۆ هەیە. لە یارییە ئۆڵپییەکانی ساڵی 2004 دا لە ئەسینا 204 وڵات بەشداریان تێدا کرد. ئۆڵمپییەکانی ساڵی 2008 لە پەکین 206 بەشدار بوون تێیدا. لە 207 دەوڵەتی سەربەخۆدا 192 ئەندامن لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

دەیان دەوڵەت هەیە کە دانیشتوانیان لە ملیۆنێک کەمترە. بۆ نموونە، لۆکسیمبۆرگ، قوبرس و ماڵتا کە دەوڵەتانی ئەندامن لە یەکێتی ئەوڕوپا.

**سلۆڤینیا، ئیستۆنیا و لیتوانیا دەوڵەتی سەربەخۆن و دانیشتوانیان بە ژمارە لە دەوروبەری ٢ – ٣ ملیۆنە.**

سەرەڕای ئەو ژمارە زۆرەیان کە ڕاستییەکە کوردەکان تەنانەت ستاتۆیەکی لاوەکیشیان نییە کە دەریدەخات سیستەمی جیهانی چەندە نادادپەروەرە لە هەڵسوکەوتیاندا لەگەڵ کوردان و پەرایزکردنیان لە ڕێگای کۆمەڵەی نەتەوەکاندا ساڵانی 1920 ە کاندا کە ئەنجامدرا.

ئەندۆرە، سان مارینۆ، مۆناکۆ و لیچتێنستن ئەندامن لەو 53 ئەندامەن کە ئەنجومەنی ئەوڕوپا پێکدێنن. دانیشتوانی هەریەک لەو چوار دەوڵەتە بە ژمارە 40 تا 50 هەزارە. ئەمەو ئەو دەوڵەتانە لەگەڵ ئەم دانیشتوانە کەمەیاندا دەوڵەتی سەربەخۆن، لەو کاتەی لە خۆرهەڵاتی ناویندا 40 ملیۆن لە کوردان تەنانەت ستاتۆیەکی سیاسی کەم بایەخیشیان نییە کە دەبێ ببیتە ڕوخسارێکی گرنگی سیستەمی نێودەوڵەتی لە جیهاندا.

لە وڵاتانی یەکێتی ئەوڕوپا تەنیا ئەڵمانیا، فەڕەنسا، ئیتاڵیا. ئینگلتەرە و ئیسپانیا دانیشتوانیان لە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زیاترە. ڕەنگە پۆڵەندە دانیشتوانی بەقەد دانیشتوانی کوردانی خۆرهەڵاتی ناوینبێ. دانیشتوانی ئەوانی دی لە زنجیرەی دەوڵەتانی ئەندام لە 5 تا 10 بۆ 15 تا 20 ملیۆنە. بارودۆخەکە پێکچوونێکە لەگەڵ ئەندامێتی لە ئەنجومەنی ئەوڕوپا دا.

لە دەوروبەری 160 هەزار تورک لە قوبرسدا هەبوون پێش ئەوەی 1974 ناوی لێبنرێ "سەرەتای ئاشتی" (داگیرکردنی دوورگەکە لەلایەن هێزە تورکییەکانەوە). لە "ئاشتییە سەرەتاییەکەوە" تورکیا بە بەردەوامی بۆ نیشتەجێبوون تورکەکانی ڕەوانەی وێندەرێ کردییە. ئێستا نزیکەی 200 هەزار تورک لە دوورگەکەن. لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان،

ئەنجومەنی ئەوروپا، ئەکێتی ئەوڕوپا، کۆنگرەی دەوڵەتانی ئیسلامی هەروەها لە پەیوەندییە دوولایەنەکانی یەک لایەنەکانی لەگەڵ حکومەتە جۆربەجۆرەکاندا، تورکیا دەیەوێت و مەبەستی داننانە بە کۆماری تورکی وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەری لە باکووری قوبرس دا.

ڕاستییەکە ئەوەیە کە تورکیا پاڵپشتی لە سەربەخۆیی تورکە قوبرسییەکان دەکات و پەیڕەوی سیاسەتەکانی نکۆڵیکردن و تاوانەوەی بەزۆرە ملی پەیوەست بە کوردەکان دەکات هۆکارێکی گەلێک گرنگە کە بە پێچەوانەوە کاردەکاتە سیاسەتی دەرەوەی تورک.

**مەودا ئەخلاقییەکە و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان:**

گوتراوە کە لە نێو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت بە پلەی یەکەم دێت. وا دەریدەخات کە بەرژەوەندی تایبەتە پاڵبە دەوڵەتانەوە دەنێت بۆ ناو کاروبارە دەرەکییەکانەوە کە ئەوەش ئاشکرایە. لەگەڵ ئەوەشدا پێویست دەکات هەندێ مەسەلەی ئەخلاقی پارێزراوبێت.

سەرەڕای ئەوەش خەباتی کوردەکان و قوربانیدانیان بۆ زیاتر لە 200 ساڵی ڕابردوو لە پێناوی ئازادیاندا و هەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیاندا. دەوڵەتانی ئامێژە پێکراوی پێشتر ئەو جۆرە قوربانیانەیان نەداوە. ئەوە گرنگە دیاری بکرێت کە دەوڵەتانی ئاماژە پێکراوی پێشوو بەرهەڵستی و ڕێگری نەبووە لە مافی دامزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خاوەن سەروەریدا.

یاسای جیهانی تەنیا بەرهەڵستی کوردەکان دەکات لە داخوازیان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا. ئەوە گرنگە تەئکید بکرێت کە ڕێسا ئەخلاقییەکان ڕێزیان لێنەگیراوە کاتێ بەرەو کێشەی کوردەکان و کوردستان دێن. ئایا بێدەنگی جیهان لە ڕووی ئەو جینۆسایدەی تاقیکرایەوە لە باشووری کوردستان ئەخلاقییە؟

ئایا ئەخلاقییە بۆ جۆرەها حکومەتەکان پێدانی سەددام حوسەین کەرستە خاوەکان و تەکنۆلۆژیا بۆ بەرهەم هێنانی گازی ژەهراوی؟ ئایا نیشانەی پرەنسیپی ئەخلاقییە کە زۆر لە حکومەتەکان وەک ئامۆژکار و ڕاێژکاران لە بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی چەکە کیمیاوییەکاندا کە کاریان دەکرد؟

سەرەڕای ئەوە، لەو کاتەدا کۆنگرەی دەوڵەتانی ئیسلامی کۆبوونەوەی لە کوێت هەبوو. ئایا بێدەنگی کۆنگرەی دەوڵەتانی ئیسلامی لە بەرامبەر جینۆسایدی دژ بە کوردەکان ئەخلاقییە لەو کاتەی پێوانە سەرکوتکردنەکانی دژ بە کەمایەتی تورک لە یۆنانستان و گۆڕینی ناوی تورکەکان لە بولگارستان تاوانبار دەکات؟

هەروەها لێرەدا لە فەرمانڕەواییکردنی کوردەکان ڕێزگرتن لە پرەنسیپ بوونی نییە. لە جێگایەک کاتێ پرەنسیپ

وازیلێدەهێنرێ، ئەوە بێشک لە توانا دا نییە قسە لە فەرمانڕەوایی یاسایی و دادپەروەری بکرێ.

لە ژێر بارودۆخی وەهادا، بەرهەڵستکردنی زوڵم و زۆرداری و نادادپەروەری خودی خۆی ئیسپاتی دەکات کە مافێکی جەوهەرییە.

یەکێتی ئەوڕوپا و ئەنجومەنی ئەوڕوپا بڕیارێکی دیاریکراوی چارەسەرەکانیان داوە کە پەیوەستە بە کوردەکانەوە. ئەو چارەسەریانە نیشانیدەدات کە "کوردەکان دەبی دڵخۆش بن بە هەندێ مافەکانی تاکەکەسی لە نێو سنوورەکانی ئەو دەوڵەتانەی کە تێیدا دەژین. دەوڵەتە تایبەتمەندەکان دەبی پارێزگاری لەو مافانە بکەن. بۆچوونەکانیان لە ڕستە دووەمەکاندا دەربڕیوە. ڕستە یەکەمەکان لە جەوهەردا. دەڵێ: "ئێمە دژی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردین لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا. ئێمە دژی گۆڕینی سنوورەکانین لە خۆرهەڵاتی ناوەڕستدا." لێرەدا چەندین لەو جۆرە چارەسەریانە لەلایەن هەردوو لاوە یەکێتی ئەوڕوپا و ئەنجومەنی ئەوڕوپا هەیە. ئەوە گرنگە کە سەرنج بدرێ کاتێ ئەوان پشتگیری لە هەندێ مافە بنچینەییەکان و ئازادییە جەوهەرییەکان بۆ کوردەکان دەکەن، یەکێتی ئەوڕوپا و ئەنجومەنی ئەوڕوپا هەمیشە ئیمتیاز دەدەنە مافەکان و بەرژەوەندییەکانی ئەو دەوڵەتانەی کە پێکەوە کوردستان لە ژێر دەستەڵاتە زۆردارەکانیاندا دەهێڵنەوە. لەلایەکی دی ئەوان کە ئەو دەستە واژەیە "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" بەکاردێنن، ئەوە خۆی بەڵگەیە کە ئەوان تەنیا مەبەستیان کوردەکانە. لەهەمان کاتدا یەکێتی ئەوڕوپا و ئەنجومەنی ئەوڕوپا پێکەوە پشتگیری لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەلەستینی دەکەن و تەنانەت هاندەریشی دەبن. لێرەدا ڕەخنەکردنی ئەو پەیوەندییانە سوودبەخشە. هەروەها وڵاتانی وەک لۆکسیمبۆرگ، قوبرس، ماڵتا، ئەندۆرە، سان مارینۆ، مۆناکۆ و لیچتینستین * واژۆیان لەسەر ئەو چارەسەریانە کردیە کە پێشتر باسیان لێکرا. پاشان گریمان ئەو پرسیارە ئاشکرایە هەیە: ئەو دەوڵەتانەی کە دانیشتوانیان لە دەوروبەری 40 ، 50 هەزارە دەستەڵات و هێز لە کوێ بۆ بڕیاردان لەسەر مافی دوا ڕۆژی کوردان کە زیاتر لە 40 ملیۆن پێکدێنن؟

## قەبارەی ئەو دەوڵەتانە لەوانەیە لە قەبارەی خەڵکی ناو کوردستان بچووکتر بی.

ئایا لێرەدا هیچ پرەنسیپێک لە ناو ئەو پەیوەندییانەدا هەیە؟ دەبی کەسێک چاوەڕوانی کەمترین پێوەر لە پرەنسیپی سیاسی لە کاروبارە نێودەوڵەتییەکاندا بکات ؟ ئەوانە هەمووی بە تەواوی نیشانیدەدات کە سیستەمی نوێی جیهانی کە لە سەردەمی کۆمەڵەی نەتەوەکان و لە 1920ە کاندا دارێژراوە چەندە دژی کوردانە.

سەرنەکەوت لە بنیاتنانی ئاشتی و سەقامگیری لە جیهاندا. کۆمەڵەی نەتەوەکان نەیتوانی ڕێگا لە شەڕی دووەمی جیهان

بگری. لە 1945 دا کارەساتی جەنگی دووەمی جیهان، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرا. بەڵام بۆ کوردەکان هیچ شتێک نەگۆڕا. ئەو بارودۆخە لە 1920ە کاندا دژ بە دەربڕینی خواست و داخوازییەکانی کوردان دروست بوو و پارێزراو دەستی لێنەدرا.

لە ساڵانی 1920ە کاندا، شەڕی شێخ مەحمودی بەرزنجی لە پێناو ڕزگاریدا پرۆسەکەی بەدیارخست. کاتێ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێکهات، جاڕدانەکە ی کۆماری کورد لە مەهاباد لە ڕۆژ ئاوای ئێران وە لە ناوچوونی ڕووخساری پرۆسەکەی نیشاندا.

* وڵاتێکی گچکەیە لە سنووری سویسرا و نەمسایە، دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئەوروپا و ژمارەی دانیشتوانی 35 هەزار کەسە.

١٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٠

-----------

## کوردەکان و مافی گەلان لە بڕیاردانی ئایندەی خۆیان

### (بەشی چوارەم)

### ناسیۆنالیزم ڕەگەزپەرستی:

لە 1960ە کاندا، 1970ە کاندا و 1980ە کاندا، دەکرا بگوترایە ئەفریقیای باشوور دەوڵەتێکی ڕەگەزپەرستی ڕادە بە دەرە لە جیهاندا. هەروەها ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ڕەگەزپەرستی تاوانبار دەکرا. حکومەتە سپییەکەی ئەفریقیای باشوور بە خەڵکە ڕەسەنەکانی ڕادەگەیاند: "ڕەنگی ئێوە ڕەشە. نەکەن تێکەڵی ئێمە بن. پێویستە گەڕەکەکانتان، قوتابخانەکانتان، باسەکانتان، هوتێلەکانتان، شانۆکانتان، باخچەکانتان، قەراغەکانتان هتد لە هی ئێمە جودابکرێنەوە.

بۆ ئەوەی ئەو لێکجوداکردنەوەیە جێبەجێبکرێ، نیشتمانە بەربڵاوەکان پێیان دەگوترا "بانتوستان" کە دامەزراون و بە تێلی دڕکاوی دەورەیان گیراوە. هەر چۆنێک بی، "بانتوستان" ئەو ناوچانە دەگەیەنێ کە خەڵکی ڕەش پێست بە کۆمەڵ تێیدا دەژین. خەڵکە ڕەسەنەکە لەو ناوچانە بەبێ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ سپییەکان بکەن ژیان بەسەر دەبەن.

ژێرخان و خزمەتگوزارییەکانی وەک ڕێگاوبانەکان، ئاوەڕۆ، ئاو، کارەبا و هاتووچۆ لەو ناوچانە تا ڕادەیەکی زۆر لە بار نەبووە. لەم بۆچوونەدا خەڵکە ڕەسەنەکان زۆریان بوونە قوربانی. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوان توانیان پارێزگاری و پاراستنی بەهاکانیان و ئۆتۆنۆمی خۆیان بکەن. خەڵکە ڕەسەنەکە فەرمانڕەوایی خۆیانیان دەکرد، هەروەها لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سیاسەتە هاوشێوەکان دژی ڕەش پێستەکان جێبەجێدەکرا.

قوتابخانەکان، پاسەکان، هوتێلەکان هتد لێکیان جوداکردنەوە. سیاسەتە تایبەتییەکان بۆ هێشتنەوەیان بە گۆشەگیری لێهاتووانە بوو. لە تورکیا، کوردەکان ئەوەیان پێڕاگەیەندرا: "ئێوە لەگەڵ تورکەکان دەژین، بەڵام ئێوە وەک تورکەک سەیر دەکرێن و دەژین. لەم پرۆسەیدا گووتەی، من زمان و کەلتووری خۆم هەیە، قبوڵ ناکرێ. تۆ چانسی ژیان بەسەر بردنت نییە جگە لەوەی وەک تورکەک. ئەگەر تۆ سووربی لەسەر ئەوەی بڵێی، من زمان و کەلتووری خۆم هەیە، تۆ ئێش و ئازارێکی زۆر دەچێژی"....

**ئەوە، هەروەها ڕەگەزپەرستییە، بەدەرخستنێکی جیاوازی ڕەگەزپەرستییە.**

من هەوڵدەدەم کە بڵێم ئەو جۆرە ڕەگەزپەرستییە جیادەکرێتەوە بەوەی کە "تۆ لەگەڵ من ژیان بەسەر دەبەی، تۆ لەگەڵ تورکەکان دەژی و وەک تورکەک تەماشادەکرێی. خراپترین شێوەیە لە ڕەگەزپەرستیدا لەوەی یەکێک بڵێ،

**"تێکەڵاوی من مەبە، لە گەڕەکە جیاکراوەکاندا ژیان بەسەر بەرە ".**

بۆ نموونە، نیلسۆن ماندێلای سەرکردەی (کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقیایی) لە 1990 دا لە زیندان ئازاد کراو لە هەڵبژاردنەکەی 1994 دا وەک سەرۆک هەڵبژێردرا .دی کلارک سەرکردەی ڕژێمی سپی پێستەکان کە 27 ساڵ ماندێلای لە زیندان هێشتەوە بووە جێگری سەرۆک. ئەوە ئاماژەیەکی گرنگە نیشانیدەدات کە ئایدیۆلۆژیای فەرمی لە ئەفریقیای باشوور توانای خۆ گونجاندنی هەبووە. لەلایەکی دی ، بەڕاستی زۆرباش ناسراوە کە ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتی تورک چەندە بێتوانایە لەخۆ گونجاندندا، چەندە دڕندە و توندوتیژە.

هەوڵەکان بۆ هێشتنەوەی گۆڕانی خێرایی کۆمەڵگا و پەیوەندییە سیاسیەکان لەژێر کۆنترۆڵێکی توندی ئایدیۆلۆژیای توندوتیژیدا دراون. بەهۆی ئەوەوە ، بەدڵنیاییەوە سیستەمی سیاسی تورک دیموکراتیک نییە.

واگوتراوە کە لێرەدا ڕەگەزپەرستی یا جوداکاری لە تورکیا دا بوونی نییە، هەر یەکێک لەوانە کوردەکانیش دەتوانن

بەشداری هەر پیشەیەک یان ئیشێک لە خزمەت گوزاری گشتیدا بکەن. کوردەکان دەبنە فەرمانڕەوا، ئەندامی پەرلەمان، پرۆفیسۆر، سەرۆک وەزیران، سەرۆک هتد.... ئەم قسەیە بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵکە. هونەری پەخشان و وتاردانە.
نهێنییەکی ئاشکرایە کە کوردێک دەتوانی بەرەو پێشەوە بچی تەنیا بە هەڵبژاردنی ناسنامەی تورکی ، بەوەی ببیتە تورکەک. بەناسنامە کوردی، کورد ناتوانی بۆ هیچ جێگایەک بچی. تەنانەت کورد لە کاتی لە دایک بوونیدا یەکسەر وەک تورکەک تۆماردەکرێت، وەک هاووڵاتییەکی تورکی. کورد تەنیا بە ناسنامەی تورکی و وەک تورکەک دەتوانی بەشداری لە هەڵبژاردن بکات.

## دوای هەڵبژاردنی وەک ئەندامێکی پەرلەمان، ئەگەر کوردەکە سوور بوو

لەسەر پشتگیریکردنی مافە بنچینەییەکان و ئازادییە بنەڕەتییەکاندا بۆ کوردان، پیاوەکە یا ژنەکە ڕووبەڕووی ئەنجامە مەترسیدارەکان دەبیتەوە. ئەندام پەرلەمانتارەکانی پارتی دیموکراتی دەتوانن دەنگ بدەن و هەڵبژێردرێن بۆ پەرلەمان چونکە ناسنامەکانیان دەڵێ ئەوانە تورکن.

حەسانەیان لە لێپرسینەوە لەسەر هەڵگیرا و زیندانی کران (ئاداری 1994) کە تەنیا جارێک دوای هەڵبژاردنەکەی ئۆکتۆبەری 1991 دا گووتیان ئێمە کوردین و جەختیان لەسەر مافە بنچینەییەکانی کوردان کرد.

لەو چوار چێوەدا و بە پەیوەندی بە کێشەی کوردەوە، زانراوە کە 15 ئەندامە هەڵبژێردراوەکە بۆ پەرلەمان هەموویان پێکەوەو بە جارێک لە دادگاییکردنیاندا حەسانەیان لەسەر هەڵدەگیرێ.

ئەوڕۆ کوردەکان وەک گەلێکی دابەشکراو، پارچەکراو و پەرتووبڵاو کراو لە چەقی ڕۆژهەڵاتی ناویندا سەرقاڵی خەباتی مان و نەمانن. ئەو مافانەی کە بە شتێکی ئاسایی دادەنرێ هەموو خەڵکانی دی دەستیان کەوتییە. مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ بۆ کوردان نکۆڵییان لێکراوە. هەروەها مافەکانی کۆمەڵگای سەرەتایی بۆ پێکهینانی کۆمەڵگای کوردی لە کوردەکان قەدەغەکراون، ئێران و تورکیا زۆر زاڵمانە و بە ڕێگای تووندوتیژی و سەرکووتکردن فەرمانڕەوایی کوردەکان دەکەن.

کوردەکان بە درێژایی فەرمانڕەوایی سەددام حوسەین زۆر بە خراپی هەڵسووکەوتیان لەگەڵ دەکرا. لە سوریا نزیکەی 300 هەزار کورد بێ ڕەگەزنامەن. ئەو کوردانە کە بێ ناسنامەن ناتوانن کڕین و فرۆشتنی شتەکان ئەنجام بدەن، بۆ قوتابخانەکان و نەخۆشخانەکان بچن. ئەوە زانراوە کە لە سەردەمی سەددام حوسەین کە لە دەستەڵاتدا بوو بە چەکی کیمیاوی جینۆساید لە دژی کوردەکان ئەنجامدراوە. ئاشکرایە کە ئەوانەی لە ئێران لە سێدارە دەدرێن گەنجانی کوردن لە

پیاوان و ژنان. ئەورۆ، چیاکانی قەندیل کە گەریلاکانی کردیتیانە پەناگە و پەسێویان ڕۆژێک لەلایەن تورکیاوە و بۆ سبەینێ pkk لەلایەن ئێرانەوە و ڕۆژێکی دی هەردووکیان پێکەوە بۆردوومانیان دەکەن. حکومەتی عیراقیش لەبەرامبەر ئەو بۆردوومانانەدا بێدەنگە، وە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ناڕەزایی دەربڕیوە و شەرمەزار کراون. خەڵکی لەو هەرێمەدا بووینە قوربانی ئەو بۆردوومانە نەخشە کێشراوانە.

لێرەدا لەوانەیە لە نێو حکومەتەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا ناتەباییەکی زۆر هەبی کە بۆ هۆکارە جۆربە جۆرەکان دەگەڕێتەوە. بەڵام، کاتێ کە دێتە سەر کێشەی کورد هەموویان بە تەبایی دژی کوردەکان کاردەکەن. با سەرنج بدەینە کۆبوونەوەکانی نێوان "وڵاتە دراسێیەکانی عێراق". ئەو کۆبوونەوانەی لە دوای 1990ە کاندا و سەرەتای 2000 دا بۆچ مەبەستێک ئەنجامدران ؟ لەچ جێگایەک لە جیهاندا دەزگایەکی لەو بابەتە هەیە؟ ئایا دەزگایەک بۆ کۆبوونەوەکانی وڵاتە دراوسێکانی ئەفغانستان هەیە؟ ئایا یەکێک بۆ دراسێکانی هەنگاریا هەیە؟ بێگومان نا. وە کە ئەجێندای کۆبوونەوەکانی وڵاتانی دراوسێی عێراق پەسند نییە دەبی چەندە دۆستانە بی بۆ کوردەکان. لەبیرکردن وا لە کوردەکان دەکات لەبیربکرێن:

ئێمە دەتوانین لە هەوڵە چڕکراوەکاندا بۆ لەبیرکردن بدوێین و وا لە کوردەکان بکات کە لە بیربکرێن. وا دەردەکەوێت کە کوردەکان کەوتوونەتە داوەوە بەبێ ئاگایی لە پێوەری تووندوتیژیەکان و بە پەراوێزکراوەکان لە 1920ە کاندا. من بڕوام وایە کە ئایدیۆلۆژیای ڕەسمی دەوڵەت داردەستێکی زۆر کاریگەرە بۆلە بیرکردن و وا لە خەڵکانی دیش بکات لەبیربکرێن . لەوانەیە بۆ بەبیرهینانەوە پێویست بی کە ئایدیۆلۆژیای فەرمی دەوڵەت کە ئایدیۆلۆژیایەکی ئاسایی نییە لە دەوروبەردا بڵاوبووبیتەوە. ئەوە بەتەواوی پارێزراوە و بەڕێگای دادگایی زۆردارانە و سزا ئیدارییەکانەوە پارێزگاری لێکراوە. لێرەدا پێوانەیەکی باش هەیە بۆ لەبیرچوونەوە بە پەیوەست بوون بە دابەشکردن، پارچەکردن و پەرتکردن بۆ دەوڵەتە دراوسێکاندا. دروشمی "پەیوەندی برایانە" مەبەستی شاردنەوەی ئەو لەبیرکردنەیە، قۆڵایەکەی زیاتر دەکات و وایلێدەکات زیاتر بڵاوبیتەوە. لەبیرکردنە سەرەتاییەکە بۆ خەڵکانی ئاسایی سنووردار نەکراوە، هەروەها خۆی لە عەقڵی توێژەر و ڕۆشنبیرە کوردەکان بەدیاردێخیت. هەروەها ئەو لەبیرچوونەوەیە دەگاتە لێکۆلەرە ڕۆژئاواییەکان، میدیا و دانشگاکان. زانایان و کەسانی ئەکادیمی ڕۆژ ئاوایی زۆر بە وردی و وشیارییەوە بەرە و ئەوە دەچن کە مامەڵە لەگەڵ بابەتی دابەشبوون، پارچەبوون و پەرتبوونی کوردەکان و کوردستان نەکەن. ئەوان ئەو دارشتنانە "کوردستانی عێراق"، " کوردستانی ئێران"، "کوردستانی سوریا" و "کوردستانی تورکیا" بەبێ سەرنج دان و گفتوگۆکردنی بابەتی دابەشبوون، پارچەبوون و پەرتبوون بەکاردێنن.



سەرچاوە
Serchawe

لێرەدا زۆر سوود بەخشە ڕەخنەگرتن لەو بابەتە بەرێگای چەمکی بەڵگە بابەتییەکان، سیاسییەکان و دیپلۆماسیدا. ئەوە پێویستە ببێتە ئەرکێکی گرنگی ڕۆشنبیرانی کورد، میدیای کوردی، دیپلۆماسی کوردی و سیاسەتەکانی کوردی.
یەکەم و لە پلەی یەکەمدا، کێشەی کورد یان کوردستان کێشەیەکی ویژدانییە. هەموو ئەوانە پێویستە کە ببنە ئەرکی ڕۆشنبیرانی تورک، عەرەب و فارس، خاوەن فکر و دەستبژێری ئەوروپایی، دانشگاکان و ئەندامانی میدیا. یاسا و خەباتی ڕزگاریخوازانە و کوردەکان:

دابەشکردن، پارچەکردن و پەرتکردنی کوردەکان و کوردستان دروستبوونی حکومەتەکانی لێکەوتەوە کە ڕێزیان بۆ هیچ ڕێسایەکی ئەخلاقی نەبووە. جیاوازییەکانیان و دووبەرەکییەکانیان هەرچیی لەسەر کێشەکانی دی، ئەو حکومەتانە کە پێکەوە کوردەکان سەرکووتدەکەن هەمیشە خۆیان ڕێکخستیە بۆ بەکارهێنانی سیاسی، ئایدیۆلۆژی، سەربازی و لێهاتوویی دیپلۆماسی خۆیان بە هەمەهانگی و تەبایی دژ بە کوردەکان. بوونی ئەو جۆرە بلۆکە دژی کوردەکان ڕووە و ئاسانکردنی داپڵۆسین و سەرکووتکردنی کوردەکان دەڕوات. بێگومان ئەوە خواست و داخوازی کوردەکان بۆ سەربەخۆیی گەلێک سەختتر دەکات.

بەرەو ژوور تا کۆتایی شەڕی دووەمی جیهان، ئەو دەستەڵاتانە بەریتانیای مەزن، فەڕەنسا، کۆماری تورکیا، ئێران (فارسەکان) و عەرەبەکان دژی کوردەکان بوون. لە 1960ە کانەوە، ئەو دەوڵەتانەی بەرهەڵستی خەباتی کوردیان دەکرد عێراق، سوریا، تورکیا، ئێران بوون وە حکومەتەکانی ئینگلتەڕا، فەڕەنسا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت پەیوەندییە ئابورییەکان، سیاسییەکان، دیپلۆماسییەکان و سەربازییەکانیان لەگەڵ ئەو وڵاتانە دا هەبوو. لێرەدا لەوانەیە ناتەباییەکان و دووبەرەکییەکانی نێوان ئەو حکومەتانە بۆ زۆر لە هۆیە جۆربەجۆرەکان بگەڕێتەوە.

بەڵام، کاتێ کێشەی کورد سەرهەڵدەدا هەموویان پێکەوە بلۆکێک دژی کوردەکان پێکدێنن. ئەوڕۆ هەرکاتێ ڕووداوێک لەهەر بەشێکی کوردستان ڕوودەدات، ڕووە و ئەوە دەچێت کە کاریگەری ئەرێنی یا نەرێنی لە سەر بەشەکانی دی هەبی وە ئەو حکومەتانەی کە پێکەوە فەرمانڕەوایی و کۆنترۆڵی کوردەکان و کوردستان دەکەن یەکسەر و بێدواخستن کۆبوونەوەکان ڕێکدەخەن بۆ دیاریکردنی پێوەرەکانی ڕووبەڕووبوونەوە دا.


ئاشکرایە کە ئەو بەکۆمەڵ کۆنترۆڵکردنە نابێتە دەست پێشخەری بۆ دادپەروەری و حوکمی یاسا، بەپێچەوانەوە هەستی ماف و دادپەروەری کەسانێک پێشێل دەکات. بەوهۆیەوە مافی ڕەوای کوردە بکەوێتە ناو خەبات لە پێناوی ڕزگاربوون لە زۆرداری و ستەمکاری و پێوەرە دژوارەکاندا . کۆتایی هات



سەرچاوە
Serchawe

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان پۆست - ڕێکەوتی: ١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٠

## دوکتور ئیسماعیل بێشکچی: دوکتور قاسملوو ئابووریناس و ڕووناکبیرێکی مەزن بوو.



**بەشێک لە هەڤپەیڤین : ئازاد کوردی**

د.بێشکچی، دەمەوێ بە بۆنەی ١٩هەمین ساڵڕۆژی تیرۆرکرانی ڕێبەری ناوداری کورد و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دوکتور قاسملوو چەند پرسیار ئاراستەتان بکەم و بۆچوونتان بزانم.

**پرسیار**: وەک ئاگادارن لە ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩ زایینیدا، دوکتور قاسملوو و کاک عەبدوڵڵا قادری ئازەر لەسەر مێزی وتووێژ لە لایەن دیپلۆمات تیرۆریستەکانی ڕێژیمی خومەینییەوە شەهید کران. بۆچوونی ئێوە لەسەر پێشهات و ئاکامی ڕووداوەکە چییە؟

**وەڵام**: بۆنەی ١٩ ساڵەی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، کاک عەبدوڵڵا قادری ئازەر و د. فازڵ ڕەسووڵ بەڕێز و خۆشەویستییەوە وەبیر دێنمەوە. لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، سیاسەتی تیرۆری دەوڵەتی بە شێوەیەکی سیستماتیک بەکار دەبرێت. بەگشتی دەوڵەتی ئێران لە تیرۆر بە دژی ویست و داواکانی کوردەکان لە مەڕ مافی نەتەوەیی کەڵک وەردەگرێت. کاتێک دەنگی گەلی کورد بەرز دەبێتەوە، داوای مافە نەتەوەییەکانیان دەکەن، بە تیرۆریست چاویان لێ دەکرێت و

حسیبیان بۆ دەکرێت. لەبەر ئەوە کاتی کەڤۆناغی تێکۆشانی رزگاری بۆ دەستەبەربوونی مافە نەتەوەیی‌یەکانی گەلی کورد وەدرەنگ دەکەوێ، سەرکەوتن وەدەست ناهێنێ، تیرۆری دەوڵەتی دێتە ئاراوە و ئەو میتۆدە دژێوە بەدژی کوردەکان لە زۆر بواردا بەرێوە دەبرێت. دەوڵەت هەوڵ دەدا بۆ ئەوەی تیرۆری خۆی شاراوە بهێڵێتەوە تیرۆرەکەی لێ ئاشکرا نەبێت، کاتێک کە ئاشکرا ببێت، کورد خاوەن ماف پێشان دەدرێت.

لە ژووئیەی ١٩٨٩ی زایینی دا، لە ڤییەن پێتەختی ئوتریش. لەلایەن بە ناو دیپلۆماتەکانی ئێرانەوە، بۆ چاوپێکەوتن و دیالۆگ، لە شوێن و کاتی داواکراو دا، تێرۆرکردنی لەسەر مێزی وتووێژ، نیشانەیەکی ئاشکرای تێرۆری دەوڵەتە و بەکارهێنانی تێرۆری دەوڵەت، پشتیوانیی بەردەوامی چالاکییە تێرۆریستی‌یەکانە.

دوکتور قاسملوو بۆ بەشداریی کۆبوونەوەی ئینترناسیۆناڵ سوسیالیست هاتبووە ئورووپا. ساڵێک پێشتر لە نێوان رێبەرانی ئێران و PDKI دا بریاری چاوپێکەوتن و وتووێژ لە ئارادا بوو و مەبەستیش چارەسەرکردنی پرسی کورد و وەڵامدانەوە بە ویست و داوا رەواکانی کوردەکان بوو. بە هۆی بیروشکی و بەرچاوتەنگیی رێژیمی ئیسلامیی ئێران لە رۆژی دووهەمی وتووێژەکان دا، لەسەر مێزی دیالۆگ دوکتور قاسملووی ئاشتیخوازیان شەهید کرد و هاورێی دوکتور قاسملوو، عەبدوڵڵا قادری ئازەریشیان تێرۆر کرد و لە رووداوەکە دا د.فازل رەسووڵیش گیانی لە دەست دا.

**پرسیار**: لەسەر میتۆدی بەکار هێنانی تیرۆر بە دژی دوکتور قاسملوو و هاورێیانی بۆچوونتان چیە؟

**وەڵام**: زۆر ئاشکرایە کە لەو رووداوەدا، تیرۆری دەوڵەتی بەکار هاتوە. حکوومەتی ئوتریش، دژی ئەنجامدانی ئەو تیرۆرە دەوڵەتی‌یە کە لەنێو خاکی ئەو وڵاتە بەرێوە چوو. هەڵوێستێکی جیددی نیشان نەداوە. لێپرسینەوە لەسەر دۆسییەکەی بەرێکوپێکی بەرێوە نەبردوە، ئاکامێکیشی وەدەست نەهێناوە. پاشان لەگەڵ تیرۆری دەوڵەتی و پارێزەران و بەرێوەبەرانی تیرۆری دەوڵەتی بوو بە خاوەن یەک هەڵوێست.

لەسەردەمی ئەمرۆ دا، ئەو بەندانەی کە پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکان بەرێوە دەبەن، بەهاو بایەخەکانی وەک مافی مرۆڤ، ئازادی و یەکسانی نین، کەمتر بایەخ بەم چەمکانە دەدرێت. بەداخم کە شتێکی ئەوتۆ لەئارادا هەیە. بەڵام سەرەرای بوونی ئەم راستی‌یە، تێکۆشان بۆ دێموکراسی و ئازادیش بەرەوپێش دەچێت و راناوەستێ.

**پرسیار**: لەسەر کەسایەتیی دوکتور قاسملوو بۆچوونتان چیە؟

**وەڵام**: دوکتور قاسملوو رووناکبیرێکی هێژاو ئابووریناسێکی مەزن بوو. لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان زۆر لێکۆڵینەوەی هەبوو، مرۆڤێکی ئاکادیمیک و زانستی بوو، دژبەری سیاسەتی رژێمی ئێران لەمەڕ چارەسەرنەکردنی پرسی نەتەوەکانی ئێران بوو. بۆیە تەنانەت پێویستیی تێکۆشانی چەکداریی هەڵبژارد. ئەم هەنگاوە بە گوێرەی خۆی سەرنجڕاکێشە و بابەتێکی گرنگ و شیاوی لێ ورد بوونەوەیە.

٢٣ی جوولای ٢٠٠٨

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**خەزەڵوەری ٢٧٢٤ی کوردی = نۆڤەمبەری ٢٠٢٤ی زایینی**

---





سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ بیرمەندی گەورەی تورک ئیسماعیل بێشکچی بۆ نووسین و ئامادەکردنی دیمانە و وتارەکان.**

**هەروەها سپاس بۆ نووسەرانی وتار ودیمانەکان،**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

